

د.حوسێن عوسمان، مامۆستا ل زانکۆیا زاخۆ:

ڕیفڕاندۆم ل باشووریێ کوردستانێ
ژیرانەترین کاریێ نەتەوەییێ سەدیێ بیست و ئێکیێ بوو

# گوڵان


ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٢٧)- (٨)ی ئابی ٢٠٢٢


## دکتۆر محەمەد ئیحسان:

# دوایین دیمەنی پرۆسەی سیاسیی عێراق شەڕی شیعە - شیعەیە

ئەو دەستەبژێرەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا لە دەسەڵاتدان
لەو ئاستەدا نین پێیان بگوترێت دەوڵەتمەدار






# جینۆسایدکردنی فەیلییەکان

## ٢٨

لە پێوەر و پێوانەکانی پەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسایدا، کە لە ٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨دا، لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو بڕیارێکی تایبەت بە ژمارە ٢٦٠ بڵاو کراوەتەوە، دەکرێ کۆی ئەو تاوانانەی لەسەر دەستی حکوومەتەکانی عێراق بەگشتی و بەعس بەتایبەتی دژ بە گەلی کورد کراون، بە جینۆساید بناسرێن، وەک (ئەنفال، جینۆسایدی بارزانییەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنی فەیلییەکان، ڕاگواستنی پشدەر و دەوروبەری، بۆمبارانی قەڵادزێ، ڕاگواستنی سەید سادق، مەخموور، کەرکووک و دەوروبەری، بۆردومانی ئۆردووگای زێوە، کۆمەڵکوژیی ئەشکەوتی دەکان و گوندی سۆریا).

کوردی فەیلی، کە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق نیشتەجێ بوون و لە ڕووی ئایینیەوە پەیڕەوی مەزهەبی شیعەن، لەلایەن دەوڵەتی عێراقی ژێر فەرمانڕەوایی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٦٣وە بە هەموو شێوەیەک کۆمەڵکوژ و ژینۆساید کران. ژێدەر و ئامارەکان ئەوە دەردەخەن و پشڕاستی دەکەنەوە کە بە دەیان هەزار کەس لەم توێژەی کورد قڕ کران و لەناو بران.

هەر یەکە لە سەعدوون شاکر و بارزان تکریتی، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی جینۆساید و لەناوبردنی فەیلییەکانیان دەکرد، دواتر و بۆ ئەم مەبەستە، لە ساڵی ١٩٨٠دا، وەزیری ناوخۆی عێراق فەرمانی وەدەرنانی کوردە فەیلییەکانی لە وڵات دەرکرد. لە فەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی عێراقدا هاتووە: «ئەو ئێرانییانەی لە وڵاتدان و ڕەگەزنامەی عێراقییان نییە، هەروەها ئەوانەش کە مامەڵەیان کردووە و بڕیاریان لەبارەوە دەرنەچووە، دەردەکرێن». بڕیارەکەی حکومەتی عێراق ئەوەشی تێدا بوو:

(لاوانی کوردی فەیلی لە تەمەنی ١٨ تا ٢٨ ساڵ، بگیرێن و لە بەندیخانەی پارێزگاکاندا تا ماوەیەکی نادیار دەستبەسەر بکرێن). هەروەک بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکوومەتی عێراق ئەوەشی دووپات کردووەتەوە: «هەر کەسێک لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیان دا بگەڕێنەوە، تەقەیان لێ بکرێت». واتە بکوژرێن.

# چاپکراوی نوێ



چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ی کتێبێکی تازەی شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس (نەژاد عەزیز سورمێ) بە ناوی (ئێمە کە بە خێرایی شەڕ گەورە بووین) بە بەرگێکی قەشەنگ و لە دووتوێی (٣٠٢) لاپەڕە کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەر دیدی خوێنەرانی شیعرەوە، ئەم کتێبە لە هەڵبژاردن و وەرگێڕانی شاعیرە، کە هەڵبژاردەیەکی دیکەی چەند دەقێکی شیعریی وەرگێردراوە، هەر وەك شاعیر لە پێشەکی بەرهەمەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەڵبژاردن و وەرگێڕانی ئەم کۆشیعرەیش بە هەمان پێوەری کۆشیعرەکانی پێشووە، کە ئەمەیان شەشەمینیانە، لەم بەرهەمەدا نەژاد عەزیز سورمێ هیوا دەخوازێت کە ڕۆح و دنیابینیی شاعیرەکان و شیعرییەتی تێکستەکانی پاراست بێت.

دیارە ئەم کۆشیعرییەش هەڵبژاردن و وەرگێڕانی چەندین تێکستی شیعریی بێگانەیە، بەرایی بە وەرگێڕانی چەندین تێکستە شیعریی شاعیری ناوداری عەرەب عەبدولوەهاب بەیاتی دەستی پێ کردووە، هەروەها بە چەند قەسیدەیەکی خۆشەویستی بۆ خیومار لەلایەن شاعیری ئیسپانی (ئەنتۆنیۆ ماچادۆ) کۆتایی پێ هێناوە، کاك نەژاد لە وەرگێڕانی ئەم کۆبەرهەمەدا کە هۆنراوەکانی (٢٠) شاعیری عەرەب و ئەفغانی و ئەوروپی و بێگانە بە شێوەیەکی گشتی لەخۆ دەگرێت، پشتی بە چەندین سەرچاوەی کتێب و ماڵپەڕ بەستووە.

جێگەی ئاماژە پێ کردنە ئەم هەڵبژاردەیەی شاعیر شەشەمین کۆ شیعرە دوای (نوستووی بەر باران) کە بە دوو چاپ لە ساڵی ١٩٨٠ و ٢٠٠٥ بڵاوکراونەتەوە، هەروەها (شوانی بۆشایی) لە ٢٠١٠ و (چەند نامەیەك بۆ تارانتا بابۆ)- قەسیدەیەکی مالحەمیی نازم حیکمەت بە سێ چاپ و (سترانبێژی شەقام) لە ٢٠١٦ و (خەونمان بۆ زستان دی) لە ٢٠١٨ دا.

نەژاد عەزیز سورمێ لە چەندین بواردا شوێن پەنجەی لە چاپەمەنی و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی و شیعرو وەرگێڕان و پیشانگاکانی کۆلاژدا دیارو بەرچاوە، لەم ڕووەوە بە دەیان بەرهەمی پێشکەش بە خوێنەران و ئەدەب دۆستان کردووە.

دەست خۆشی لە شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس دەکەین.. هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.

# چاپکراوی نوێ




بەرهەمێکی نوێی شیعری شاعیر(بۆتان جەلال) بە ناونیشانی (درەختە تینووەکانی نیشتمان) کە بریتییە لە نامیلکەیەکی شیعریی قەبارە بچووك بە تیراژی (١٠٠٠) دانە چاپ و بڵاوکرایەوە، بەرهەمەکە لە (١٢) دەق پێکهاتووە، دەقی یەکەمیان کە ناوی ناوە(چرکەی شیعری) درێژترین دەقی نێو ئەم کۆمەڵە شیعرییەیە کە بە ئەزموونێکی نوێی شیعری نوێخوازی کوردی ناوزەد کردووە، دەقی چرکەی شیعری لە (٢٣٠) پارچە شیعری سەربەخۆ پێکهاتووە، هەر پارچەیەك مژارێکی ناو ژیانی ڕۆژانەیە، دەکرێ بە جوانترین و بەهێزترین دەقی ئەم بەرهەمە تازەیەی شاعیر لە قەڵەم بدرێت، چونکە هیچ نەبێت جۆرێکی نوێ و سەرنجڕاکێشە و پڕیەتی لە سێکتەری جیاجیای فەلسەفی و ئایینی و سیاسەت و کلتووری.

ئەوەی شاعیران وشیار دەکاتەوە و دەیانخاتە سەر ئەو ڕێگایەی کە هەستکردن بە بەرپرسیاریی مێژوویی و نەتەوەییان لەلا گرنگ بێت، ئاوێتە بوونیانە بە فەلسەفەو زانست و مێژوو و سۆسۆلۆژیاو سیاسی و ئابووری، تێکەڵبوونیانە بە هەموو تاك و کۆی کۆمەڵگە و ئاگاداربوونیان لە خەم و ئازار و ئاوات و ئایندەیانە، یەکێك لە وەزیفەکانی شیعری نوێ ئەوەیە، لە جەوهەریدا پشت لە ڕابردوو لە کەرەستە کۆنەکانی سواو لاساییکردنەوەو هزری چەقبەستوو بکات و ئاراستەی ڕووی بۆ ئایندە و کەرستە نوێ و کاریگەرییەك بێت، بیری نوێ و داهێنانی گەورە، لەپشت خوڵقاندنی بە هەمی گەورەو نایابن.

ژیاندۆستی و خۆشەویستی دوو سێکتەری مرۆڤانەی شیعرەکانی (بۆتان جەلال)ن، کە دوو چاووگی خاوێن و بێگەردن لەو پەڕی باوەڕپێهێنانن، شیعرەکانی ڕێچکەی ناو دڵ دەگرن و عەقڵ و مێشکیش ئاسوودە دەکەن، دەستخۆشی لە شاعیری نوێخواز بۆتان جەلال دەکەین و بە هیوای بەرهەمی تازە.

# چاپکراوی نوێ




کتێبی (ئیمپراتۆرییەتی هەیاس) ڕۆمانێکە لە شێوەی گێڕانەوەی مێژوویی لە نووسینی (د.محەمەد عەلی عوزێری) کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، نووسەر هەوڵی داوە بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی شاری هەولێر دابڕێژێتەوە، ئەم هەوڵەش دەتوانرێت بە چیرۆك یان ڕۆمان یاخود ڕۆژگاری شارێك یانیش یادگاریی بێنازەکانی هەولێر، یان هەر ناوێکی دیکە کە خوێنەر بیەوێت ناوی بنێت، دەکرێ هەموویان بێت لە کاتێکدا و هیچیان نەبێت لە هەمان کاتدا.

هەیاس و بێنازەکان باسی خۆشەویستیی هەولێرمان بۆ دەکەن، باسی دوورکەوتنەوەیان لە هەولێرو هەولێرییەکان دەکەن، بێنازەکان بە زمانێکی سادەو ساکار گلەیی و دڵخۆشییان لەناو کوچەو کۆڵانەکانی هەولێر دەگێڕنەوە. هەروەك نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەی پێ دەکات نووسینەوەی ماجەرای یەك شەوی بێنازەکانی هەولێر، گەڕانەوەیە بۆ سەردەمێکی جوانی شار، بۆیە هەروەك دەڵێت: خوێنەری ئەم کتێبە ئەگەر هەولێرییش نەبێت، بە خوێندنەوەی (ئیمپراتۆرییەتی هەیاس) دەتوانێت هەولێر وردتر بناسێت و بزانێت خەڵکی ئەو شارە چۆن ژیاون.

دکتۆر عوزێری لە ڕووی داڕشتن و بەکارهێنانی شێوەزاری هەولێرییانە لە بەرهەمەکەیدا زۆر سەرکەوتوو بووە، ئەو بەو شێوەزارەی نووسیوە کە خەڵکی شارەکە قسەی پێ دەکەن، دیارە مەبەستی نووسەریش لێرەدا ئەوە بووە کە خوێنەران بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمە زێڕینەکەی شار و لەبیر نەکردنی مۆرکە ڕەسەنەکەی شێوەزاری دانیشتووانی هەولێر، کە شارێکی کوردستانە و موڵکی هەموو نەتەوەکانە، هەولێرییەکان خۆیان نەتەوەن، حەوت هەزار ساڵە ژیان لەو شارە هەیە، هەموو زمان و ئایینی سەر زەوی لێی تێپەڕیوە، هەولێرییەکان نەتەوەیەکیان نییە، هەموو زمانەکان زمانی ئەوانە، هەموو ئایینەکانیش پێشتر ئایینی ئەو شارە بووە.

پیرۆزبایی لە دکتۆر محەمەد عەلی عوزێری دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە جوانە کە یەکەم جارە بەم شێوەیەو بەم شێوەزارە هەولێرییە ڕەسەنە ڕۆمانی گێڕانەوەی مێژوویی شار بنووسرێت، هەوڵ و ماندووبوونی دیارو بەرچاوە، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




## دکتۆر محەمەد شوکری :



**لە کابینەی نۆیەمدا ١٢١٢ پرۆژەمان پەسەند کردووە کە ٢٩٨یان بازرگانی و ٩١٤شیان پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و سێکتەری دیکە بوون**

## هۆشمەند ڕەفیق :



**کابینەی نۆیەم سەلماندیی کە حکومەتی خەڵک و هاووڵاتییە**

## پ.د.عیرفان ڕەشید شەریف نەقشبەندی



**مەلای کورد شوناس و پێگە و تایبەتمەندی و هەڵویست و خزمەت**

## مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی



**کابینەی نۆیەم و خزمەتکردن و بەرەوپێشبردنی ڕەوشی ئایینی لە هەرێمی کوردستان**

## جەیمس هێنری :



**پێشبینیی درێژەکێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکرێت**


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

بەشار کیکی :

## لە عێراقدا لە بنەڕەتەوە دەستوور جێبەجێ نەکراوە، کەچی باسی هەموارکردنەوەی دەستوور دەکرێت



تینا فارس :

## ئەگەر گرنگی بەم یارییە بدرێت یاریزان و ئەستێرەی زیاتر دروست دەبێت




## لە پێناو گونجانی یاسای باری کەسی لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم داوای هەموارکردنی یاساکە دەکرێت




ناسکە ڕەسووڵ:

## هەر کەسێک بەهرەیەکی هەیە، پێویستە بە هەدەری نەدات و گەشەی پێ بدات



## پرۆگرامێکی گرنگی گوگڵ بۆ تەندروستی و چالاکی جەستە




## قەڵەوی هۆکارە بۆ نەزۆکی ئافرەت



## هەندرێن خۆشناو لە دوو دیداری نێودەوڵەتیی کاریکاتێردا بەشداری دەکات





## ڕیفڕاندۆم ل باشوورێ کوردستانێ

# ژیرانەترین کارێ نەتەوەییێ سەدێ بیست و ئێکێ بوو



**د.حوسێن عوسمان عەبدولڕەحمان**
زانکۆیا زاخۆ – فەکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی- پشکا زمانێ کوردی
بو گولانێ یێ نڤیسیی

هەلبەت هەردەم پرسیارکرن، باشترین ڕێکە، بۆ گەهشتن ب ئەنجامان. گۆتنەکا مەزنان لسەر ئەڤێ چەندێ یا هەی، کو دبێژیت: «پرسیارکەر بە، دا زانا بی.» لەوڕا پرسا ڕیفراندۆم، وەک پرسەکا نەتەوەییا زۆر گرنگ، وەک ڕاپرسییەکا گشتگیر و هەمە لایەنە، گشت چین و تەخێن جڤاکی ب هەڤڕا و ب ڕەوشەنبیری و تێگەهشتن و ئاستێ هزرییا خوە، لدور بابەتەکێ نەتەوەیی کومکرن و ب هەڤڕا بەرسڤا ئەوێ پرسیارێ دان.

کەواتە، باشترین ڕێکا بڕیاردانا هەر کارەکێ گرنگ و نەتەوەیی، ڕاپرسییە؛ چونکی پێدڤییە ئەو پرس، ژ گەلەک گۆشەنیگایانڤە، ژ لایێ گەلەک زانا و بیرمەندانڤە، بهێتە دیتن، خواندن و هەلسەنگاندن. چونکی هیچ کارەک بێی هەلسەنگاندن و شرۆڤە و ڕاڤەکرنێ، بەر ب ئەنجامێن باش ناچیت و دێ گەلەک لاواز بیت.

هەر لسەر ئەڤی بنەمای دێ شێین بێژین، ڕیفڕاندۆم ل باشوورێ کوردستانێ، بەرعاقلترین و ژیرانەترین کارێ نەتەوەییێ، سەدێ بیست و ئێکێ بوو. چونکی دوژمنان هەتا بەری هینگێ هیچ هزرەکا مەزن بۆ باشوورێ کوردستانێ نەدکر و هیچ بهایەک نەددا کوردان، لێ پشتی هینگێ ئەو بووینە پرسا سەرەکییا ئەوان د گشت جەمسەرێن ئابووری، سیاسی، جڤاکی... هتد. چونکی ئەوان، کورد گەلەک لاواز ددیتین و ل ئاستێ کارێن مەزنێن وەکی ڕیفڕاندۆمێ نەددیتین و ئەڤ ڕیفڕاندۆمە شۆکەک بوو کو ب جەسەدێ ئەوان کەڤتتی و ئەو ژ خەون و خەیالا چەندین سالان هشیارکرن، لەوڕا گەهشتنە ئەوێ باوەرییێ کو ب تنێ کورد د خەباتا چیاییدا دەستهەل و چەلەنگ نینن، بەلکو د ناڤ باژێراندا ژی دێ شێن ب کارێن مەزنێن وەکی دەنگدان، پەڕلەمان، زانکۆ و ڕاپرسییا گشتگیرا نەتەوەیی، بەرەڤانییێ ژ دەستکەڤتێن خوە یێن نەتەوەیی بکەن و پێنگاڤ پێنگاڤ خوە ل دەولەتبوونێ نێزیکتر بکەنەڤە.

گرنگترین خال د ڕیفڕاندۆمێدا، ئێکگرتنا نەتەوەیی بوو، چونکی وەک ئەنجامەک بۆ شۆڕەشا ئەیلوولێ و گولانێ، و گەهشتن ب هۆکارێ سەرهلدانا ئەوان شۆڕەشان، و خەونا



ئازادی و رزگاربوون ژ ژێردەستییێ و ژیانا ب سەربلندی، لژێر ئالایێ پیروزێ کوردستانێ بوویە.

هەلبەت ئەڤ ئازاد ژیانە، خەونەکا هەمەلایەنی بوویە، لەورا دەمێ باس ل خالا رزگاربوون ژ دەستێ داگیرکەران، هاتە د پرسا ریفراندۆمێدا، هەمیان پێکڤە، ب هەمی دەنگ و رەنگ و زمان و ئایین و نەتەوەیێن جۆراوجۆر، ب هەمی ئاستێن تێگەهشتنێن خوەڤە، پشکداری د ئەڤێ راپرسییا نەتەوەییدا کرن.

هەلبەت هەمی دەمان ئەڤ مللەتە د پرسێن خوە یێن نەتەوەییدا، ئێککگرتی بووینە و ژ بۆ ئەڤێ چەندێ ژی ب هزاران گەنج و لاو و پیر، ب رەگەزێ نێر و مێڤە، گوری ئاخا پیروز کرینە. زێدەباری هندێ کو د گشت نەخوشییاندا ژی ئەڤ مللەتە ب هەڤرا پشکدار بووینە و دوژمنی د ژناڤبرنا ئەڤی نەتەوەییدا؛ پرس ب ئایین، ژی، رەگەز، هزر و رەنگێن جۆراوجۆر نەدکرن و هەمی ب ئێک چاڤ ددیتن و درێغی د ژناڤبرنا ئەوان مرۆڤ، دارستان و گوند و ئاژەل و ئاخا پیروزا کوردستانێ نەدکرن. لەورا د پرسا ریفراندۆمێدا ژی، هەمی ب ئێک دەنگ و ئێک هزر لسەر سندوقێن دەنگدانێ، ب ئامادەبوونا نوینەرێن دەولەتێن بیانی و (UN)ێ، ل پرسا سەربخۆییا خوە کرنە خودان.

خانی دەمێ باس ل کوردان دکەت، دبێژیت:

هەر میرەکێ وان ب بەزلێ حاتەم
هەر مێرەکێ وان ب رەزمێ رۆستەم

خویایە د هەر شۆرشەکێدا، تاکێن ژیر پلان دانەرن و تاکێن بوێر و نەترس، هۆکارێ سەرکەڤتنانن. هەلبەت هەر لسەر ئەڤی بنەمای، ژیری و بوێرییا بارزانی بوو ئەگەرێ سەرکەڤتنا پلانا ریفراندۆمێ. بێگومان ئەڤ چەندە ژی هەر ژ دەستپێکێ و د رابەرییا شۆرەشێدا هاتبوو دیتن و سەلماندن.

زێدەباری ئەڤێ چەندێ، فەرە بێژین کو پێدڤییە ب گرنگی باس ل رۆلێ گەلێ کوردستانێ ژی بهێتە کرن. چونکی خەلکێ ئاسایی، سەرەرای ژیری و ئازایەتییێ، پتر گرنگییێ ب باوەری و لێبووردەییێ دکەن و بارزانی ژی ب درێژاهییا ژیانا خوە و ل گشت پرەنسیب و بریارێن خوە

پێن نەتەوەیی لا نەداینە و هەر ژ ئێکەم دروشمێ (یان کوردستان یان نەمان) هەتا نهو یێ ژ بۆ کوردستانێ و کوردستانییان خەباتێ دکەت و هیچ کەسەک نەشێت نکۆلیێ ژ ئەڤێ چەندێ بکەت و یێ بوویە جهێ باوەرییا خەلکی؛ لەورا گشت خەلکێ کوردستانێ لسەر بنەمایێ ژیری، باوەری، لێبووردەیی و ئازایەتییا بارزانی، بەر ب هزرا ئەویڤە چوون و گشت کوردستانی، بوونە تەواوکەرێن پلانا نەتەوەییا بارزانی.

ئەگەر باس ل حزبێن سیاسی بکەین، زۆر ب روونی دیار دبیت کو ئەوان ژی ب درێژاهییا کارێن خوە یێن حزبی سیاسی، لگەل سەرۆکێ (پ.د.ک) گەهشتبوونە ئەوێ باوەرییا خەلکێ کوردستانێ گەهشتینێ؛ لێ ژ ئەڤێ چەندێ گرنگتر هەبوونا هێزا خەلکی ل پشت بارزانی، بوو ئەگەرێ هندێ کو د پرسا نەتەوەییا ریفراندۆمێدا، پالپشتییا بارزانی بکەن. هەرچەندە رەنگە هندەک کەسێن د حزبێن دیتردا ژی ئەڤ هزرە هەبوویە، لێ چونکی جهێ باوەرییا خەلکی نەبووینە و ئازایەتی و بوێری ژی لدەڤ نەبوویە، نەشیایە ئەڤێ پرسێ باسبکەت یان ب راگەهینیت.

لەورا دێ شێین بێژین، بهێزترین چەکێ هەر حزب یان حکومەتەکێ، هێزا خەلک و جەماوەرییە، کو بێگومان بارزانی خودان ئەڤی چەکێ ب هێز بوو، و شیا ب دروستی مفای ژ ئەڤی چەکی وەربگریت و بارزانی شیا ب ئەڤێ چەندێ خەونا خانی، دەمێ دبێژیت:

گەر دێ هەبوا مە ئتتفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئنقیادەک
رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەرا دکر غولامی

بهینیتە دی و وەک سەرکردەکێ ئازا و چەلەنگ، گشت حزبان لدور پرسەکا گرنگا نەتەوەیی کوم بکەت و ب ژیرانە بگەهینیتە لێوارێن ئارام و تەنا.

ئەگەر بەرێ خوە بدەینە ریفراندۆمێن گەلەک دەولەتان وەکی: (سوئیس ٢٠١٤)، (دانیمارک ٢٠١٥)، (ئیتالیا ٢٠١٦ ) و (بریتانیا ٢٠١٦ ) زۆر ئاسایی و بێی هیچ ئاریشەیەکا نێڤدەولەتی بریڤە چوو، لێ یا باشوورێ کوردستانێ و بریاردان لسەر چارەنڤیسا خوە، بۆ دەولەتێن دەورووبەر و بۆ زلهێزان هیچ ئاسایی نەبوو و فشارێن ئابووری و عەسکەری ئێخستنە سەر کوردستانێ.

بێگومان هەر لسەر ئەڤی بنەمای، پشتگیرییا گەلێن ئازادیخوازێن جیهانێ ژ گرنگترین خالێن ئەڤێ پرۆسێسێ بوو، چونکی ب پشتگیرییا ئەوان نەتەوان، پرسا ریفراندۆمێ دا گەهیتە ئەنجامێن خوە یێن سەرەکی کو ئەو ژی سەربخۆیی بوو، لێ ب مخابنیڤە ژ بەر بەرژەوەندییێن خوە و ترس ژ زلهێزان، بوو ئەگەرێ هندێ کو گشت ئەو گەلێن ئازادیخواز، بەر ب حەز و مافێن رەوایێن نەتەوا کوردڤە نەهێن و د نەخۆشترین دەمێن خوەدا، ئەو ب تنێ هێلان.

هەرچەندە گەلەک جاران، د درێژاهییا دیرۆکێدا، کورد یێن ماینە ب تنێ و هیچ کەسەکی خوە ل پرسێن نەتەوەیێن ئەوان نەکرینە خودان و پشتا کوردان نەگرتینە، لێ کوردان هیچ دەمەکی ل پرسین گرنگێن نەتەوەیێن خوە پاشگەز نەبووینە و ب رژدی لسەر خالێن گرنگ راوەستیاینە و خوە بۆ دوژمنێ خوە نەچەماندیینە. بێگومان بارزانی ژی ئەڤ چەندە دزانی و وەک سیاسییەکێ مەزن، هەست ب هەبوونا بەرژەوەندییان د سیاسەتێدا کربوو، لەورا ئەوان دەولەتان بەرژەوەندییا خوە پاراستییە و ژ ئەوێ گرنگتر ژی ترسا دوژمنان ژ هێز و پاشەرۆژا کوردان بوویە، چونکی باشوورێ کوردستانێ، وەک تەنها پشکا سەربخۆییا کوردساتانا مەزن، ب سەنتەرێ نەتەوەیێ گشت کورد و کوردستانییان دهاتە هژمارتن، لەورا ب توندی ل هەمبەری ئەڤێ پێنگاڤێ راوەستیان و راستەوخۆ و بێی دیبلۆماسییەت دژایەتییا باشوورێ کوردستانێ کرن و وەکی بەرێ، هزر د داگیرکرنا سەربازییا کوردستانێدا کرن، لێ ب پشتەڤانییا خودێ و خوەگووریکرنا پێشمەرگەییان ئەڤ پیلانە سەرنەگرت.

دەرەنجامێن شۆرەش، شەهید، نەکسا (١٩٧٥)ێ، ئەنفال، کیمیا باران، راپەرین، ئاوارەیی، برینا قووتێ خەلکی، ...، هتد، و جۆرێ سەرەدەریکرنا هێزێن بیانی، هەمی بوونە ئەگەر کو ب هیچ رەنگەکی پشتا خوە ب هێزێن دەرەکی گەرم نەکەین.

هەروەسا هەر وەکی بەری نوکە مە ئاماژە پێدای، ژیری و ئازایەتییا بارزانی و ئەو سۆزا دایە خەلکی ژی بوو ئەگەرێ هندێ کو ئەڤ پرۆسێسە ب دروستی بهێتە ئەنجامدان و فشارێن

دەرەکی ژی هیچ کاریگەرییەکێ نەئێخنە سەر ئەڤێ پرۆسێسێ.

هەلبەت خویایە کو دیرۆک هەر دووبارە دبیتەڤە و ئەڤ دووبارە بوونە ژی بۆ ئەوان کەسێن های ژێ نەبیت یان دیرۆکا خوە نەخوینیت، دەرئەنجامێن ئەوێ دێ گەلەکا ب ئێش بیت. زێدەباری هندێ کو گشت زلهێزان، ب درێژاهییا دیرۆکێ سۆز و پەیمان پێ داین کو دێ لگەل دۆزا رەوایا مللەتێ کورد بن، لێ هەرجار بەروڤاژی ئەڤێ چەندێ پێ سەلماندین و ب گشتی نەماینە جهێ باوەرییا سەرکردێن سیاسی و چین و توێژێن رەوشەنبیر و خەلکێ ئاسایی. لەورا گشت خەلک ب سیاسییانڤە پشتگیرییا پرسا نەتەوەییا خوە کرن و د ئەڤێ کاریدا ژی سەرکەڤتن.

هەلبەت ئەڤ چەندە ژی گرێدایی، شۆرەشێن بەری هینگێ بوویە، ب رەنگەکی کو باب و باپیرێن مە ژ بۆئازادی و ژیانەکا خوەش بۆ زارۆکێن خوە، شۆرەش و سەرهلدان کرن، مە ژی بۆ نڤشێ بهێت و سەربخۆییا گشتگیرا ئەوان ریفراندۆ ئەنجامدا.

سەبارەت ئەڤێ چەندێ کو گرنگییا پشکدارییا خەلکێ گشت دەڤەرێن کوردستانێ د پرسا ریفراندۆمێ چەندە، فەرە بێژین کو ب هیچ رەنگەکی نابیت ئەم بکەڤینە ژێر کاریگەرییا سنوورێن دەستکردێن دوژمنێن خوە، زێدەباری هندێ کو خەلکێ دەڤەرا ماددا (١٤٠) برایێن مە و خەلکێ رەسەنێ کوردستانێنە و ئەگەر نوکە ژ بەر هەر هۆکارەکێ سیاسی کەتبیتە دەستێ دوژمنان، دێ رۆژەک هێت، ب شانازیڤە دێ هێنە د هەمبێزا دەولەتا کوردیدا و نابیت ئەڤ سنوورێن دەستکرد بمینن و مەرەما سەرەکییا ئەڤێ راپرسییێ ژی هەر همان تشتە. بێگومان ئەگەر ب گشتی بەرێ خوە بدەینە ئەڤان دەڤەران فەرە بێژین کو پێدڤییە ئەڤ پارێزگەهە ژی راستەوخۆ ب هەولێرێڤە، وەک پایتەختێ حکومەتا هەرێما کوردستانێڤە بهێتە گرێدان.

ئەگەر بەرفرەهتر لسەر ئەڤێ خالێ براوەستین، دێ بینین کو دوژمن هەردەم دخوازیت هەرێما کوردستانێ بچوک و بچوکتر لێبکەت، لەورا ژبلی کەرکوکێ وەک دلێ کوردستانێ، فۆکسا ئەوی یا چوویە سەر سلێمانییێ ژی کو ب رێکا عێراق و ئیرانێ، ژ هەرێما کوردستانێ جودا بکەت و هەروەسا ژ لایەکێ دیڤە، تورکیا ژی ب هەجەتا (PKK)ێ، ب هێرشێن خوە لسەر پارێزگەها دهوکێ و گوندێن دەوروبەری ئەوێ، گوندان ڤالا بکەت و خەلکێ گوندان ب ناچاری ل بازێرێ دهوکێ ئاکنجی بکەت. ئەڤێ پارێزگەهێ بچووک بکەتڤە و فشارێن ئابووری و سیاسی و جڤاکی و ...هتد، بێخیتە سەر دەڤەرا بەهدینان.

سەرەرای ئەڤێ چەندێ فەرە بێژین کو مەرەما سەرەکییا ئەڤێ راپرسیێ ڤەگەراندنا گشت مافێن دەستووری و یاسایێن هەر تاکەکێ کورد بوویە، لەورا دێ چەوا چێبیت کو د ئەڤێ راپرسیێدا، ئەو بهێنە ژبیر کرن و ئەو ب خوە بریارێ لسەر پاشەرۆژا خوە نەدەن؟!!

زێدەباری هندێ کو ئەو کەسایەتیێن نەتەوەییێن کوردێن خزمەتا کەرکوکێ و دەورووبەرێن ئەوێ کرین، پتر باوەری لەڤ ئەوان چێکر کو کورد پتر و باشتر ژ نەتەوەیێن دیترێن وەکی عەرەب و تورکمانان، دێ شێت خزمەتا کوردان و کوردستانیێن د ئاخا کورداندا دژین بکەن، لەورا ب گشتی پشکداری ئەڤێ پرسێ بوون و ب بەلێ دەنگدانە ریفراندۆمێ.

فێر بووین کو ب هێزترین چەک، هێزا خەلکییە و نابیت ب هیچ رەنگەکی حکومەت و خەلک ژ هەڤ دوور بن و د دوو جیهانێن ژ هەڤ جودا دا بژین. سەرەرای ئەڤێ چەندێ ئێکگرتنا حزبێن کوردستانی ژی دبیتە ئەگەر کو هێزا کوردان چەند جارەکی زێدە ببیت. هەروەسا ب هیچ رەنگەکی ئەو هێزێن عێراقی و ئیقلیمی و نێڤدەولەتی جهێ باوەریێ نینن و نابیت پشت ب ئەوان ببەستین و پێدڤییە د هەلبژارتنا هەڤالێن خوە یێن نێڤدەولەتی پتر هشیار بین و د دانانا مەرجان لسەر ئەوان هەستیارتر و توندتر لێبهێین. هەروەسا د دروستکرنا لۆبییان ژی پشت ب کەسایەتییێن ئابووری، سیاسیێن خودان بریار د دەولەتێن بیانیدا ببەستین، نەک کەسایەتیێن خانەنشینکری و بێ بریار.

هەروەسا فێر بووین کو پتر رژد بین د پاراستنا سنوور و داهاتێ خوە یێ سەربخۆ، ئازادییا رادەربرین و پەیوەندییێن نێڤدەولەتی و پێکولکرن د بلندکرنا ئالایێ پیرۆزێ کوردستانێ دناڤ هەمی ئالایێن جیهانێدا.

# کابینەی نۆیەم و خزمەتکردن و بەرەوپێشبردنی ڕەوشی ئایینی لە هەرێمی کوردستان

**بەشداریی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێم مەسرور بارزانی لە یادی لەدایکبوونی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی محەمەد دروودی خوای لەسەر بێت، یەکێک بوو لەو هەنگاوە پڕ بایەخانەی دڵی سەرجەم موسڵمانی کوردستانی خۆش کرد**

بەو پێیەی کوردستان هەمیشە لانکەی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بووە و زۆربەی خەڵکەکەی پەیڕەوی لە ڕێبازی ئیسلام دەکەن، بووەتە نموونەیەکی جوان بۆ دونیای دەرەوە لەو سۆنگەوە کە کورد خزمەتی ئایینی کردووە و، فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی بۆ ماوەتەوە و بەو پەڕی هەستی مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەری پەرەی بەو ڕێچکە و ڕێبازە داوە، لەلایەکی دیکەشەوە قەت نەبووە کورد ئایینی بۆ مەرامی تایبەتی و شکاندنی بەهاکان و چەوساندنەوە و ستەم بەکارهێنابێت، ئەمەشە وای کردووە دینداری لە ناو کۆمەڵگەی کوردی وەك هەنگاوێکی کاریگەر و زیندوو بمێنێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی خوێندنەوەیەکی واقیعی و بوونی ستراتیژیی هاوچەرخ بۆ پارێزگاری لە تایبەتمەندیی هاووڵاتیان و هەرێمی کوردستان، هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە لەو بوارەی ڕوانیوە و خزمەتی بەرەوپێشچوونی ئایینی گرتووەتە ئەستۆ، لەوەشدا هەنگاوی گەورەی ناوە و ئامانجیەتی هەمیشە ئەو نموونە جوانەی دینداری و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێو پێکهاتە ئایینیەکانی کوردستان لە گەشە و پێشکەوتندا بێت.

زانایانی ئایینی کە نموونەی چینێکی کارا و کاریگەری نێو کۆمەڵگەن و هەمیشە پاڵپشتی هەنگاوە ئەرێنییەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون و بە هەستێکی کوردانە و ئایینپەروەرانە هەوڵی گەیاندنی پەیام و پەیڕەوێکی دروستی دینداری و میانڕەوی و بە گوتارێکی هێمنانە و دوور لە توندوتیژی و ترساندن و شێواندن خزمەتیان کردووە و لە هەماهەنگیی باشدا بوون لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی بتوانن ئەمڕۆی کوردستان لە دوێنێ و بەیانی لە ئەمڕۆ باشتر و چاکتر بکەن، چونکە ئەوان تەفەهومی واقیعەکە دەکەن و دەزانن کوردستان لە بەردەم تەحەددیی گەورەدایە و پێویستی بە تەبایی و یەکریزیی نێوماڵی کورد هەیە بۆ پاراستن و پارێزگاری لە کیان و نیشتمان.

لە ماوەی ڕابردوو دامەزراوەی فەرمی پەیوەست بە ڕەوشی ئایینی بە پاڵپشتیی حکومەتی هەرێم توانیویانە خزمەتێکی گەورە لە ڕووی دۆخی دیندرای لە هەرێمی کوردستان بێننە کایەوە، بە تایبەت هەردوو دامەزراوەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، هەوڵی بەردەوامیان داوە بۆ ئەوەی پرسی ئایینی و ئیدارەدانی ناوەند و شوێنە ئایینیەکان و هەموو ئەوانەی لە بواری



**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئایینی کار دەکەن، لە چوارچێوەی ستراتیژێکی هاوچەرخ و گرنگیی پێشکەوتن خۆیان ببیننەوە و هەنگاوی تازە بهاوێژن.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە زانایانی کورد و مزگەوت و حوجرە و مەدرەسە زانستی و ئایینیەکانی کوردستان، لەسەر ئاستی ئایینی و نەتەوەیی ڕۆڵێکی شەرەفمەندانە و گرنگیان هەبووە لە خزمەتکردنی گەل و وڵات، کە وەك شانازییەکی گەورە لە مێژوو تۆمار کراوە، ئەمەش لە ناچاری و بە زۆر نەبووە، بەڵکو خەمخۆرییان بۆ کیان و کۆمەڵگە و هەستی نەتەوایەتی، زادەی تێگەیشتنی دروست و پەیامی میانڕەوی و قەناعەتی دینداری بووە، کە بووەتە وزەبەخش و پاڵپشتێکی گەورەی سەرکەوتنەکان و پەروەردەکردنی تاکی کورد لەسەر نەهجێکی پاك و ئاوێتە بە هەردوو هەستی ئایینپەروەری و نیشتماندۆستی.

لەو سۆنگەوە یەکێتیی زانایان هەماهەنگیی تەواوی هەبووە لە گەڵ ناوەندە فەرمییەکان و پێشنیار و هەڵوێستی جوانیشی لە هەمبەر پرس و پێشهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەربڕیوە و حکومەتی هەرێمیش پاڵپشتی تەواوی هەنگاوەکانی کردووە بۆ خزمەتی زیاتری بواری ئایینی لە هەرێمی کوردستان.

لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢١ مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایان لە دیدارێکی تایبەت لەگەڵ ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، چەند پرسێکی گرنگی ئایینی و نیشتمانی و پەیوەست بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و واقیعی ژیانی زانایانی ئایینی و ڕەوشی زانستی و ئەکادیمی تاوتوێ کرد و یەکێ لەوانە بابەتی کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامی بوو، کە وەك پێشنیار خرایە بەر دەستی بەڕێزیان، بە خۆشحاڵییەوە ڕایگەیاند «هەرچییەك بۆ خزمەتی زانایان و ڕەوشی ئایینی پێویست بێت دیراسەی دەکەین و ئەوەی مومکین بێت، بڕیاری بۆ دەدەین».

خۆشبەختانە لە بەرواری ٧ی١٢ی٢٠٢١ لە نووسراوێکی فەرمیدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕاسپارد، کە کاری پێویست بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتیی زانایان و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەنجام بدات، بە مەبەستی دیراسەتکردنی ئەم بابەتە و دیاریکردنی ڕاسپاردە و میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی یەکێتیی زانایان، کە کردنەوەی زانکۆیەکی ئیسلامییە لە کوردستان.

**قەت نەبووە کورد ئایینی بۆ مەرامی تایبەتی و شکاندنی بەهاکان و چەوساندنەوە و ستەم بەکارهێنابێت، ئەمەشە وای کردووە دینداری لە ناو کۆمەڵگەی کوردی وەک هەنگاوێکی کاریگەر و زیندوو بمێنێتەوە**



**یەکێتیی زانایان هەماهەنگیی تەواوی هەبووە لە گەڵ ناوەندە فەرمییەکان و پێشنیار و هەڵوێستی جوانیشی لە هەمبەر پرس و پێشهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەربڕیوە و حکومەتی هەرێمیش پاڵپشتی تەواوی هەنگاوەکانی کردووە بۆ خزمەتی زیاتری بواری ئایینی لە هەرێمی کوردستان**

ئەم هەنگاوە بۆ هەرێمی کورستان و کردنەوەی ئەم زانکۆیە وەك ناوەندێکی ئەکادیمی ئیسلامی، بە دید و تێڕوانینی زانایانی ئایینی لە هەرێم و پەیڕەوانی ئایینی لە کوردستان، ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە بووژانەوەی کەلتوور و ڕۆشنبیریی ئیسلامی بە ئاست و تێگەیشتنێکی دروست و پێویستەوە، هەروەها ئیعتیبار و ڕوویێکی جوانتر لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بۆ کورد وێنا دەکا و دەبێتە فاکتەری خێر لە ڕووی ئەکادیمی و پیشاندانی واقیعی کۆمەڵگە لە ڕووی پاراستن و پەیڕەوکردن و خزمەتکردنی ڕێبازی شەریعەت، هەروەها بەرەوپێشبردنی فەرهەنگ و توراسی ئیسلامی و تەوزیفکردنی چەمکە ئایینییەکان لەسەر ئەو ڕێڕەوەی گەورە زانایانی کورد چوارچێوەیان بۆ دارِشتووە، دواجار دەبێتە پردێکی بەهێز لە نێوان لە باڵاکردنی زانیاری و مەعریفەی ئیسلامی بەخشینەوەی لە خزمەتی کۆمەڵگەدا.

زانکۆیەکی ئیسلامی وەك دامەزراوەیەکی باڵای توێژینەوە و زانستە شەرعی و ئیسلامییەکان، مەودای دەرفەتی خوێندنی ئیسلامی فراوان و زەمینەی لە باوەشگرتنی سەرجەم لق و پۆی پەیمانگا و کۆلێژ و بەشە ئیسلامییەکانی نێو زانکۆکانی کوردستان خۆش دەکات، بە شێوەیەك کە بە کامڵبوون و هەڵکشانی ئەزموونی ئەکادیمی، قوتابیانی دەرەوەش بتوانن ڕووی تێ بکەن و وەك زانکۆکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی جێگەی دیار بێت.

لەلایەکی دیکەوە لەم کابینەیە بڕیاری گەڕاندنەوەی قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە پەسند کراوە، کە بێنەوە سەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە مەبەستی بایەخدانی زیاتر و باشتر بۆ ڕێکخستنەوەی ڕەوشی ئیداری و زانستی و پێگەیاندنی نەوەیەکی تازە بە باکگراوەندی تێگەیشتنێکی کوردانە و میانڕەوانە بۆ ئەوەی لە ئایندە ببنە هەوێنی ئاشتەوایی و خزمەتکردنی ڕێبازی ئایینی لە کوردستان.

ئەمە وێڕای ڕێزگرتن لە بۆنە و یادە ئایینییەکان و بایەخدان بە زانایانی ئایینی



و دروستکردنی مزگەوت و ڕێکخستنەوەی میلاکات و کردنەوەی خول و بەشداریی کۆنگرە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی و کاروباری حەج و یەکخستنەوەی گوتاری ئایینی و تەقدیرکردنی ڕۆڵی زانایانی ئایینی، کە هەمیشە ڕۆڵێکی ئەرێنی و پڕ لە خزمەت و جوامێرانەیان هەبووە و ئامانجی ئەوان تەنیا خزمەت و بەرەوپێشبردنی ڕەوشی دینداری و خزمەتی کۆمەڵگە و جوان پیشاندانی کوردستان بووە.

بەشداریی سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕێزدار مەسرور بارزانی لە یادی لەدایکبوونی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی محەمەد دروودی خوای لەسەر بێت، یەکێك بوو لەو هەنگاوە پڕ بایەخانەی دڵی سەرجەم موسڵمانی کوردستانی خۆش کرد، چونکە ئەم بەشداریکردنە خۆی لە خۆیدا بایەخدانە بە تایبەتمەندی و هەستی دینداری و گرنگیدان بە بۆنە و یادە ئایینییەکانی موسڵمانان لە کوردستان.

لەپاڵ ئەمەشدا دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و ڕێزگرتن لە هەستی دینداران و دەستخۆشیکردن لە زانایانی ئایینی و پاڵپشتیکردنی هەنگاوەکانی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بۆ سەرخستن و بەرەوپێشبردنی ئامانجە ستراتیژی و نەتەوەیی و پیشەییەکانی بەشێکی دیکەی بایەخدانەکانی حکومەتی هەرێم بووە لە ماوەی ڕابردوودا.

بۆیە لە ئایندە و لە پێناو چاکترکردنی دۆخی ئایینی و بە جوان هێشتنەوەی پێکەوەژیانی ئایینی، چاوەڕێی زیاتر لەم کابینەیە دەکرێت، کە بە پشتیوانیی هەموو دڵسۆزان بتواندرێت وەك چۆن لە ڕابردوو بەشێکی شکۆمەندیی شۆڕش و بەرخۆدان و مەشخەڵی نیشتمانپەروەری لە منارە و مزگەوت و گوتاری زانایانی ئایینی سەریهەڵدا و زۆربەی سەرکردە و شۆڕشگێڕەکانیش پیاوانی ئایینی و زانای ئایینی بوون، بە هەمان نەفەس و درێژەدان بە هەمان خەبات و خزمەت هەنگاوی جدیتر بهاوێژرێ و کوردستانی خۆشەویست بەرەو کەناری ئارامی و پێشکەوتن و پاراستنی لە پیلانی دوژمنان بەرین.

**زانکۆیەکی ئیسلامی وەک دامەزراوەیەکی باڵای توێژینەوە و زانستە شەرعی و ئیسلامییەکان، مەودای دەرفەتی خوێندنی ئیسلامی فراوان و زەمینەی لە باوەشگرتنی سەرجەم لق و پۆی پەیمانگا و کۆلێژ و بەشە ئیسلامییەکانی نێو زانکۆکانی کوردستان خۆش دەکات**



**دکتۆر محەمەد شوکری**

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمدا ١٢١٢ پرۆژەمان پەسەند کردووە کە ٢٩٨یان بازرگانی و ٩١٤شیان پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و سێکتەری دیکە بوون

# لە سەرەتای مانگی داهاتوو لە چەند پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆدا دەست بە دروستکردنی یەکەکانی کەمدەرامەتان دەکرێت

**وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا تا دێت ڕوو لەزیاد بوون دەکات. ئامار و داتاکانی ئەم بوارە ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، ئاراستەی وەبەرهێنان لە سێ ساڵی ڕابردوودا جگە لە زیادبوونی قەبارەی وەبەرهێنان بۆ نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار و پەسەندکردنی ١٢١٢ پرۆژە لە ڕووی فرەچەشنکردنی ئابوورییشەوە هەنگاوێکی گەورە نراوە. لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر گرنگترین سێکتەرەکانی وەبەرهێنان و پلان و نەخشەی وەبەرهێنان کرد و هەنگاوەکانی دەستپێکردنی ٢٠ هەزار شوقەشی بۆ کرێچیان ڕوون کردەوە. بۆقسەکردن لەسەر ئەم وەرچەرخانە لە بواری وەبەرهێنان و پەرەپێدانی بەردەوامدا، د.محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا تا چەند توانراوە وەرچەرخانێك لە شێوازی وەبەرهێنان ئەنجام بدرێت؟**

- لەسەر ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی سەرۆکی حکومەت کە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، وەبەرهێنان هەنگاوی گەورە و گرنگی ناوە بەرەو دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان و ڕاستکردنەوەی ئاراستەی وەبەرهێنان و هەمەجۆرکردنی وەبەرهێنان بەتایبەتی لە سێکتەرە بەرهەمهێنەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاریدا، بەمەش ستراتیژیەتی وەبەرهێنان جگە لەوەی کارکردن بووە بەرەو بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێم، کاری گەورەش کراوە بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری تاوەکو هەرێمی کوردستان لە ئابوورییەکی ڕەیعییەوە هەنگاو بەرەو ئابوورییەکی فرەچەشن بنێت، لەم ئاراستەیەشدا هەنگاوی زۆر باش هەڵگیراون، بەڵام گەیشتن بە ئابووریی خۆبژێویی ئەوتۆ کە بتوانین تەنیا پشت بە خۆمان ببەستین و پێویستمان بە هیچ لایەك نەبێت، ئەمەیان لە واقیعی ئێستای ئابووریی جیهان و نێودەوڵەتی و عێراقیدا کارێکی ئاسان نییە، هەمووان دەزانن کۆرۆنا و شوێنەوارەکانی و دابەزینی بەهای نەوت و بڕینی پشکی بودجەی هەرێم لە بەغدا، تەحەددای گەورە بوون لە بەردەم دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان و نەبوونی سیولەی نەختینەیی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی نوێ. بەڵام ئیرادەی سەرۆکی حکومەت و خۆڕاگریی هاووڵاتیانی کوردستان و پاڵپشتیکردنی حکومەتەکەیان بووە هۆکاری سەرەکی بۆ زاڵبوون بە سەر ئاستەنگەکاندا و حکومەت و هاووڵاتی بوونە بنەمای سەرەکیی سەرکەوتنی حکومەت بە سەر ئەو هەموو قەیران و گرفت و گێچەڵەدا. ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنان توانیمان لە ماوەی سێ ساڵی دەستبەکاربوونی کابینەکەدا ئەو ڕێوشوێنانە بگرینەبەر کە ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم وەبەرهێنەران کەم دەکاتەوە

**گەیشتن بە ئابووریی خۆبژێویی ئەوتۆ کە بتوانین تەنیا پشت بە خۆمان ببەستین و پێویستمان بە هیچ لایەک نەبێت، ئەمەیان لە واقیعی ئێستای ئابووریی جیهان و نێودەوڵەتی و عێراقیدا کارێکی ئاسان نییە**

**کۆرۆنا و شوێنەوارەکانی و دابەزینی بەهای نەوت و بڕینی پشکی بودجەی هەرێم لە بەغدا، تەحەددای گەورە بوون لە بەردەم دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان و نەبوونی سیولەی نەختینەیی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی نوێ**

**ئیرادەی سەرۆکی حکومەت و خۆڕاگریی هاووڵاتیانی کوردستان و پاڵپشتیکردنی حکومەتەکەیان بووە هۆکاری سەرەکی بۆ زاڵبوون بە سەر ئاستەنگەکاندا و حکومەت و هاووڵاتی بوونە بنەمای سەرەکیی سەرکەوتنی حکومەت بە سەر ئەو هەموو قەیران و گرفت و گێچەڵەدا**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوەکانی زۆر وڵاتانی بیانی هەیە و هەوڵی جددی دەدەین بۆ ئەوەی سوود لەم پەیوەندییانە وەربگرین و بەهێزی بکەین و پێکەوە کار بۆ ژێرخانێکی پتەوی ئابووریی کوردستان بکەین**

و ڕۆتین و بیرۆکراتیەتی کوشندە ناهێڵێت، ئەمە وێڕای دەرکردنی ڕێبەری وەبەرهێنان و پلانی وەبەرهێنان و ئەنجامدانی توێژینەوەو دیراساتی ورد و زانستی لەسەر ئەو سێکتەرانەی کە ژینگەی سرووشتی و مرۆیی هەرێمی کوردستانی تێدا لەبارە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان و ئێستاش سەرقاڵی دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانین کە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان نەخشەی تایبەتی وەبەرهێنانمان دروست کردووە، لە قۆناغی داهاتووشدا هەوڵەکانمان چڕ دەکەینەوە بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی بیانی زیاتر ڕابکێشینە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وەبەرهێنەرانی ئەمریکی و هیندی و چینی و بەریتانییەکان»، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە بەتایبەتی کۆمپانیاکانی تورکیا و ئێران و وڵاتانی کەنداو، حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوەکانی زۆر وڵاتانی بیانی هەیە و هەوڵی جددی دەدەین بۆ ئەوەی سوود لەم پەیوەندییانە وەربگرین و بەهێزی بکەین و پێکەوە کار بۆ ژێرخانێکی پتەوی ئابووریی کوردستان بکەین، ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی کاری باشی وەبەرهێنانمان بە ڕووی بازرگان و پیشەسازیکاران و سێکتەرە جیاجیاکاندا واڵا کردووە و خۆشبەختانە لە ڕێگەی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت و ژوورە بازرگانییەکانەوە دەرفەتی باشیان لەبەردەمدایە.

*** هەڵبەتە یەکێك لە خاڵەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەم گرنگیدان بووە بە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، تاچەند لەم ڕووەوە هەنگاوتان ناوە لە جێبەجێکردنی ئەم بەشەی کارنامەکەی حکومەتدا تا چەند سەرکەوتوو بوون؟**

- پێش دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی شوێنەوارەکانی شەڕی داعش و بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغدا و پەتای کۆرۆناوە زۆربەی پرۆژەکان ڕاوەستابوون، هەرێم لە ژێر باری بارگرانییەکی قورسدا بوو، لەم بارودۆخەدا وەبەرهێنەرانمان هان دا بۆ دەستبەکاربوونەوەی پرۆژەکانیان و ئاراستەمان کردن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری، لەم ڕووەوە ١٢١٢ پرۆژەمان پەسەند کرد کە تەنیا ٢٩٨ پرۆژەی بازرگانی بوون، ئەوی دیکەی پیشەسازی و گەشتیاری و کشتوکاڵی بوون، زۆربەی هەرە زۆری ئەو پرۆژەیانە لە قۆناغی وەرگرتنی مۆڵەتدان و لەکاتی دەستبەکاربوون و تەواوبوونیان ڕۆڵی گەورەیان دەبێت بۆ دابینکردنی هەلی کار و بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێم و پەرەپێدان و بووژانەوەی کەرتی بەرهەمهێن، لەم پرۆژەیانەش تا ئێستا ٢٠٢ پرۆژە بە سەرمایەی ١٢ ملیار دۆلار مۆڵەتیان پێ دراوە کە ٥٨یان پیشەسازین و ٢٩یان گەشتیارییە و ٢٢ پرۆژەی فێرکردن و خوێندنی باڵایە و ١٤شیان نیشتەجێبوونە و ١٢ پرۆژەشیان تەندروستییە و لە بواری کشتوکاڵیشدا مۆڵەتمان بە ٨ پرۆژە داوە و سێکتەرەکانی دیکەش ١١ پرۆژەن.

*** کەواتە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کە پێشتر ڕێژەیەکی زۆر بەرزی لەناو پرۆژەکانی وەبەرهێنان داگیرکردبوو، ئێستا زیاتر بەرەو پیشەسازی و گەشتیاری و کشتوکاڵی چووین؟**

- من لێرەدا دەمەوێت بابەتێك ڕاست بکەمەوە. وەنەبێت پرۆژەکانی نیشتەجێبوون ڕووی لە کەمی کردبێت، بەپێچەوانەوە لە دەستپێکی کارەکانی کابینەکەدا ژمارەیەکی زۆر پرۆژەمان خستەوە کار و گرفت و کێشەی ژمارەیەکی دیکەشمان چارەسەر کردو مۆڵەتمان بە ١٤ پرۆژەی دیکەش داوە، کۆنفرانس و کۆڕبەندمان بۆ سەرجەم کەرتەکان لە ناویشیاندا کەرتی نیشتەجێبوون کردووەتەوە، ئەمە وێڕای دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کرێچییانەی سوودمەند نەبوون، ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان چەندین بڕیاری دەرکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەبەرهێنان و ڕێنمایی نوێمان دەرکردووە و دەسەڵاتەکانمان دابەزاندووەتە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و بەشی چاودێریی پرۆژەکانی وەبەرهێنانمان کردووەتەوە، پرۆژەکانی نیشتەجێبوونیش سوودێکی زۆری بۆ پڕکردنەوەی خواستی هاووڵاتیان بۆ یەکەی نیشتەجێبوون و بەگەڕخستنی بازاڕی کار و جموجووڵی کەرستەی بیناسازی و بووژانەوەی وڵات هەیە، بەڵام لەم کابینەیەدا پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە

بواری پیشەسازی لە پێشەوەی وەبەرهێنان دێت و هەنگاوی گرنگیش بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری و فێرکردن و تەندروستی نراوە.

*** باسی پرۆسەی دروستکردنی ٢٠ هەزار شوقەی نیشتەجێبوونت کرد. ئایا ئەم پرۆژەیە بە کوێ گەیشتووە و تاچەند لە کاتی خۆیدا جێبەجێ دەکرێت؟**

- ئەم پرۆژەیە لەسەر فەرمان و بە چاودێریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو کرێچییانە جێبەجێ دەکرێت کە هیچ سوودمەند نەبوون لە پرۆژە و یەکە نیشتەجێبووەکانی دیکە، هەر پرۆژە و کارێك بە ناوی بەرێزیانەوە، بێت مومکین نییە رێگا بدەین بە نادادپەروەری و هەروا بەسەر کەسانێکدا دابەش بکرێت کە سوودمەند بوون، بۆیە پرۆژەکە بە پرۆسەیەکی وردی چاودێری و بەدواداچوون و بە شەفافییەت بەسەر ئەو کرێچییانەدا دابەش دەبێت کە موستەحەقن، ئێمە وەکو دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ دەزگای کان و کۆمپانیای تیپسای هاوبەش لە رووی راوێژکاری و ئەندازیارییەوە هاوکار و پاڵپشتی جێبەجێبوونی پرۆژەکەن بە شێوەیەك لە رووی کوالێتی و خزمەتگوزارییەوە لە ئاستێکی بەرز و نموونەیی بێت کە شایستەی کرێنشینان بێت. بەمەش ئێمە لە رووی دیزاین و ئەندازیارییەوە پشتمان بە کۆمپانیایەك بەستووە کە ٤٠ ساڵ ئەزموونی لە چەندین وڵات هەیە و لە ١٠ کۆمپانیا یەکەمەکەی جیهانە لە بواری بونیاتنان و ئەندازیارییەوە. ئامانجی سەرۆکی حکومەت لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کرێچیانەی سوودمەند نەبوون، کەمکردنەوەی بارگرانی سەرشانی ئەو خێزانە کەمدەرامەتانەیە، بۆیە ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی بە دادپەروەرانە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئەو شوقانە بە کوالێتیی بەرز و نموونەیی دروست بکرێن. لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری داواکاریمان بۆ هاتووە و فۆرمیان پرکردووەتەوە کە نزیکەی ١٢٠ هەزار فۆرمە داتابەیسی ناوەکان دراوەتە لێژنەی تایبەت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و خاڵبەندی دادەنرێت کە کێ موستەحەقی وەرگرتنی یەکەی کرێنشینانە، جگە لەمەش پرۆسەی وەرگرتنی زەویمان خێرا کردووە و لە هەوڵی ئەوەداین لە کۆتایی ئەم مانگەدا لە هەرێمی کوردستان لە چەند ناوچەیەك دەست بە دروستکردنی شوقەکان بکەین، دوای تەواوبوونی ئەم پرۆژەیەش قۆناغی دیکەی بەدوادا دێت.

*** پیشەسازی بە شادەماری گەشەپێدان و بەدەستهێنانی ئابوورییەکی بەهێز دادەنرێت، هەوڵەکانی حکومەت لەم پێناوەدا بە کوێ گەیشتووە؟**

- ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان پلانی نوێمان بۆ وەبەرهێنان و پێشخستنی کەرتی پیشەسازی دارشتووە، دابینکردنی زەوی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پێشخستنی پیشەسازی، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دیاریکردنی چەندین ناوچەی پیشەسازیی نوێ و مۆدێرن، من سەرجەم بەرێوەبەرە گشتییەکانی فەرمانگەکانمان راسپاردووە کە بە زووترین کات ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم دروستکردنی ناوچە پیشەسازییەکان چارەسەر بکەن و، ئاسانکاریی تەواو بۆ وەبەرهێنەران بکەن . من خۆم راستەوخۆ بەدواداچوون بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی دەکەم، ئەو ٥٩ مۆڵەتەی دراوە بە پرۆژەکانی پیشەسازی بە کۆی سەرمایەی یەك ملیار و ٧٧٧ ملیۆن دۆلار سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە کەرتی پیشەسازی پێش خراوە و لە ریزبەندی یەکەمی وەبەرهێناندا دێت. هەروەها ئامانجمان فراوانکردنی وەبەرهێنانە لە سەرجەم ئیدارە سەربەخۆکان، ئێمە بە یەك چاو سەیری سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەکەین، لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەك پرۆژەی وەبەرهێنان، پرۆژەی گەشتیاری و کشتوکاڵی و پیشەسازیی باشمان لە ئیدارە سەربەخۆکان ئەنجام داوە و ژمارەیەکی زۆریش مۆڵەتیان پێ دراوە و لە پلان و نەخشە و رێبەرەکانیشماندا هەموو دەرفەتەکانی وەبەرهێنانمان لەو ئیدارە سەربەخۆیانە ئاماژە پێ کردووە، پرۆژە گەشتیارییەکان بەشێکی زۆری ئەم پرۆژانەی پێك هێناوە.

**دەسەڵاتەکانمان دابەزاندووەتە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و بەشی چاودێریی پرۆژەکانی وەبەرهێنانمان کردووەتەوە**

**لەم کابینەیەدا پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازی لە پێشەوەی وەبەرهێنان دێت و هەنگاوی گرنگیش بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری و فێرکردن و تەندروستی نراوە**

**خۆم راستەوخۆ بەدواداچوون بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی دەکەم، ئەو ٥٩ مۆڵەتەی دراوە بە پرۆژەکانی پیشەسازی بە کۆی سەرمایەی یەک ملیار و ٧٧٧ ملیۆن دۆلار سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە کەرتی پیشەسازی پێش خراوە و لە ریزبەندی یەکەمی وەبەرهێناندا دێت**



**وێڕای دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزاری، پڕۆژە ڕاگیراوەکانیش دەستیان بەکار کردووەتەوە و دەیان پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی دەستی پێ کردووە**

**هۆشمەند ڕەفیق**
ئابووریناس و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# کابینەی نۆیەم سەلماندیی کە حکومەتی خەڵک و هاووڵاتییە

**لە سێ ساڵی ڕابردوودا وێڕای قەیرانە دارایی و تەندروستییەکانی جیهان و داشکانی بەهای نەوت لە دەستپێکی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، توانرا بارودۆخە سەختەکان تێپەڕ بکەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەندین بواردا چاوخشاندنەوەی بە پەیکەر و کاروبارەکانی ئابووری و کارگێڕیدا کرد، بۆ قسەکردن لەسەر هەر دوو بواری بەڕێوەبردن و ئابووری چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هۆشمەند ڕەفیق مامۆستای زانکۆی سەڵاحەدین کرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** وەکو کەسێکی ئەکادیمی و شارەزا لە بواری ئابووری و کارگێڕیدا، ئایا هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ کار و پرۆژە و ئەدای کارگێڕی و ئابووریی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە چۆنە؟**

- سێ ساڵی ڕابردوو بۆ خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگ و هەستیار و پڕ تەحەددی بوون، لەلایەك بە کۆمەڵێك قەیرانی سەختی دارایی و ئابووری و تەندروستیدا تێپەڕ بووین، لەلایەکی دیکەش ڕاستکردنەوەی پرۆسەی کارگێڕی و ئابووری و ڕاگرتنی گەندەڵی، تەحەددیەکی گەورە بوو لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی کابینەی نۆیەم ڕایگەیاندبوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو سەرچاوەی گەندەڵیی گەورە و سەرەکی ئەو خەڵکانە بوون کە خۆیان بە خاوەن دەسەڵات و چەکدار دەزانی، بەڵام جدییەتی سەرۆکی حکومەت لەم پرۆسەیەدا هەنگاوەکانی تا ڕاددەیەکی باش بەرەو ڕاگرتنی گەندەڵی برد. هەرچۆنێك بێت بە هەموو تێبینی و سەرنجەکان دەتوانین بڵێین لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی ئەم کابینەیەدا کار و پرۆژەی گرنگ ئەنجام دران، ڕەنگە هەمووی لە ئاست خواست و داواکارییەکانماندا نەبێت، ئەمەش بۆ سرووشتی چاکسازی و ڕێگری لە گەندەڵی و ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکورتییەکان دەگەڕێتەوە، کە پرۆسەیەکی بەردەوامە و نابێت پەلە لە گۆڕانکاری و هەنگاوەکاندا بکرێت، لەم لایەنەوە بۆ ئەوەی هەموو هۆکارەکان دەستنیشان بکرێن، پێویستی بە هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی و زانستی بۆ ئەدای حکومەت و وەزارەت و دامەزراوەکانی بە دیدگای بەڕێوەبردن و ئابووری دەبێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و تەحەددییانەش لە کابینەی نۆیەمدا کاری باش و گەورە کراوە، ڕووبەڕووی گەندەڵی بووەتەوە و هەنگاوە سەرەتاکانی ڕاستکردنەوەی سیاسەتی ئابووری دەستی پێ کردووە، زۆر لەو پرۆژە ڕاگیراوانەی بە هۆی شەڕی داعش و

**ڕاستکردنەوەی پرۆسەی کارگێڕی و ئابووری و ڕاگرتنی گەندەڵی، تەحەددیەکی گەورە بوو لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی کابینەی نۆیەم ڕایگەیاندبوو**

**سەرچاوەی گەندەڵیی گەورە و سەرەکی ئەو خەڵکانە بوون کە خۆیان بە خاوەن دەسەڵات و چەکدار دەزانی، بەڵام جدییەتی سەرۆکی حکومەت لەم پرۆسەیەدا هەنگاوەکانی تا رادەیەکی باش بەرەو راگرتنی گەندەڵی برد**

**مەرجی سەرەکی بۆ سەرخستنی گۆڕانکاری و سەرەتای ڕێگەی ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکورتییەکان، پێویستی بە سەرکردەیەکە کە ئیرادەیەکی بەهێزی هەبێت و چۆک بۆ ئاستەنگ و تەحەددییەکان دانەدات و، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەشدا ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت ئەو ئیرادە بەهێزەی پیشان داوین**

**سەرۆک وەزیران کابینەکەی کردووە بە یەک تیم و هەموو پێکەوە کاری یەکدی تەواو دەکەن، هەر ئەمەش وای کردووە کە وێڕای ئەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و پێداویستیی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتی زۆر بەرز بووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم کابینەیەدا زۆرترین کار و پرۆژە ئەنجام دراون**

قەیرانی داراییەوە ڕاوەستابوون، دووبارە دەست بە جێبەجێکردنیان کراوەتەوە و، سەرۆکی حکومەت هەمیشە خۆی بە بەرپرسیاری چارەسەری قەیرانەکان زانیوە.

*** پرۆسەی چاکسازی و ڕاستکردنەوەی سیاسەتی ئابووری و دانانی سیاسەت و ستراتیژێکی تازە بۆ پشتبەستن بە تواناکانی خۆمان کارێکی ئاسان نییە، لەم لایەنەوە لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە چۆن هەنگاوەکانی چاکسازی هەڵدەسەنگێنن؟**

- مەرجی سەرەکی بۆ سەرخستنی گۆڕانکاری و سەرەتای ڕێگەی ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکورتییەکان، پێویستی بە سەرکردەیەکە کە ئیرادەیەکی بەهێزی هەبێت و چۆك بۆ ئاستەنگ و تەحەددییەکان دانەدات و، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەشدا ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت ئەو ئیرادە بەهێزەی پیشان داوین، لەمەش زیاتر چاکسازی تەنیا گەڕانەوە نییە بۆ هەڵدانەوەی دۆسێ و سزادانی ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لە ڕابردوودا، بەڵکو چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوام و لەسەرخۆیە، بە ڕێگەی زانستی و ڕاست و دروست ئەنجام دەدرێت، گرنگ ئەوە بوو لەم کابینەیەدا پرۆژە ڕاوەستاوەکان دەست بە جێبەجێکردنەوەیان کرا، چیتر گرێبەست و ئەو کار و پرۆژانە بەردەوامی پێ نادرێت کە داهاتی گشتی بە هەدەر دەدات، یان تا ڕادەیەکی باش ستۆپ بە گەندەڵی کرا، هەر چەندە بە هۆی تێکەڵی لە پرۆسە سیاسییەکەدا بۆ ناو پرۆسەی حوکمرانی ڕێگریی گەورە هەیە بۆ ڕاگرتنی گەندەڵی بە تەواوەتی.

*** ڕێکخستنەوەی داهاتەکان و زیادکردنی و کەمکردنەوەی خەرجیی زیادە تا چەند لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بۆ گەیشتن بە حکومەتێکی بەهێز گرنگن؟**

- لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزی نەکردووە و، بگرە ملیارێك دۆلار قەرزیشی داوەتەوە، کۆی گشتیی پێداویستییەکانی هەرێمیشی لە مووچە و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دابین کردووە و ژمارەیەك پرۆژەشی جێبەجێ کردووە، ئەوەی زیاتر جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە سەرۆك وەزیران کابینەکەی کردووە بە یەك تیم و هەموو پێکەوە کاری یەکدی تەواو دەکەن، هەر ئەمەش وای کردووە کە وێڕای ئەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و پێداویستیی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتی زۆر بەرز بووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم کابینەیەدا زۆرترین کار و پرۆژە ئەنجام دراون، ئاشکراشە دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزارییەکان و بەڕێوەبردنی سێکتەرەکانی ئارامی و خزمەتگوزاری و پەروەردە و تەندروستی پێویستی بە بودجە و داهاتی گەورە هەیە، بەڵام بەو هەنگاوانەی کابینەی نۆیەم لە بواری زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی و فرەچەشنکردنی ئابووری و گرنگیدان بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری ئەنجامی داون، زەمینەیەکی تازەی کارکردن بۆ حکومڕانیی باش هاتە ئاراوە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر زیادکردنی داهات و دۆزینەوەی هەلی کاری زۆر بوو، ئەمەش هەنگاو و دەستکەوتێکی گرنگە.

*** ئاماژەت بە چاکسازی لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکاندا کرد، ئایا لە ڕووی زانستییەوە دەبێ چی بکرێت بۆ ئەوەی حکومڕانییەکی باش بێتە بەرهەم؟**

- جیهانی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان لە دونیادا گۆڕانکاریی زۆر خێرا بە خۆیەوە دەبینێت، چ لە ڕووی زانستی کارگێڕییەوە بێت، یان لە ڕووی ئۆنلاین و تەکنەلۆژیاوە بێت، لە ڕووی ڕۆتین و نەهێشتنی بیرۆکراتیەتەوە هەنگاوی باش نراوە، لە هەندێك وەزارەتدا پەنا بۆ ئۆنلاین و سیاسەتی یەك پەنجەرە براوە، وەك بەئەلیکترۆنیکردنی مامەڵەکان و سکاڵا و وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزارییەکان، لە ئێستادا ئەوەی پێی دەڵێن «حکومەتی ئەلیکترۆنی» لە چەند وەزارەتێك هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە، بۆ نموونە: لە وەزارەتی کارەبا و خوێندنی باڵا و تەندروستی و ناوخۆ و چەند دامەزراوەیەکی دیکە ئەمە دەبینین و، لەماوەی داهاتوودا دەبێت لە ڕووی خزمەتگوزارییەکان و بەئەلەکترۆنیکردنی حکومەتەوە هەنگاوی گەورە و خێرا بنرێت و فشارێکی زیاتر بخرێتە سەر وەزارەت و دامەزراوەکان، بۆ ئەوەی گرنگیی زیاتر بە پۆرتاڵی خزمەت و بە ئۆنلاینکردنی مامەڵەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین بدرێت.

*** دامەزراندنی ژمارەیەك ئیدارەی سەربەخۆ و شۆڕكردنەوەی دەسەڵاتەكان بۆ خوارەوە، تا چەند لە ڕۆتین و خێراكردنی مامەڵە و داواكارییەكان دەربازمان دەكات؟**

- بڕیاری دامەزراندنی چەند ئیدارەیەكی سەربەخۆ لە زاخۆ و سۆران و ڕاپەڕین و بەقەزاكردنی چەند ناحیەیەكی دیكە، هەمووی دەستكەوت و خزمەتێكی زۆر بوو، نەك تەنیا بۆ خەڵكی ئەو ئیدارەیە، بەڵكو بۆ كەمكردنەوەی فشار و پاڵەپەستۆش لەسەر سەنتەری شارە گەورەكان، لە هەندێك شوێن بەداخەوە خراپ مامەڵە لەگەڵ شۆڕكردنەوەی دەسەڵاتەكان و گرنگیدان بە لامەركەزی كرا، وەك ئەوەی لە پارێزگای سلێمانی ڕووی دا و هیچ سیولەی نەختینەییان لە بانكەكان نەهێشت، بۆیە دەبێت لەگەڵ پەیڕەوكردنی نامەركەزی و شۆڕكردنەوەی دەسەڵاتە ئیداری و داراییەكاندا گرنگی بە دەسەڵاتە كارگێڕی و داراییەكان بدرێت و دامەزراوەكان بەهێز بكرێن، هەروەها حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت تەواوی دەسەڵاتی بەسەر هەموو زۆن و ناوچە و دەڤەرەكاندا هەبێت و توانای لێپرسینەوە و سزادان و ڕاپێچكردنی گەندەڵكارانی بۆ بەردەم دادگا هەبێت.

*** چاكسازی لە بواری نەوتدا بە یەكێك لە دەستكەوتەكانی دیكەی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان دادەنرێت، گۆڕانكارییەكانی ئەم بوارە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە بواری كۆكردنەوەی داهات لە هەموو بوارەكان چاكسازی كراوە، لە داهاتی دەروازە سنوورییەكان و ناوخۆ و باج و...هتد، سەبارەت بە چاكسازی لە كەرتی نەوت و شەفافییەت لەم كەرتەدا، حكومەت خۆی ڕایگەیاندووە بە ڕێژەیەكی زۆر باش ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوت بۆ حكومەت دەگەڕێتەوە، زیادی كردووە و كۆمپانیای دیلۆت وردەكارییەكانی بڵاو دەكاتەوە، دواتر هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی پاڵاوتگە و زۆرترین سوودوەرگرتن لە داهاتی نەوت كارێكی باشە و دەكرێت ناوی لێ بنرێت سەرەتای دەستپێكردنی كاروانێكی ڕاست و دروست لەپێناو گەیشتن بە بووژانەوەی كەرتی پیشەسازیی نەوت و پترۆكیمیاوی و سوودوەرگرتنی تەواو لە داهاتی نەوت. پێش دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت سەرچاوەی داهاتی هەرێمی كوردستان بەشێكی لە بەغدا بوو، بەشەكەی دیكەی لە ناوخۆ بوو، كە داهاتێكی زۆر لاواز بوو، ئێستا ئیرادەیەك هەیە بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێمی كوردستان بەرەو ئابوورییەكی فرەچەشن ببردرێت، نەك ئابوورییەكی بەكاربەر و بەكارهێنەر، وڵاتێكی وەكو ئیمارات ڕووی لە ئابووریی مەعریفی كردووە، چونكە نەوت نامێنێت و نرخەكەی لە هەڵكشان و دابەزیندایە، بەڵام مەعریفە هەر دەمێنێت و لەزیادبووندایە.

*** «حكومەتی خەڵك»، ئەم چەمكە لە ڕووی ئیدارییەوە لە جیهاندا بایەخێكی زۆری پێ دەدرێت، لە كارنامەی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستانیشدا زۆر جەخت لە «حكومەتی خەڵك» كراوەتەوە، ئایا تا چەند كابینەی نۆیەم حكومەتی خەڵك بووە؟**

- حكومەتی هەرێمی كوردستان حكومەتی خزمەتگوزاری و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییانە، واتا حكومەتی خەڵكە، زۆر حزبی سیاسی و ئۆپۆزسیۆن و بەداخیشەوە كەسانێك كە ناویان لە خۆیان ناوە ڕۆشنبیر و ڕووناكبیر، ویستیان كەلێنی گەورە لە نێوان خەڵك و حكومەتدا دروست بكەن، لە كاتێكدا لە دونیای پێشكەوتوودا حزبەكانی فەرمانڕەوا و ئۆپۆزسیۆنیش كار بۆ بەهێزبوونی حكومەت و كەمكردنەوەی كەلێنی نێوان حكومەت و خەڵك دەكەن، ئەركی سەرشانی ستافی نوێی ئەنجومەنی وەزیرانە بە هەموو حزبەكانی بەشداربوو لە حكومەت سوود لە هەموو تواناكانیان وەربگرن و حكومەت ڕاستەوخۆ گفتوگۆ و پەیوەندیی لەگەڵ هاووڵاتیان هەبێت، سەرەتا گرنگییەكی زۆر بە خزمەتگوزارییەكانی بدات و دواتر هەردوو كەرتی پەروەردە و تەندروستیی ئەم كابینەیە زۆر سەركەوتوو بوون لە بواری پاراستنی قەوارەی هەرێم و ئارامی و ئاسایشی هاووڵاتیان، واتا لە هەردوو بواری پێشمەرگە و ناوخۆدا، لە بوارە خزمەتگوزارییەكانیشدا هەنگاوی ناوە، بەڵام لەگەڵ پێشكەوتنەكان و هەڵكشانی خواست و ویستی دانیشتووان دەبێت بەردەوام ئاستی خزمەتگوزارییەكانی لە ڕووی كوالیتی و چەندایەتییەوە بەرزتر بكاتەوە.

**بەو هەنگاوانەی كابینەی نۆیەم لە بواری زیادكردنی داهات و كەمكردنەوەی خەرجی و فرەچەشنكردنی ئابووری و گرنگیدان بە كەرتی پیشەسازی و كشتوكاڵی و گەشتیاری ئەنجامی داون، زەمینەیەكی تازەی كاركردن بۆ حكومڕانیی باش هاتە ئاراوە**

**بڕیاری دامەزراندنی چەند ئیدارەیەكی سەربەخۆ لە زاخۆ و سۆران و ڕاپەڕین و بەقەزاكردنی چەند ناحیەیەكی دیكە، هەمووی دەستكەوت و خزمەتێكی زۆر بوو، نەك تەنیا بۆ خەڵكی ئەو ئیدارەیە، بەڵكو بۆ كەمكردنەوەی فشار و پاڵەپەستۆش لەسەر سەنتەری شارە گەورەكان**

**هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی پاڵاوتگە و زۆرترین سوودوەرگرتن لە داهاتی نەوت كارێكی باشە و دەكرێت ناوی لێ بنرێت سەرەتای دەستپێكردنی كاروانێكی ڕاست و دروست لە پێناو گەیشتن بە بووژانەوەی كەرتی پیشەسازیی نەوت و پترۆكیمیاوی و سوودوەرگرتنی تەواو لە داهاتی نەوت**



دكتۆر محەمەد ئیحسان
سیاسەتمەدار و شرۆڤەكار بۆ گوڵان:

# دوایین دیمەنی پرۆسەی سیاسیی عێراق شەڕی شیعە - شیعەیە

**بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق سنووری هەموو ئاڵۆزی و مەترسییەکانی تێپەڕاندووە و بەرەو تاریکایی ناو تونێلەکە هەنگاو هەڵدەگرێت و مەزندەکانیش بە ڕەشبینییەوە دەڕواننە پرۆسەی سیاسی و بارودۆخەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئاڵۆزە ئەم دیدارەمان لەگەڵ دکتۆر محەمەد ئیحسان وەزیری پێشتری مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داینەوە.**

*** ماوەی ٣٠ ساڵە کار لەسەر دۆسێی عێراق دەکەن و لەسەر ئەم پرسەش کتێبێکتان هەیە بە ناونیشانی «دوامة الحرب»و خەریکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێت کە عێراق هەرگیز سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت، لەسەر پاشخانی ئەم مێژووە چۆن ڕووداوەکانی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق دەخوێنیتەوە؟**

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئەمڕۆ، ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێت خراپترین و ئاڵۆزترین کێشەیە کە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقیدا بە تایبەتی لایەنە سیاسییەکانی شیعە پێدا تێدەپەڕێت و، ئەم بارودۆخە کتوپڕ نەبووە و پێشتر پێشبینیکراو بووە، بۆ ئەمەش ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ کە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ «گۆڤاری گوڵان» کردووە، تێیدا ئاماژەم بەوە کردووە کە شەڕی سوننە و شیعە دەستی پێکرد و، دوای ئەم شەڕە دەبێتە قۆناغی شەڕی کورد و عەرەب و، سەرەنجامیش ستەیجی سیاسیی عێراق بە شەڕی ناوخۆ لە نێوماڵی شیعەدا کۆتایی دێت، بۆیە پێویستە ئەو شەڕەی نێوماڵی شیعە ببێت و تێپەڕ ببێت، ئێستا ئێمە بە قۆناغێکدا تێدەپەڕین ململانێی نێوان ئەقتابەکانی شیعە هەر هەمووی لەسەر دەستکەوت و گەندەڵییە. ڕاستە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە حکومەتی عێراق حکومەتێکی زۆر خراپ و گەندەڵ بووە و بایەخی بە هیچ خزمەتگوزارییەك بۆ هاووڵاتیان نەداوە، بەڵام ئەوانەشی ئێستا داوای چاکسازی دەکەن، خۆیان بە شێك بوون لە حکومەتی عێراق و لە گەندەڵییەکاندا بەشدار بوون و لە هەندێك سێکتەریشدا خۆیان سەرچاوەی گەندەڵییەکە بوون، هەر وێڕای ئەوەی ئێستا دیمەنی خۆپیشاندانەکانی بەغدا دەبینین، بەڵام مەزندەی ئەوە ناکەم گۆڕانکاریی گەورە ڕوو بدات و لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەکەم: ئەو خۆپیشاندانەی ئێستا بەڕێوەدەچن، شۆڕش نییە، بەڵکو خۆپیشاندانی لایەنگرانی تەیاری سەدرە و خەڵکی دیکەشیان لەگەڵدایە.

دووەم: ئەو ململانێیەی ئێستا لە نێوان «تەیاری سەدر و ئیتاری تەنسیقی» هەیە، لەسەر خزمەتکردنی هاووڵاتیان و عێراق نییە، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کێ دەبێتە سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق.

لە ڕوانگەی ئەم دوو فاکتەوە، وای دەبینم ململانێی «تەیار و ئیتار» لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو یاسایەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی پاری عێراقی پێ بەڕێوەچوو، هەڵەی گەورەی تێدا بوو، کۆمیسیۆنی سەربەخۆیی باڵای هەڵبژاردنەکانیش کۆمیسیۆنێکی خراپ بوو و نەیتوانی کارەکانی خۆی بە باشی جێبەجێ بکات، سەرەنجامیش ئاکامەکانی هەڵبژاردن بەو شێوەیە کەوتەوە کە دەریخست ئەوەی تا ئێستا ئێمە کردوومانە بە سیستەم لەسەر بنەمای سازان و تەوافقی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، واتە ئەوەی کردوومانە تا ئێستا تەنیا سازان و تەوافقی سیاسی بووە و نەبووەتە سیستەم، لە وڵاتێکی وەك عێراقیش کاری لەمجۆرە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوەی ناسنامەی هاووڵاتیبوون دەسڕێتەوە، کە ناسنامەی هاووڵاتییش بوونی نەما، دەبێتە دژە دیموکراتی، لایەنێکی دیکە لە دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم تەوافقە سیاسییە ئەوەیە هەر پێکهاتەیەك بەرگری و پارێزگاری لە گەندەڵیی کادرەکانی خۆیان دەکات، بۆیە وەك سەرۆك بارزانی زۆر حەکیمانە ئاماژەی پێ کردووە و جەختی لەسەر دەکاتەوە بەوەی دەبێت «ئەقڵییەتی

**ئێمە بە قۆناغێکدا تێدەپەڕین ململانێی نێوان ئەقتابەکانی شیعە هەر هەمووی لەسەر دەستکەوت و گەندەڵییە**

**ئەوانەشی ئێستا داوای چاکسازی دەکەن، خۆیان بە شێک بوون لە حکومەتی عێراق و لە گەندەڵییەکاندا بەشدار بوون و لە هەندێک سێکتەریشدا خۆیان سەرچاوەی گەندەڵییەکە بوون**

**ئەو ململانێیەی ئێستا لە نێوان «تەیاری سەدر و ئیتاری تەنسیقی» هەیە، لەسەر خزمەتکردنی هاووڵاتیان و عێراق نییە، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کێ دەبێتە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق**

**ئەوەی کردوومانە تا ئێستا تەنیا سازان و تەوافقی سیاسی بووە و نەبووەتە سیستەم، لە وڵاتێکی وەک عێراقیش کاری لەمجۆرە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوەی ناسنامەی هاووڵاتیبوون دەسڕێتەوە**

**ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا ڕوو دەدات، ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستمە تەوافقییە سیاسییەی لە دوای ٢٠٠٣ پیادەمان کردووە، کە ڕێک کۆپیی سیستمە سیاسییە فاشیلەکەی لوبنان بووە، لەمەش خراپتر دەستتێوەردانی دەرکی بارودۆخەکەی زیاتر وێران کردووە**

**ئەو دەستەبژێرەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا لە دەسەڵاتدان، لەو ئاستەدا نین پێیان بگوترێت «دەوڵەتمەدار» و بتوانن چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزنەوە**

حوکمڕانی لە عێراق بگۆڕدرێت»، ئەمەش واتە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تەوافقی سیاسی و بیگۆڕێت بۆ سیستمی سازان و تەوافقی نێوان پێکهاتەکان، بۆ ئەمەش ئەو هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەی «پارتی و سەدر و سیادە» کارێکی زۆر باش بوو، بۆ ڕزگارکردنی عێراق لەو سیستمە هەڵەیە، بەڵام دەرکەوت بارودۆخەکە گونجاو نەبوو و دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بەو گۆڕانکارییە ڕازی نابن و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگییش پەنایان بۆ «سێیەکی پەکخەر» برد، بۆ پەکخستنی پرۆسە سیاسییەکە. هەر بۆیە لە قۆناغی ئێستاشدا دەڵێم، باوەڕ ناکەم بارودۆخەکە بەمجۆرە بەردەوام بێت و دوور نییە ئێران جارێکی دیکە دەستتێوەردان بکات و گوشار بخاتە سەر لایەنە شیعەکان، ئەم خۆپیشاندانانەش دەریخست سەدر بەتوانا و بەهێز و ئیرادەیە و سەلماندی ڕابەری ژمارە یەکە لەناو شیعەکان و لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقی شیعە بە هەموویان هێندەی سەدر جەماوەریان نییە.

هەر بۆیە ئێران فشارێکی دیکە لە سەدر دەکات بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان پێکەوە دابنیشن و سەرۆک وەزیرانێکی تەوافوقی دابنێن و دوور نییە جارێکی دیکە ئەندامانی پەرلەمانی سەدر بگەڕێنەوە ناو پەرلەمان.

*** عێراق بۆچی نابێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ، لە کاتێکدا هەر لە سەردەمی موعارەزەوە تا ئێستا موناقەشەی ئەوە دەکرێت چۆن عێراق ببێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ؟**

- ئێستا خەڵکی عێراق گلەییەکی زۆر لە دەستوور دەکەن، بەڵام ناتوانرێت گلەیی لە دەستوورێك بکرێت کە پێش ١٧ ساڵ نووسراوە، بەپێچەوانەوە ئەو دەستوورە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ باشترین دەستوور بووە لە مێژووی عێراقدا، هەر بۆیە کێشەکە لە جێبەجێکردنی هەموو دەستوورەکەیە وەك یەك پاکیج، بەڵام ئێستا لە عێراقدا ئەگەر شیعە وەك دەسەڵات نەیەوێت فیدراڵییەت جێبەجێ بکات، ئەوە دەتوانێت جێبەجێی نەکات، بەوەش واتە خۆی دیموکراتی نییە، کە دیموکراتییش نەبێت، چۆن دەتوانێت دیموکراتییەت پیادە بکات؟ لەمەش زیاتر ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا ڕوو دەدات، ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستمە تەوافقییە سیاسییەی لە دوای ٢٠٠٣ پیادەمان کردووە، کە ڕێك کۆپیی سیستمە سیاسییە فاشیلەکەی لوبنان بووە، لەمەش خراپتر دەستتێوەردانی دەرکی بارودۆخەکەی زیاتر وێران کردووە، ئەو دەستەبژێرەش کە ئەمڕۆ لە عێراقدا لە دەسەڵاتدان، لەو ئاستەدا نین پێیان بگوترێت «دەوڵەتمەدار» و بتوانن چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزنەوە.

*** سەرۆك بارزانی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بە هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکانی ڕاگەیاند پێویستە «ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا بگۆڕدرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی شیعە (تەیار و ئیتار) دەیبینین، ئەقڵییەتەکە نەك هەر نەگۆڕاوە، بەڵکو بەرەو قۆناغی زۆر مەترسیدار هەڵدەکشێت، ئایا چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق بەرەو کوێ دەچێت؟**

- سەرەتا خەڵك زۆر باش لەوە گەیشتبوو کە دەبێت ئەو ئەقڵییەتەی حوکمڕانی لە عێراقدا بگۆڕێت و، گەشبین بوون بەوەی هاوپەیمانیی سێ قۆڵیی (پارتی و سەدر و سیادە) ئەو کارەی پێ دەکرێت، بەڵام دەرکەوت کە ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەترسیدارتر دەبێت. ڕژێمی پێشووی عێراق ٣٥ ساڵ بە دیکتاتۆریەت حوکمڕانیی عێراقی کرد، بەڵام سیستەمێکی هەبوو کە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش «مجلس القیادة الثورة» و ئەنجومەنی وەزیران بوو، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا ئەوە دەبینین بە کۆمەڵێك دروشمی ئایینییەوە بانگەشە دەکەن بۆ خۆپیشاندان و کوشتنی خەڵك، بۆیە ئەم سیستمەی ئێستا زۆر لە ڕژێمی دیکتاتۆریەت دواکەوتووترە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناو هەرێمی کوردستاندا یەکڕیزییەکی پتەوی نێوماڵی کوردستانییەکان بوونی نییە، من وای دەبینم مەترسیی ئەم سیستمەی ئێستای عێراق لە مەترسیی سیستمی دیکتاتۆریەتی سەدام و بەعس زیاتر بێت، بۆیە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە عێراق لە قۆناغێکی ترسناکدایە و هەروەها ناوچەکە و سیستەمی نیودەوڵەتی لە بەرامبەر قۆناغی ترسناکدایە، بۆیە زۆر پێویستە ناوماڵی کورد ڕێکبخەین و بارودۆخی سیاسی و ژیانی خەڵك باشتر بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بۆ گۆڕانکارییە تازەکان لە عێراق و لە کوردستان لە ناوچەکە و لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا ئامادە بکەین.

*** تەیاری سەدر داوای گۆڕینی ڕیشەی نیزامی عێراقی دەکات و باس لە هەمووارکردنەوەی دەستوور و هەڵبژاردنەوەی پێشوەخت دەکات، ئایا تەیاری سەدر ئەمەی بۆ دەچێتە سەر؟**

- نەخێر، ئەوە بۆ تەیاری سەدر ناچێتە سەر. من زۆر پەیوەندیم لەگەڵ جەماعەتی سەید موقتەدا سەدر هەیە و خۆشم دەوێن، بەڵام ئەوەی ئەوان داوای دەکەن، هەقیقەتەکەی وا نییە و عێراق بەرەو قۆناغێکی مەترسیدار دەبات، کە باس لە هەمووارکردنی دەستوور دەکرێت، لە خودی دەستوورەکەدا ئامرازی هەمووارکردنی دەستوور هەیە و، بەو ماددانەی کە لە ناو دەستوورکە هەیە، ڕێککەوتن لەسەر هەمووارکردنەوەی دەستوورەکە دەکرێت و پرسەکە بەو شێوەیە نییە هەر کەس بێت و بە پێی مەزاجی سیاسیی خۆی باس لە هەمووارکردنەوەی دەستوورەکە بکات.

*** هەر دوو بەرەی شیعە (ئیتار و تەیار) ئێستا لەوپەڕی دژایەتیی یەکتریدان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم بانگهێشتی هەردوو لایانی کردووە کە بێنە هەولێر و کێشەکە بە دیالۆگ چارەسەر بکەن. خۆت کەسێکی شارەزای بیرکردنەوەی نێچیرڤان بارزانیت و دەشزانی کە بەبێ بنەما پێشنیار ناکات، ئایا ئەم پێشنیارەی نێچیرڤان بارزانی چۆن دەخوێنیتەوە؟ ئایا بارودۆخەکە بەشی ئەوەی پێوە ماوە بە دیالۆگ بگەنە ڕێککەوتن؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٣ کە پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەستی پێ کردووە، بەردەوام لەلایەن ڕێزدار جەنابی سەرۆك بارزانی و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەستپێشخەریمان بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەغدا و ئێستاش ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە باوەڕی وایە کە بارودۆخەکە لە بەغدا ئاڵۆز بووە و تێکچووە، ئەوە زۆر شتیش دێتە گۆڕین کە لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە، ئەگەرچی لە پێش ٢٠٠٣ بیرکردنەوەمان ئاوا بووە کە چەند بارودۆخ لە بەغدا خراپتر بێت، ئەوە بۆ ئێمەی کوردستان باشترە، بەڵام بەپێچەوانەوە لەبەر ئەوەی ستراتیژیەتەکە گۆڕا و چەند بارودۆخ لە بەغدا خراپتر بێت، ئەوە بۆ ئێمەش خراپتر دەبێت. بۆیە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بە قەناعەتەوە دەستپێشخەرییەکی جددی کردووە کە وەرن با دابنیشین بە یەکەوە، بەڵام بە ڕاستی و بە بێ خۆدزینەوە لە ڕاستییەکان و بە شەفافییەت و با کێشە و گرفتی ئەم وڵاتە چارەسەر بکەین و، کە ئێوە کێشەتان هەیە، ئێمە وەك کوردستان باجەکەی دەدەین و ئێوە حکومەت پێکناهێنن، ئێمە نازانین تێڕوانینمان بەرەو چ قۆناغێك دەچێت، بۆیە باشترە کێشەکانی خۆتان چارەسەر بکەن، ئێستاش ئومێد دەخوازین دەستپێشخەریی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ببێتە ئەساسێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و، لە بەر ئەوەی کێشەکانی نێوانیان زۆر زۆرن و ئێسقانی یەکتریان شکاندووە، ئەگەر بتوانین هەتا هەڵبژاردنی داهاتوو ٢٠٪ی کێشەکانی ئەم وڵاتە چارەسەر بکەین، ئەوە بۆ عێراقییەکان نیعمەتێکی گەورە دەبێت.

*** سەرۆك بارزانی لە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن لە ڕوفاتی ١٠٠ بێسەروشوێنی دیکەی بارزانییەکان، ئاماژەی بەوە کرد «ئەنفال بەرهەمی کەلتووری یەکدی ڕەتکردنەوە و کەلتووری شۆڤێنییە و ئەم کەلتوورەش هەتا ئێستا لە عێراقدا ڕەگی داکوتیەوە»، داوای کرد ئەم کەلتوورە دەبێت بنبڕ بکرێت، بەو سیفەتەی خۆت لە ٢٠٠٥ سەرپەرشتیی هێنانەوەی ڕوفاتەکانت کردووە، ئایا ئەم کەلتوورە شۆڤێنییەی دژی کوردستان بنبڕ دەکرێت؟**

- زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەو کەلتوورە شۆڤێنییەی لە عێراقدا دژ بە کوردستان هەیە، بنبڕ بکرێت، ئێستا بۆ مێژوو ئەوە دەڵێم «شۆڤێنییەتی ڕژێمی بەعس و سەدام تا ئاستێك لەو شۆڤێنییەتەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، کەمتر بوو. ئەو کات شۆڤێنییەت بە دەستی یەك کەسەوە بوو، ئەویش سەدام حوسێن بوو و بڕیاری دەدا، بەڵام ئێستا بە سەدان گرووپ لە عێراقدا پەیدابوون و چەك بەدەستن و هەر یەکەیان سەدامێك بن، ئەمە دەرەنجامی «دیموکراتییەتی عەمامە و دشداشەیە»، لەو دیموکراتییەش هەر ئەوانە پەیدا دەبن، بۆیە قسەکانی سەرۆك بارزانی ڕوون بوون کە گوتی «ئەو کەلتوورە شۆڤێنییەی ئەو ئەنفالانەی بەرهەمهێناوە و ئەمڕۆ پێشوازی لە ڕوفاتەکانیان دەکەین، ئەو کەلتوورە ئێستا زیاتر ڕەگی داکوتیوە و مەترسییەکەی لە پێشان زیاترە، هەر بۆیە دووبارە داوای گۆڕینی ئەو ئەقڵییەتە و بنبڕکردنی کرد.

**بە کۆمەڵێک دروشمی ئایینییەوە بانگەشە دەکەن بۆ خۆپیشاندان و کوشتنی خەڵک، بۆیە ئەم سیستەمەی ئێستا زۆر لە ڕژێمی دیکتاتۆریەت دواکەوتووترە**

**لەبەر ئەوەی لە ناو هەرێمی کوردستاندا یەکڕیزییەکی پتەوی نێوماڵی کوردستانییەکان بوونی نییە، من وای دەبینم مەترسیی ئەم سیستەمەی ئێستای عێراق لە مەترسیی سیستەمی دیکتاتۆریەتی سەدام و بەعس زیاتر بێت**

**زۆر پێویستە ناوماڵی کورد ڕێکبخەین و بارودۆخی سیاسی و ژیانی خەڵک باشتر بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بۆ گۆڕانکارییە تازەکان لە عێراق و کوردستان و ناوچەکە و لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا ئامادە بکەین**

**ئێستا بە سەدان گرووپ لە عێراقدا پەیدا بوون و چەک بەدەستن و هەر یەکەیان سەدامێک بن، ئەمە دەرەنجامی «دیموکراتییەتی عەمامە و دشداشەیە»، لەو دیموکراتییەش هەر ئەوانە پەیدا دەبن**



**بەشار کیکی**

**ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:**

# لە عێراقدا لە بنەڕەتەوە دەستوور جێبەجێ نەکراوە، کەچی باسی هەموارکردنەوەی دەستوور دەکرێت

# هەتا ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ نەکرێت بارودۆخی شنگال بەرەو خراپتر دەچێت

**ئاڵۆزی و خۆپیشاندانەکانی ئێستای عێراق و کۆنترۆڵکردنی پەرلەمان و ناوچەی سەدر لەلایەن خەڵک و لایەنگرانی تەیاری سەدرەوە، بارودۆخێکی دروست کردووە، دەرگای بە ڕووی هەموو ئەگەرەکاندا کردووەتەوە و، لەگەڵ ئەوەی هەموو لایەك هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی بە دیالۆگ و گفتوگۆ ڕێگەچارەیەك بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داواکارییەکانی موقتەدا سەدر ڕوویان لە هەڵکشانە و، ئێستا داوای هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و گۆڕینی نیزام و دەستوور و هەڵبژاردنەوەی پێشوەختە دەکات، بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە ئاڵۆزە، چەند پرسیارێکمان لە بەشار کیکی ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** پێش ئەوەی باسی بارودۆخی عێراق بکەین، دەمانەوێت بزانین بارودۆخی شنگال چۆنە؟ ئایا پەکەکە بۆ واز لە شنگال ناهێنێت، تا خوشك و برا ئێزدییەکان بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- هەموو ئەو پێداویستییانەی کە بۆ ئاساییکردنەوەی شنگاڵ پێویستن لە ڕووی ئەمنی و سیاسی و ئیداری و مرۆڤایەتییەوە، لە ناو ڕێککەوتننامەی شنگاڵدا بەرجەستە کراون، بەڵام بەداخەوە ڕێککەوتنی شنگاڵ جێبەجێ نەکرا، کە ئەمساڵیش نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەشتەمینساڵیادی ژینۆسایدی خوشك و برا ئێزدییەکان ئاماژەی پێ کرد و داوای کرد کە پێویستە بە زووترین کات ئەو ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ بکرێت، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە حکومەتی عێراقی لایەنی سەرەکیی ڕێککەوتنەکەیە، بۆچی ناتوانێت ڕێککەوتنی شنگاڵ جێبەجێ بکات؟ دیارە حکومەتی عێراق هەوڵیدا بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات، بەڵام ئاکامی نەبوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو چەکدارانەی لە دەرەوەی یاسان، هەتا ئێستاش لە شنگالن و ئاستەنگن بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، بۆ ئەوەی خەڵکەکەی بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و شارەکە نۆژەن بکەنەوە، ئەو چەکدارانەش کە لە دەرەوەی یاسان ژمارەیان بە هەزاران دەبێت، هەمووشیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مووچەیان بۆ دابین دەکرێت و، هەتا ئێستا بوار نەدراوە کە قائیمقامی شەرعیی شنگال لە شارەکەدا دەوامی ئاسایی خۆی بکات، بۆیە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە ئەرکی حکومەتی عێراقە و پێویستە جێبەجێ بکرێت، هەتا ئەو ڕێککەوتنەش جێبەجێ نەکرێت، بارودۆخی شنگال خراپتر دەبێت، باشتر نابێت.

*** وەك پەرلەمانتارێکی پێشووی عێراق و کەسێکی یاسایی، پێشتر هەموو باسیان لەوە دەکرد کە دەبێت پەرلەمان مەرجەع بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئێستا پەرلەمان لە مەجلیسی نیابییەوە گۆڕدراوە بۆ مەجلیسی شەعب، بۆچوونتان بۆ ئەم بارودۆخەی کە ئێستا پەرلەمانی عێراقی تێدایە، چییە؟**

- پێویستە ئێمە بە شێوەیەکی سیستماتیك باس لەو ئاریشانە بکەین کە ئێستا لە عێراق هەیە، کە وایان کرد بگاتە ئەو ئاستە مەترسیدارەی ئێستا، بەڵام پرسیاری هەرە گەورە و گرنگ ئەوەیە بۆچی دەستووری عێراق جێبەجێ نەکراوە، کە چەندین مادده و برگەی ئەساسی لە ناو دەستوورەکەدا هەیە و جێبەجێ نەکراون؟

**هەتا ئێستا بوار نەدراوە کە قائیمقامی شەرعیی شنگال لە شارەکەدا دەوامی ئاسایی خۆی بکات**

**بۆ ڕزگاربوون لەم چەقبەستووییە سیاسییە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن ڕێگە ڕاستەکەیە و ئەم بارودۆخە بە کودەتا چارەسەر ناکرێت**

**دڵنیام کە لە ناوماڵی شیعەدا شەڕی شیعە و شیعە ڕوو نادات، ئەمە هێڵی سوورە و هەردوو لایەنی شیعە جەختیان لەوە کردووەتەوە**

**لە هەر حاڵەتێکدا بابەتی دەستوور ڕێکاری توندی تێدایە بۆ ئەوەی هەموار بکرێتەوە، یان ڕاست بکرێتەوە، ئەمەش دەمێنێتەوە بۆ دوای پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتێکی دیکە، دوای دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵبژاردنەی ئێستا خۆپیشاندەران داوای دەکەن**

**لەو ٢٠ ساڵەی ڕابردوو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، کە لە هەموویاندا شیعە باڵادەست و دەسەڵاتدار بووە، نەیانتوانیوە خودی شیعەکان و خەڵکیش ڕازی بکەن**

ئەگەرچی باسی ئەوە دەکەن هەمواری دەستوور بکرێت و سستمی سیاسی بگۆڕدرێت، بەڵام هەموو کەسێك دەتوانێت وەڵامی ئەوەیان بداتەوە کە ئایا دەستوور لە بنەڕەتدا جێبەجێ کراوە، تاوەکو بڵێن کەموکورتییەکە لە دەستوورەکەدایە، لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی ٢٠١٩ تشرینییەکان هاتنە سەر شەقام و داوایان کرد هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت، وەك بینیمان ساڵی پار هەڵبژاردنەکەش کرا، بەڵام ئێستا بارودۆخە لەو کاتە خراپترە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا ئەقڵییەتێکی خراپ و ئاستەنگ دروستکەرە، وەك بینیمان دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی پار، هەر سێ لایەنی براوەی کورد و شیعە و سونە (پارتی و تەیار و سیادە) هاوپەیمانییەکیان دروست کرد بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام لایەنە دۆڕاوەکانی شیعە پەنایان بۆ دادگای (بەناو فیدراڵی) برد و بە دەرکردنی چەند بڕیارێکی سیاسی لە بەرگی یاسادا و لەگەڵ دەستتێوەردانی دەرەکی پرۆسەکەیان پەکخست، ئێستاش بارودۆخەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە بە فەرمانی موقتەدا سەدر خۆپیشاندەردان پەرلەمانیان کۆنترۆڵ کردووە و پرۆسە سیاسییەکەش گەیشتووەتە قۆناغی چەقبەستن، لەگەڵ ئەوەی دەکرا ئەمە ڕوو نەدات، بەڵام ئەو پەرلەمانەی عێراق کە ئێستا هەیە نەیتوانی سەرۆك کۆمار هەڵبژێرێت و نەیتوانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان بکات، حکومەتێك کە نەیتوانی دەستوور و یاسا جێبەجێ بکات، بە نەبوو دادەنرێت، بۆ ڕزگاربوون لەم چەقبەستووییە سیاسییە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن ڕێگە ڕاستەکەیە و ئەم بارودۆخە بە کودەتا چارەسەر ناکرێت.

*** ئێستا هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە (ئیتار و تەیار) پێکەوە کۆببنەوە و بە ئاشتییانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ڕووی یاساییەوە ئەم کێشەیە بە سیلمی چارەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی نوێنەرەکانی سەدر لە پەرلەمان دەستیان لە کارکێشاوەتەوە و کۆتایی پێ هاتووە، ئایا مەبەست لە حەلی سیلمی بۆ ئەم پرسە چییە؟**

- چارەسەری ئاشتییانە ئەوەییە کە نابێت شەڕی شیعە و شیعە ڕوو بدات، من دڵنیام کە لە ناوماڵی شیعەدا شەڕی شیعە و شیعە ڕوو نادات، ئەمە هێڵی سوورە و هەردوو لایەنی شیعە جەختیان لەوە کردووەتەوە، بەڵام ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە، دەتوانن گفتوگۆ لە نێوان هەردوو لایەنی تەیار و ئیتار دروست بکەن و، دەتوانرێت بگەنە ئەوەش کە ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتێك ئەنجام بدات و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەگەرچی وەك دەزانین بە پێی ماددەی ٦٤ی دەستوور دوو ڕێگە هەیە کە پەرلەمان خۆی هەڵوەشێنێتەوە، ڕێگەی یەکەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران داواکاری پێشکەش بکات و سەرۆك کۆماریش ڕەزامەندیی لەسەر بدات. دووەم: پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ خۆی هەڵوەشێنێتەوە، بۆ ئەمەش ماوە و کات هەیە کە پەرلەمان کۆ ببێتەوە و ئەو بڕیارە بدات، دەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە بارودۆخی عێراق ناگەڕێتەوە بۆ پێش ئەو خۆپیشاندانانەی کە ئێستا لە بەغدا دەکرێت .

*** بەڵام تەیاری سەدر باسی هەموارکردنەوەی دەستوور و گۆڕینی نیزامە سیاسییەکە دەکات، ئایا مەبەست لە هەموارکردنەوەی دەستوور و گۆڕینی نیزامە سیاسیەکە چییە؟**

- ئەم داواکارییانە، یان ئەو دروشمانە نوێ نین و خەڵکی دیکەش پێش ئەوان ئەو داواکاری و دروشمانەیان بەرز کردووەتەوە، هەندێ شت قابیلی ئەوەیە کە چارەسەر بکرێت، یان کاری لەسەر بکرێت، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا بابەتی دەستوور ڕێکاری توندی تێدایە بۆ ئەوەی هەموار بکرێتەوە، یان ڕاست بکرێتەوە، ئەمەش دەمێنێتەوە بۆ دوای پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتێکی دیکە، دوای دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵبژاردنەی ئێستا خۆپیشاندەران داوای دەکەن.

*** لە ناو ئەم گێژاوەدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کردووە کە لایەنەکانی (ئیتار و تەیار) بێنە هەولێر و کێشەکانیان بە ئاشتییانە چارەسەر بکەن، ئایا تا چەند پێشوازی لەم پێشنیارەی نێچیرڤان بارزانی دەکرێت و تاچەند ئەم پێشنیارە دەرگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکاتەوە؟**

- ئەگەر بە بیری خۆمان بێنینەوە، ئەو کاتەی لە سەروبەندی پێکهێنانی



حکومەت بووین و هەردوو لایەن (تەیار و ئیتار) گەیشتبوونە بنبەست، بەڕێز سەرۆك بارزانی شاندێکی باڵای نارد بۆ بەغدا بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و حەلبووسی و خەنجەر بۆ لای موقتەدا سەدر، دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی درێژکراوەی دەستپێشخەرییەکەی جەنابی سەرۆك بارزانییە کە پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە بابەتەکە چارەسەر ناکرێت، کاتێك هەر لایەك لە ئیتار و تەیار هەوڵ دەدەن ئەوەی دیکەیان نەهێڵن، هەر بۆیە دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسێجێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی کە کورد پابەندە بە سەقامگیریی عێراق و، ئەو دەستپێشخەرییە مانای ئەوەیە کە کورد پابەندە بە پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییە باڵاکانی عێراق، نەك وەك تەماشاکارێك بێت، ئەو مەسێجە بەوانی ڕاگەیاند کە هەولێر پایتەختی دووەمیانە، دەتوانن بێن لێرە گفتوگۆ بکەن و بە دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر بکەن، ئەم دەستپێشخەرییەش جێگەی خۆشحاڵیی هەردوو لایەنی تەیار و ئیتار بوو و، بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد، هاوکاتیشە لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەیانەوێت دیالۆگ و گفتوگۆ بکرێت لەسەر ئایندەی عێراق و، دەستپێشخەرییەکە هەر بەردەوامە و ڕۆڵی خۆی دەبینێت.


*** بە بۆچوونی ئێوە هەرێمی کوردستان دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە بکات، بەتایبەتی کە هەردوو بەرەی (ئیتار و تەیار) دەیانەوێت حکومەت دروست بکەن؟**

- بێگومان ئەو بارودۆخەی کە لە عێراق هەیە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ٢٠ ساڵەی ڕابردوو و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، کە لە هەموویاندا شیعە باڵادەست و دەسەڵاتدار بووە، نەیانتوانیوە خودی شیعەکان و خەڵکیش ڕازی بکەن و ئێستا گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی کە یەکتر تۆمەتبار دەکەن کە کامیان هۆکاری ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەن، بەڵام خەڵکیش لایەنێکی دیکەی هاوکێشەکەن و لە بیرمان نەچێت لە خۆپیشاندانی تشرینییەکان خەڵکێك بوونە قوربانی و تا ئێستاش بەشی زۆری داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکراون، من پێموایە موقتەدا سەدر ڕەنگە پێشبینی ئەوەی هەبێت کە بارودۆخی عێراق بەو شێوەی ئێستا جێگای قبوولکردن نییە و، پێشبینی گۆڕانکاریی گەورە دەکرێت، بە تایبەتی دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، چەندین هاوکێشەی دیکە هاتوونەتە پێش و لەوانەیە عێراقیش لە ناو ئەو گۆڕانکارییە تازانەدا بێت، ئەگەر زوو بە فریای خۆی نەکەوێت و لایەنە سیاسییەکانی شیعە نەگەنە ئاکامێکی باش بە ڕێگەی دانوستاندن و دیالۆگ، ئەوا بارودۆخەکە لە هەڵدێر نزیك دەبێتەوە.

**دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی درێژکراوەی دەستپێشخەرییەکەی جەنابی سەرۆک بارزانییە کە پێشبینیی ئەوەی کردبوو بابەتەکە چارەسەر ناکرێت، کاتێک هەر لایەک لە ئیتار و تەیار هەوڵ دەدەن ئەوەی دیکەیان نەهێڵن**

**ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی شیعە نەگەنە ئاکامێکی باش بە ڕێگەی دانوستاندن و دیالۆگ، ئەوا بارودۆخەکە لە هەڵدێر نزیک دەبێتەوە**

دیمانەی تایبەت



**جەیمس هێنری**
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن بۆ گوڵان:

# پێشبینیی درێژەکێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکرێت

**جەیمس هێنری لیبۆڤیج پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباره نێودەوڵەتییەکانە لە سکووڵی ئیلیوت بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی نێودەوڵەتی، ناکۆکیی نێودەوڵەتی و دارشتنی سیاسەتی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی. دوایین کتێبی پەیوەست بە توێژینەوە لە بارەی شەڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام و عێراق و ئەفغانستان بووە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا درێژەی کێشا و ڕووسیا نەیتوانی لە ماوەیەکی کورتدا شەڕەکە یەکلایی بکاتەوە، ئێستاش دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە لەسەر ئاستی جیهاندا ڕەنگی داتەوە، واتە کاریگەریی ئەم شەڕە تەنیا لە سنووری ئەم دوو دەوڵەتەدا نەماونەتەوە و یەکێك لەو کاریگەرییانەی کە بە نیگەرانییەوە لێی دەڕوانرێت، ئەوەیە کە زۆربەی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی ئەورووپا، و بە دیاریکراوی ئەڵمانیا، پەنایان بردووەتەبەر زیادکردنی بودجەی سەربازی، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا زیادکردنی بودجەی سەربازی داواکارییەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لە وڵاتانی ئەورووپا، واتە ماوەیەکی زۆر بوو کە ئەمریکا گوزارشتی لەم داوایەی کردبوو لە ئاست وڵاتانی ئەورووپا. لەبەر ئەوە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لێی بڕوانیت، ئەوا دەکرێت ئەمە بە پەرەسەندنێکی ئەرێنی بۆ ناتۆ لێك بدرێتەوە، بەتایبەتی کە ئەمریکا گوشاری لەسەر ئەندامانی ناتۆ دەکرد کە دەبێت لە سەتا ٢ی تێکڕای داهاتی نیشتمانییان بۆ بواری سەربازی تەرخان بکەن، کەواتە ئەگەر ژمارەیەکی زیاتری ئەندامانی ناتۆ ئەم ئەرکەی خۆیان جێبەجێ بکەن و ئەم بەرپرسیارێتییەی خۆیان ئەدا بکەن، ئەوا دەکرێت ئەمە بە پەرەسەندنێکی ئەرێنی لێك بدرێتەوە. بەڵام ڕەنگە لایەن و ڕەهەندە نەرێنییەکەی ئەوە بێت کە هەر وڵاتێك بۆ خۆی و بە گوێرەی کەلتووری سەربازییەکەی و بەدەر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دەست بداتە زیادکردنی خەرجییە سەربازییەکان، کە بۆی هەیە بە چەشنێك بێت کە نەتوانرێت ئەم

**زیادکردنی بودجەی سەربازی داواکارییەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لە وڵاتانی ئەورووپا**

**یەکێتی سۆڤییەت لە سەتا ١٥ و هەندێک دەڵێن لە سەتا ٢٥ی تێکڕای داهاتی نەتەوەیی بۆ بواری سەربازی خەرج کردووە**

**کەمبوونەوەی خەرجییە سەربازییەکان ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی جیهان ئارامی و ئاسایشی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت. بەڵام بە داخەوە واقیعی سیاسەتی جیهانی ئەوەیە کە هەڕەشە و مەترسیی زۆر هەن**

**بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و غازەوە، هەرچەندە ڕێژەی کڕینی ئەم سەرچاوانە لەلایەن ئەوروپاوە لە ڕووسیا کەم بووەتەوە، بەڵام ڕووسیا بڕێکی زیاتری داهات بەدەست دەهێنێت، کە دەتوانێت بۆ درێژەدان بە شەڕەکە بەکاری بهێنێت**

**ڕووسیا ناوی ئەم داگیرکارییەی ناوە ئۆپەراسیۆنی تایبەتیی سەربازی، بەڵام هەمووان دەزانین کە ئۆپەراسیۆنی تایبەتی سەربازی نە هێندە درێژە دەکێشێت و نە هێندە قوربانی و زیانی سەربازیشی لێ دەکەوێتەوە**

خەرجییانە لە کۆتاییدا بڕژێنە خزمەت پێکهێنان و پەرەپێدانی هێزێکەوە کە بتوانێت ئامانجەکانی بەرگریکردن بە چەشنێکی کارا و کاریگەر بەدی بهێنێت.

*** ئەی پێت وانییە زیادکردنی ئەم خەرجییە سەربازییانە، یان زیادکردنی بودجەی سەربازی لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی سەربازی و بەو پێیە جیهان کەمتر ئارامی و ئاسایش بە خۆیەوە دەبینێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئەمە بەندە بەوەی چ وڵاتێك ئەم خەرجییە، یان بودجەیە زیاتر دەکات و لە پێناوی چی و بە ئامانجی چی زیادی دەکات. ئەگەر ڕوونتر وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا پێم وانییە زیادبوون و هەڵکشانی ئەم خەرجییە سەربازییانە ببنە هۆی بە سەربازیکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتانی ئەوروپا بە چەشنێك کە لە کۆتاییدا شەڕ بەرپا ببێت لە نێوان ئەم وڵاتانەدا. دواتر من پێم وانییە درێژە بدرێت بە زیادبوون و هەڵکشانی ئەم خەرجییە سەربازییانە، چونکە ئەم وڵاتانە ئەولەوییەت و پێداویستیی دیکەیان هەیە کە دەبێت بایەخیان پێ بدەن و سەرچاوەی پێویستیان بۆ تەرخان بکەن. چونکە زیادبوونی خەرجییە سەربازییەکان بە چەشن و شێوەیەکی بەردەوام کێشە و مەترسی بۆ سەر ئەو وڵاتە دروست دەکات. بۆ نموونە یەکێتی سۆڤییەت لە سەتا ١٥ و هەندێك دەڵێن لە سەتا ٢٥ی تێکڕای داهاتی نەتەوەیی بۆ بواری سەربازی خەرج کردووە، بەڵام هەموو ئەمانە لەسەر حیسابی خواست و پێداویستییەکانی دیکەی خەڵکی ئەو وڵاتە بوو، ئەوە بوو کە لە کۆتاییدا کێشە و گرفتی گەورە و قووڵی بۆ دروست کرد و تەنانەت بووە هۆی لەبەرەیەك هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییەت. هەرچۆنێك بێت، بە گشتی دەتوانین بڵێین کە کەمبوونەوەی خەرجییە سەربازییەکان ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی جیهان ئارامی و ئاسایشی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت. بەڵام بە داخەوە واقیعی سیاسەتی جیهانی ئەوەیە کە هەڕەشە و مەترسیی زۆر هەن، بۆ نموونە، کەسێکی وەك سەرۆك ڤلادمیر پوتین پرسەکەی پەیوەست کردووەتەوە بە شەخسی خۆیەوە و بڕیار و هەوڵەکانی یەك ناگرنەوە لەگەڵ خواست و بەرژەوەندیی نەتەوەکانی دیکەشدا، کە لە ڕووی مێژووییەوە ئەم جۆرە سیاسەتکردنە دەرئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە. ئێمە ئەزموونی جەنگی دووەمی جیهانمان لەبەرچاوە لەم ڕووەوە.

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ڕۆژئاوا بە گشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەتی، لە پاڵ هاوکاری مرۆیی و سەربازی بۆ ئۆکرانیا چەندین سزای ئابووری و داراییشیان سەپاندبووە بە سەر ڕووسیادا، بەڵام باس لەوە دەکرێت ئەم سزایانە دەرئەنجامی خوازراویان بۆ ڕۆژئاوا لێ نەکەوتووەتەوە و بگرە ڕووسیا داهاتێکی زیاتری بەدەست هێناوە بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و غازەوە، ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە تا ئێستا ئابڵوقەی پەیوەست بە نەوتەوە کارا و کاریگەر نەبووە، چونکە هێشتا ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەوروپا پشتبەستبوون بە نەوت و غازی ڕووسیا. دواتر هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە، بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و غازەوە، هەرچەندە ڕێژەی کڕینی ئەم سەرچاوانە لەلایەن ئەوروپاوە لە ڕووسیا کەم بووەتەوە، بەڵام ڕووسیا بڕێکی زیاتری داهات بەدەست دەهێنێت، کە دەتوانێت بۆ درێژەدان بە شەڕەکە بەکاری بهێنێت. کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە ڕەوایە کە بکرێت لەبارەی ئەوەی کە ئایا لە مەودای کورتخایەندا کێ زیانمەند بووە لەم سزایانە؟ هەرچۆنێك بێت ڕەنگە ئامانجی دوورمەودای ئەوروپا ئەوە بێت کە کەمتر پشتبەستبوو بێت بە نەوت و غازی ڕووسیا و لەم ڕووەوە هەوڵ دەدرێت سەرچاوەی بەدیل بدۆزرێتەوە، بەتایبەتی سعودیە بکرێت جێگرەوەی ڕووسیا لەم بوارەدا، هەر ئەمەش هۆکاری سەردانی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جۆ بایدن) بوو بۆ ئەو وڵاتە، سەرباری ڕەخنە و گلەییەکانی ئەمریکا لە تۆماری مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا. هەروەها لەم ڕووەوە باس لەوە دەکرێت کە ئیسرائیلیش هەندێ لە غازی بەرهەمهێنراوی کەنارئاوەکان بۆ ئەوروپا هەنارده دەکات، هەرچەندە ئەمە ڕێژەیەکی کەمە بەراورد بەو ڕێژەیە لە وڵاتی ڕووسیاوە هاوردە دەکرێت. بەڵام

بە شێوەیەکی گشتی پرسی پەیوەست بە نرخی نەوت و غازەوە نادڵنیاییەکیان دروست کردووە، بەڵام ئومێدەکە لای وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە ئەم سزا سەپێندراوانە بەسەر ڕووسیادا بتوانێت لە مەودای دووردا بۆ نموونە لە ماوەی شەش بۆ دوانزە مانگی داهاتوودا کاریگەریی بەرچاوی هەبێت لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە. بەتایبەتی کە زۆرێك لە کۆمپانیا ئەورووپی و ئەمریکییەکان لە ڕووسیا کشاونەتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا لە تەکنەلۆژیی سەردەمیانە و گرنگ بێبەش بێت، بە چەشنێك کە لە مەودای دووردا زیان بە ئابوورییەکەی بگەیەنێت و نارەزایەتییەك لە نێو خەڵکی ڕووسیادا دروست ببێت. بە هەمان شێوە هەڵکشانی ژمارەی



کوژراوانی سەربازانی ڕووسیا دەبێتە هۆی ئەوەی ئۆباڵی ئەم شەڕە بخرێتە ئەستۆی حکومەتی ڕووسیا، هەروەك چۆن زیادبوونی ژمارەی کوژراوانی سەربازانی یەکێتی سۆڤییەت لە شەڕی ئەفغانستاندا ئەم کاریگەرییەی لێ کەوتەوە. بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕووسیا ناوی ئەم داگیرکارییەی ناوە ئۆپەراسیۆنی تایبەتیی سەربازی، بەڵام هەمووان دەزانین کە ئۆپەراسیۆنی تایبەتی سەربازی نە هێندە درێژە دەکێشێت و نە هێندە قوربانی و زیانی سەربازیشی لێ دەکەوێتەوە.


*** ئەگەر باس لە ئەگەرەکانی پەیوەست بەم شەڕەوە بکەین، ئایا پێتان وایە پتر هەڵدەکشێت و تەنانەت دەگاتە ڕاددەی بەکارهێنانی چەکی ناوکی، یان دەکرێت لە ڕێی گفتوگۆوە بتوانرێت ڕێگاچارەیەك بهێنرێتەئاراوە، یان ئەوەتا شەڕەکە بەم ڕەوت و ئاستەی ئێستای درێژە دەکێشێت؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە زیاتر ئەگەری سێیەمیان ڕێی تێدەچێت، واتە درێژەکێشانی شەڕەکە بەم ڕەوتەی ئێستایەوە، چونکە ئاشکرایە ئۆکرانییەکان لەبارێکدا نین کە خواست و پەرۆشییەکی زۆریان هەبێت بۆ گفتوگۆکردن، بە هەمان شێوە ئەم ئامادەکاری و خواستەش لای ڕووسیا بەدی ناکرێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئۆکرانیاوە، ئەوا پێدەچێت ئەم وڵاتە ئامادە نەبێت خاك لە دەست بدات و لە ڕێی گفتوگۆکانەوە سازش بکات و دەستبەرداری خاکی خۆی بێت. کەواتە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت بریتیە لە بە بنبەست گەیشتنێك کە هەردوولا تێیدا زیانمەندن، بەو پێیە ڕەنگە لە کۆتاییدا ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەگەری ئەوە بێتە ئاراوە کە ڕازی بن لە ڕێی ئەنجامدانی گفتوگۆوە بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە بە چەشنێك کە هیچ لایەك تەواوی داواکاری و ئامانجەکانی بەدی نەهێنێت. هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا بارودۆخە سەربازییەکە جێگیر نییە، بەڵام من پێشبینی ئەوە ناکەم ئەم بارودۆخە بە شێوەیەکی دراماتیکی بگۆڕێت، تا ئەو کاتەی کە ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەستەبەرکردن و دابینکردنی چەك بۆ هێزە چەکدارەکانی ئۆکرانیا بەردەوام بن.

**زۆرێک لە کۆمپانیا ئەورووپی و ئەمریکییەکان لە ڕووسیا کشاونەتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا لە تەکنەلۆژیی سەردەمیانە و گرنگ بێبەش بێت، بە چەشنێک کە لە مەودای دووردا زیان بە ئابوورییەکەی بگەیەنێت و نارەزایەتییەک لە نێو خەڵکی ڕووسیادا دروست ببێت**

**پێشبینی ئەوە ناکەم ئەم بارودۆخە بە شێوەیەکی دراماتیکی بگۆڕێت، تا ئەو کاتەی کە ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەستەبەرکردن و دابینکردنی چەک بۆ هێزە چەکدارەکانی ئۆکرانیا بەردەوام بن**

دیمانەی تایبەت



تۆماس ئەریکسۆن
ئەنسرۆپۆلۆژیستی نەرویجی بۆ گوڵان:

# ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ بەرهەم و زادەی دەوڵەت و مۆدێرنێتەیە

**تۆماس ئەریکسۆن پرۆفیسۆری ئەنسرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە لە زانکۆی ئۆسلۆ لە نەرویج، لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥-٢٠١٦ سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپی بۆ ئەنسرۆپۆلۆژیستە کۆمەڵایەتییەکان بووە، ئەندامی ئەکادیمیای نەرویجییە بۆ زانست و ئادابەکان، خاوەنی چەندین توێژینەوە و نووسینە لە بواری ناسیۆنالیزم و ناسنامە و چەند بوارێکی گرنگی دیکە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا پرسی ناسیۆنالیزم و جیهانگەرایی لەگەڵدا تاوتوێ کرد.**

*** هەمیشە ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی بوونەتە جێی مشتومڕ و لێکۆڵینەوە، لەم ڕووەوە تێڕوانین و دیدی جیاواز دروست بووە، هەندێك پێیان وایە ناسیۆنالیزم مایەی کاولکاری و وێرانکاری بووە، هەندێکیش پێیان وایە دەکرێت ناسیۆنالیزم چوارچێوەیەك بێت بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی نەتەوەکان و بگرە دەکرێت ببێتە بناغەی پەیوەندییەکی باشی نێوان نەتەوەکان، ئێوە چۆن لە ناسیۆنالیزم دەڕوانن و، ئایا توخمە بنەڕەتییەکانی چین، دەکرێت بڵێین بە تێپەڕبوونی کات ناسیۆنالیزم گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانرێت بگوترێت کە ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ بەرهەم و زادەی دەوڵەت و مۆدێرنێتەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ناسنامە نەتەوەییەکان لەسەر چەند ناسنامەیەکی دێرینتر و کۆنتری ئیتنی و کەلتووری بنیات نراون، لەم ڕووەوە و لە پەیوەندی بە پێناسەی ناسیۆنالیزمەوە، ئەوا ئێرنیست گێڵنەر پێی وایە ناسیۆنالیزم بە چەشنێکی سەرەکی پرەنسیپێکی سیاسییە و بەو واتایە دێت کە پێویستە سنوورە سیاسییەکان یەك بگرنەوە و یەکانگیر ببنەوە لەگەڵ سنوورە کەلتوورییەکاندا، بە دەربڕینێکی دیکە، نەتەوە پێویستی بە ڕاددەیەك لە لێکچوونی کەلتووریی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە، ناسیۆنالیزم جیاوازە لە کەلتوورە خێڵەکییەکان کە لەسەر بنەمای پەیوەندیی خزمایەتی دروست دەبن، لە هەمان کاتدا دەکرێت بگوترێت جیاوازە لە ئیمپراتۆریەتەکانیش کە هەمیشە قەوارەیەکی فرەکەلتوورین، بەڵام هەرگیز دیموکراتی نین. هەروەها دەبێت بڵێین کە فۆڕمی سیاسیی دیکەش لە ئارادان و هەن، وەك فیدراسیۆنەکان، کە بوار دەڕەخسێنن بۆ مومارەسەکردنی مافی

بڕیاردانی چارەنووس و بوونی فرەیی، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین دامەزراوەی هاوبەشیان هەیە، وەك هاووڵاتیبوون و بوونی دراوێکی هاوبەش. ئەگەر بمانەوێت بە سادەیی گوزارشت لەم بیرۆکەیە بکەین، ئەوا دوو جۆری سەرەکی ناسیۆنالیزم لە ئارادان، ناسیۆنالیزمی پەیوەست بە خاکەوە، و ناسیۆنالیزمی ئیتوکەلتووری، ناسیۆنالیزمی پەیوەست بە خاکەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر سنوورە جوگرافییەکانی دەوڵەت و هاووڵاتیبوون وەك پێوەرێکی سەرەکی بەکار دەهێنێت بۆ پێوانەکردنی ئینتیمای نەتەوەیی، لە دیدگای ناسیۆنالیزمی ئێتنۆکەلتوورییەوە هەر کەسێك کە هاوبەشی ناسنامەی نەتەوەیی باڵادەست، یان زۆرینە نەبێت، ئەوا بە ڕادە و پلەی جیاواز وەك کەسێکی دەرەکی لێی دەڕوانرێت، لە ڕاستیدا ئەمە کێشەی جددی دروست دەکات بۆ ئەو گرووپە کەمینانەی کە هەوڵی پاراستنی ناسنامەی کەلتووریی خۆیان دەدەن، لە ڕابردووشدا هەوڵ و کۆششی گەورە دراوە بۆ ئاوێتەکردنی کەمینەکان لە کەلتوورە باڵادەستەکەدا. لەم دەیانەی دواییدا، گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزمی ئیتنۆکەلتووری بەدی کراوە، کە هەندێك جار بە ڕەسەنگەرایی باسی لێوە دەکرێت، ئەمە بووەتە دیاردەیەکی جیهانگەرایی، لە ئەفریقا و بە هەمان شێوە لە کیشوەری ئەورووپاشدا بەدی دەکرێت، هەروەها ئەم جۆر و چەشنە لە ناسیۆنالیزم لە نێو ناسیۆنالیزمی هیندۆسیدا کە هێزی سیاسیی باڵادەستە لە وڵاتی هیندستان، بەرجەستە بووە، لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە نێو ترەمپیزمدا هاتووەتە ئاراوە، بە هەمان شێوە لەو بزوتنەوەیەی سەری کێشا بۆ ڕوودانی برێگزێت لە ئەورووپا، هەروەها لە تورکیا و لە سایەی دەسەڵات و حوکمڕانیی ئەردۆغاندا و، لە هەنگاریا و لەژێر قەڵەمڕەوی ڤیکتۆر ئۆرباندا و، بە شێوەیەکی گشتیتر بەرجەستە بووە لە سەرهەڵدان و هەڵکشانی بزوتنەوە و پراکتیزە ناسیۆنالیستییە ڕاسترەوەکاندا و لەو پارتانەی کە بیانییەکان و کەمینەکان بە کێشە و گرفت دەزانن لە بەردەم یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەکەدا، ئەمەش بە ڕادەیەکی گەورە پەرەسەندنێکە و پەیوەستە بە سەدەی ٢١ـەوە، ئەگەرچی دەتوانرێت ڕیشەی بۆ ڕابردوویەکی دوورتریش بگەڕێندرێتەوە.

*** هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کرد، لە ئێستادا گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم لەسەر ئاستی جیهاندا بەدی دەکرێت، بە دید و تێڕوانینی ئێوە پاڵنەری سەرەکیی ئەم پەرەسەندنانە چین و دەکرێت بۆ چ هۆکارێکی بگەڕێندرێنەوە؟، ئایا پێتان وایە گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم دەرئەنجامێکی حەتمیی ناڕازیبوون و نائومێدبوونە لە جیهانگەرایی؟**

- سوپاس بۆ پرسیارەکەتان، پرسیارێکی گرنگە، بەڵێ، زۆرێك لە هۆکارەکانی گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم بریتییە لە دەرئەنجام، یان با بڵێین کاردانەوە و پەرچەکردارە لە بەرامبەر بە جیهانگەرایی، بە چەشنێك لە ئێستادا و لە هەموو شوێنێك هەستێکی ڕاستەقینە لای خەڵك دروست بووە کە گۆڕانکارییەکان بە سەریاندا زاڵ بوون و، هیچ کەس داوای ڕاوبۆچوونی ئەوان ناکات و پێیان وایە سەربەخۆیی خۆیان لە دەست داوە. پێویستە ئەم ڕەوت و تەوژمە بە جددی بە هەند وەربگیردرێت، واتە کەلێن و کەلەبەرێك هەیە لە نێوان بڕیاربەدەستان و کۆمەڵگەکاندا، کەواتە بەڵێ، زۆر کەس هەست دەکەن کە جیهانگەرایی بەڵێنەکانی تەنیا بۆ دەستەبژێرە شارنشینەکان جێبەجێ کردووە، کە تا ڕادەیەکی گەورە ڕاستن لەم بۆچوونەیاندا، هەرچۆنێك بێت، پرسیاری ئەوە دەکرێت کە ئایا ناسیۆنالیزم ڕێگاچارە و چارەسەرەکەیە، ئایا نابێتە هۆی لاوازکردنی ڕایەڵە نێونەتەوەییەکان و، ئایا سەرناکێشێت بۆ تێڕوانینی پڕ لە گومان لە ئاست بیانییەکان و، ئایا لە کۆتاییدا گۆشەگیرییەکی کەلتووریی لێ ناکەوێتەوە؟ لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە ڕێگاچارەی کاریگەرتر و کاراتر هەیە بۆ چارەسەرکردن و پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە دیموکراسییەی لە جیهاندا ڕووبەڕووی دەبینەوە، بۆ نموونە، دەکرێت پێشنیاری بە نامەرکەزیکردنی ئابووری و سیاسەت بکرێت لە پێناو بەدەستهێنانەوەی خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی لۆکاڵی، لە هەمان کاتدا پاڵپشتی بکرێت لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و لە برەودان بە هاوکاری و پەیوەندییە نێو نەتەوەکان، ئەمە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی هۆکاری قووڵی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر ئەو هێز و دەسەڵاتە گەورەی لە دەستی چەند کۆمپانیایەکی کەمدا کەڵەکە بوون.

**ناسیۆنالیزم جیاوازە لە کەلتوورە خێڵەکییەکان کە لەسەر بنەمای پەیوەندیی خزمایەتی دروست دەبن، لە هەمان کاتدا دەکرێت بگوترێت جیاوازە لە ئیمپراتۆریەتەکانیش کە هەمیشە قەوارەیەکی فرەکەلتوورین، بەڵام هەرگیز دیموکراتی نین**

**لە دیدگای ناسیۆنالیزمی ئێتنۆکەلتوورییەوە هەر کەسێک کە هاوبەشی ناسنامەی نەتەوەیی باڵادەست، یان زۆرینە نەبێت، ئەوا بە ڕادە و پلەی جیاواز وەک کەسێکی دەرەکی لێی دەڕوانرێت، لە ڕاستیدا ئەمە کێشەی جددی دروست دەکات بۆ ئەو گرووپە کەمینانەی کە هەوڵی پاراستنی ناسنامەی کەلتووریی خۆیان دەدەن**

**لە ئێستادا و لە هەموو شوێنێک هەستێکی ڕاستەقینە لای خەڵک دروست بووە کە گۆڕانکارییەکان بە سەریاندا زاڵ بوون و، هیچ کەس داوای ڕاوبۆچوونی ئەوان ناکات و پێیان وایە سەربەخۆیی خۆیان لە دەست داوە**

*** ئێمە لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەمان بەوە کرد کە هەندێ بۆچوون هەیە کە گوزارشت لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خۆیان دەکەن لە ئاستی ناسیۆنالیزمدا و، پێیان وایە کە لە ڕووی مێژوییەوە هاتنەئارای ناسیۆنالیزم سەری کێشاوە بۆ سەرهەڵدان و بەرپابوونی جەنگی کاولکاری و چەوساندنەوەی کەمینەکان و لەباربردن و لە ناوبردنی دیموکراسی، دەمانەوێت تێڕوانینی ئێوە بزانین لەم بارەیەوە، ئایا ئەمانە بۆچوونی ڕاست و دروستن، یان زیادڕەوییان تێدا کراوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە گشتاندنێکی زۆر گەورەیە، چونکە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە لە ١٩٪ لە ئەوروپا و لە ٢٠٪ لە ئەفریقا، ناسیۆنالزم بە چەشنێکی سەرەکی ئایدیۆلۆژیایەکی پێشکەوتنخواز بوو لە بواری ئاوێتەکاری و بەشداریکردن و دیموکراسیدا و، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە تەنانەت جووتیار و کرێکارە هەژارەکانیش ئەندامی نەتەوەکەن و مافی شانازیکردن و تا ڕاددەیەك لە بەشداریکردنیان هەیە، هەرچەندە زۆر جار نەیتوانی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، بەڵام دەکرێت بە ڕاست و دروستی بەو شێوەیە لێی بڕوانرێت کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا هێزێکی دیموکراتی بوو، لە هەمان کاتدا، ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە ناسیۆنالیزم و باڵادەستیی ئیتنی لە ئاستی خوار نەتەوەیی سەریان کێشاوە بۆ نەهامەتی و ئێش و ئازارێکی ناپێویست و توندوتیژییەکی بێمانا، لە ڕۆژگاری ئێستاشدا ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت، چونکە ڕۆژگارێکی دوور و درێژە کە ڕەهەندە سەرکوتکاری و دوژمنکارییەکەی ناسیۆنالیزم بووەتە ڕووکارێکی دیار و بەرچاو.

*** دەمانەوێت دواپرسیارمان پەیوەست بێت بە پێناسەی ناسیۆنالیزمی ئایینی و کارلێك و پەیوەندیی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزمەوە، ئایا مایەی بەهێزکردنی یەکترین، یان پێکەوە هەڵناکەن؟**

- لە ڕواڵەتدا ناسیۆنالیزمی ئایینی وەك دژبەرییەك دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی ئایین پەیوەست نییە بە پانتاییەکی دیاریکراوەوە، بەڵام لە چەندین حاڵەتدا ئەوە بەدی دەکرێت کە ناسیۆنالیزم و ئایین یەکتر بەهێز بکەن، بە زۆری دەکرێت ئایین و ناسیۆنالیزم وەك بەشێکی هەمان پاکێج لێك بدرێنەوە، لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تێڕوانینێکی دیاریکراوی ئایینی بە بێ کێشە ئاوێتە دەبوو لەگەڵ پۆپۆلیزمی ڕاسترەو و باڵادەستیی سپی پێستەکاندا، ئەمەش لە دەرئەنجامدا ناسیۆنالیزمێکی زیانبەخشی لێ کەوتەوە و بووە هۆی دابەشبوونی وڵاتەکە. هەروەها سەرکردە نەتەوەییەکانی وەك ڤلادمیر پوتین، پەنا بۆ وروژاندنی پرسە ئایینییەکان دەبەن، کە خودی پوتین کەسێکی نزیکە لە کڵێسای ئۆرسۆدۆکسەوە.

**زۆر کەس هەست دەکەن کە جیهانگەرایی بەڵێنەکانی تەنیا بۆ دەستەبژێرە شارنشینەکان جێبەجێ کردووە**

**سەرکردە نەتەوەییەکانی وەک ڤلادمیر پوتین، پەنا بۆ وروژاندنی پرسە ئایینییەکان دەبەن، کە خودی پوتین کەسێکی نزیکە لە کڵێسای ئۆرسۆدۆکسەوە**



# ڕۆڵی زانکۆ لە بنیاتنانی تواناکان لە بواری ژینگەپارێزیدا

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕۆڵ و پێگەی ژینگە و ژینگەپارێزی زیاتر بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەتان دەردەکەوێت، بۆیە مافی ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەتدا خراوەتە نێو زۆرێك لە دەستووری وڵاتانەوە، وەك لە ماددەی ٣٣ی دەستووری عێراقیشدا هاتووە کە: «هەر تاکێك مافی ژیانی لە بارودۆخێکی ژینگەیی سەلامەتدا هەیە».

تازەترین هەنگاوێکی جیهانییش لەم بوارەدا بەپێی ئاژانسی هەواڵی «ئەسۆشییەتد پرێس» بریتی بوو لە هەنگاوی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/٢٩ بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا لەسەر مافی مرۆڤ بۆ ژیان لە ژینگەیەکی تەندروستی بەردەوامدا.


تەنانەت (ئەنتۆنیۆ گۆتیریش)ی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو دەنگدانەی بە بڕیارێکی مێژوویی وەسف کرد، ئەوەیشی گوت کە پەسەندکردنی ئەم بڕیارە تەنیا سەرەتایەکە و هەموو دەوڵەتانیشی هان دا کە ژینگەی خاوێن و تەندروست بکرێتە مافی هەمووان لە هەموو شوێنێك، لە دەنگدانیش بۆ پەسەندکردنی ئەم بڕیارە (١٦١) دەوڵەت پشتیوان بوون، هیچ دەوڵەتێکیش دژ نەبوو، بەڵام هەشت دەوڵەت بێلایەنییان هەڵبژارد کە ئەوانیش بریتیی بوون لە هەر یەك لە: چین،ڕووسیا، بیلاڕووسیا، کەمبۆدیا، ئێران، سووریا، قیرغستان و ئەسیوبیا.

شایانی باسە هەرچەندە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هێزی پابەندکردنیان نییە لە ڕووی یاساییەوە، بەڵام دەکرێت ئەم بڕیارە وەك هەنگاوێکی باش بۆ ئایندە تەماشا بکرێت.

چەسپاندنی ئەم مافە لە هزری تاکدا پێویستە لە قۆناغی سەرەتایی پەروەردە و فێرکردنەوە دەست پێ بکات، چونکە ئامانجی پەروەردەی ژینگەیی بریتییە لە بەرچاوڕوونکردنی تاك بۆ دروستکردنی ڕۆشنبیری لە بارەی گرنگیدان بە ژینگە بە شێوازێکی بەرپرسیارانە و کاریگەر.

بۆیە پەروەردەی ژینگەیی لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی زانیاریی ئەوتۆیە کە ڕەفتار و چالاکییەکانی تاك و کۆمەڵگە ئاسەواری زیانبەخش بە سەر ژینگەوە بەجێ نەهێڵن، هەروەها ڕێگایەك بۆ تاك دیار بکات، بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ژینگەدا و بۆ پێکهێنانی هۆشیارییەکی پێویست سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەپارێزی لە جیهانی ئەمڕۆدا، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانەی کە لە هەر بوارێکدا دەدرێن، ئاسەواری خراپیان لێ نەکەوێتەوە لەسەر ژینگە و خودی مرۆڤیش.

سەبارەت بە خوێندنی باڵا و ڕۆڵی خوێندکارانیش لە پاراستنی ژینگەدا دەتوانین ئاماژە بەو هاوکاری و هەماهەنگییانە بکەین کە ساڵانێکە لەسەر ئاستی جیهاندا لە نێوان دەزگا فەرمییەکانی ژینگە و زانکۆکاندا هەیە.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

بۆیە لەم بوارەدا دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان لە پلانیدایە کە یاداشتنامەی لەیەکگەیشتن لە نێوان فەرمانگەکانی ژینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و زانکۆکانی سنوورەکەیاندا واژۆ بکرێت بە مەبەستی هەماهەنگیی ژینگەیی، سەرەتای ئەم هەنگاوەش بە واژۆکردنی یاداشتنامەی لەیەکگەیشتنی نێوان فەرمانگەی ژینگەی هەولێر و بەشی زانست و تەندروستیی ژینگەی کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەددین دەستی پێ کرد بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان فەرمانگەی ژینگەی پارێزگای هەولێر و بەشی زانست و تەندروستیی ژینگەی کۆلێژی زانستیی زانکۆی سەلاحەددین :

بە مەبەستی زیاتر لە یەك نزیککردنەوەی هەردوو لایەنی تیۆری و کرداری لە بواری ژینگەدا، بەشی زانست و تەندروستیی ژینگەی کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەددین و فەرمانگەی ژینگەی هەولێر ڕێککەوتن لەسەر واژۆکردنی یاداشتێکی لێکتێگەیشتن کە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە لەخۆدەگرێت:

١- بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوولا بەئەنجامدانی توێژینەوە لەلایەن بەشی زانست و تەندروستیی ژینگە لە بارەی ئەو پرسە ژینگەییانەی کە لەلایەن فەرمانگەی ژینگەی هەولێرەوە بە پێویست دەزانرێن و لە توانای بەشی زانست و تەندروستیی ژینگەشدان.

٢- هەماهەنگی لە نێوان هەردوولا بۆ پێداچوونەوە بە هەندێك لایەنی پرۆگرامی خوێندن لە بەشی زانست و تەندروستیی ژینگە کە هەردوولا بە پێویستی بزانن.

٣- ڕێکخستنی خولی هاوینە لە فەرمانگەی ژینگەی هەولێر بۆ قوتابیانی قۆناغی سێیەم بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو بوارە کردارییەی کە لە ئایندەدا پێویستییان پێ دەبێت.


٤- هەوڵدانی بەشی زانست و تەندروستیی ژینگە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ناونیشانانە بۆ قوتابیانی دواقۆناغی بەش کە گرفتێکی ژینگەیی لە سنووری پارێزگای هەولێردا چارەسەر دەکەن و، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

٥- هەماهەنگیی نێوان هەردوولا بۆ کردنەوەی خولی تایبەت بەو دەرچووانەی بەشی زانست و تەندروستیی ژینگە کە ئارەزووی کارکردنیان هەیە وەك چاودێری ژینگەیی دابمەزرێن لەسەر پرۆژەکانی کەرتی تایبەت بە ڕەچاوکردنی مەرج و ڕێنماییەکان و ساڵی دەرچوونی قوتابیان.

# ماف و ئازادییە ئەکادیمییەکان



د.نەژدەت ئاکرەیی
پسپۆڕ لە ئاسایشی نەتەوەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە



گرنگیی ئەم بابەتە خۆی لە گرنگیی کۆمەڵگەی ئەکادیمیدا دەبینێتەوە، کۆمەڵگەی ئەکادیمی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا ڕێکی دەخەن، ئەوانەی لەم کۆمەڵگەیەدان دەستەبژێری ئەکادیمین، لە ئەنجامی کاری لێکۆڵینەوە و بڕوانامەی باڵا لە دامەزراوە ئەکادیمییەکان وەك زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی کار دەکەن، گرنگیی ئەم کۆمەڵگەیەش زیاتر لەوەدایە کە دەرهاویشتەی زۆر بۆ کۆمەڵگە دابین دەکات، وەك دەرچووانی زانکۆکان بۆ دامەزراوەکانی تەشریعی و جێبەجێکردن و دادوەری، هەروەها بۆ دەزگاکانی پەیوەست بە میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی و زۆر بواری دیکە، کۆمەڵگەی ئەکادیمی مەعریفییە و بازنەی ئامادەکردن و دارشتنی بڕیاری سیاسییە، بایەخدان بە ماف و ئازادییە ئەکادیمییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە سەدەیەك، گۆڕانکارییەکانی جیهانیش کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەم داواکارییە، ماف و ئازادییە دیموکراسییەکان خۆیان لە زۆر خاڵی گرنگدا دەبیننەوە، بۆ نموونە مەسەلەی هەرە گرنگ لەمانە سەربەخۆیی دامەزراوە ئەکادیمییەکانە، کە لە یاسای ئەم دامەزراوانەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە دەبێت بەرپرسانی کاربکەن و بەرپرس و سەرۆکی ئەم دامەزراوانەش بە شێوازی هەڵبژاردن و دیموکراسییانە ئەرکی سەرشانی خۆیان ڕاپەڕێنن، هەروەها بودجەی سەربەخۆیان هەبێت، نابێت بە هیچ شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەخۆ پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارانەوە هەبێت.

مەسەلەیەکی دیکەی ماف و ئازادییەکانی ئەکادیمی پەیوەستە بە ئازادیی فیکری لەناو ئەم دامەزراوانەدا، کە خۆی لە ئازادیی ڕەخنەگرتن و فێربوون و فێرکردن و گوزارشتکردن لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوە دەبینێتەوە، هەروەها ئازادیی ڕاوبۆچوون و ئایدیۆلۆژی بە مەرجێك کە دەست نەبرێت بۆ پێگەی یاسایی ئەم دامەزراوانە، جگە لە بوونی یەکسانی لە هەموو چالاکی و توێژینەوەکانی ئەو کەسانەی لەم دامەزراوانەدا کاردەکەن، یەکێکی دیکە لە ماف و ئازادییە ئەکادیمییەکان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مافی کارکردن لەم دامەزراوانە دەبێت شێوازی دامەزراندنیان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و پاکی بێت، یەکسانییش هەبێت بۆ ئەوانەی لەم



**مەسەلەیەکی دیکەی ماف و ئازادییەکانی ئەکادیمی پەیوەستە بە ئازادیی فیکری لەناو ئەم دامەزراوانەدا، کە خۆی لە ئازادیی ڕەخنەگرتن و فێربوون و فێرکردن و گوزارشتکردن لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوە دەبینێتەوە**

**زۆر ماف هەن کە پێویستە بۆ ئەکادیمییەکان دابین بکرێن، وەکو مافی بەشداریکردن لە دارشتنی سیاسەت و پلانی دامەزراوەکان، هەروەها مافی خۆپیشاندان، مافی دامەزراندنی سەندیکا و ڕێکخراوەکان، تەنانەت ئەنجامدانی کاری سیاسی**

**پێویستە ئەوانەی لە دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا کار دەکەن، بەپێی یاسا پارێزراو بن لە هەموو جۆرە دەستتێوەردانێک لە کاروباریان**

دامەزراوانە دەخوێنن، هەروەها بنەما و بنچینەکانی وەرگرتن بۆ ئەوانەی تێیدا دەخوێنن، ڕوون و دیار بن، هاوکات ئەو مافانەشیان هەبێت کاتێك لەم دامەزراوانە وەرناگیرێن، پەنا بۆ دامەزراوە یاساییەکان ببەن، ئەوەی زۆر گرنگە کە ئێمە پێی دەڵێین: «حەوکەمە» واتا لەم دامەزراوانە دەبێت شەفافییەت و لێپرسینەوە و دادپەروەری و دەرفەت هەبێت، هەڵبەتە زۆر ماف هەن کە پێویستە بۆ ئەکادیمییەکان دابین بکرێن، وەکو مافی بەشداریکردن لە دارشتنی سیاسەت و پلانی دامەزراوەکان، هەروەها مافی خۆپیشاندان، مافی دامەزراندنی سەندیکا و ڕێکخراوەکان، تەنانەت ئەنجامدانی کاری سیاسی.

لەم ساڵانەی دواییدا مەسەلەی جێندەر لەم دامەزراوانەدا گرنگی پێ درا، لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە ڕووی دامەزراندن و مافی بەشداریکردنی ئافرەتان لە دەرکردنی بریار و سیاسەتەکانی ئەم دامەزراونە و یەکسانی لە پێشوەچوونی پیشەیی و کارگێری.

بە شێوەیەکی ڕوونتر باس لەم بابەتە بکەین، زۆر چالاکی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی ئەنجام دراون، گرنگترینیان ئەوە بوو کە لە ساڵی ٢٠١٣ کۆنگرەیەکی ئەکادیمی بۆ ئازادییە ئەکادیمییەکان لە ئوردن ڕێکخرا، گرنگییەکی تایبەتی بەم بوارە درا، کە بریاردرا کە دداننان بە مافەکانی ئازادییە ئەکادیمییەکان هەبێت، کە بە بێ هیچ مەرجێك حکومەت و زانکۆکان لە دەستووری خۆیاندا ددان بنێن بە ئازادییە ئەکادیمییەکان، هەروەها دەبێت پرەنسیپی پاراستنی ئەکادیمی لە ڕوانگەی توێژینەوەی زانستی هەبێت، هاوکات هەندێ پێوەری ئەکادیمی و ئەخلاقی دابنرێن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی و جۆرە دادپەروەرییەك هەبێت لە وەرگرتنی کەسانێك لە دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا، جەختیش کراوەتەوە لەسەر بوونی حەوکەمەی ئەکادیمی کە بەرانبەر هەموو گەندەڵییەك ڕاوەستێت، هاوکات سەندیکا و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەبێت لە ڕوانگەی دابینکردنی ئاسایشی فەرمانرەوایی و بارودۆخیان چاك بکرێت و نابێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە هیچ شێوەیەك دەست وەرداتە پرۆگرامەکانی خوێندن، یان پێشخستن، یان دامەزراندنی کەسەکان لە دامەزراوەکان، بەڵکو پێویستە کۆمیتەی نیشتمانی هەبن کە لەم دامەزراوانە هەڵبژێردرابن، ئەوان سەرپەرشتیی کاری وەرگرتن و بنەما و پێوەرەکان بکەن.

پێویستە ئەوانەی لە دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا کار دەکەن، بەپێی یاسا پارێزراو بن لە هەموو جۆرە دەستتێوەردانێك لە کاروباریان، مەسەلەی جێندەریش جەختی لەسەر کرایەوە، هەروەها دەبێ جۆرە توندییەك هەبێت لە کاتی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، هاوکات ئەندامی دامەزراوەی ئەکادیمی جۆرە ئازادییەکی هەبێت لە وانەگوتنەوە و پێوەرەکانی ئەم بوارەدا، پاڵپشت بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و زانستی، دیموکراسیی خوێندن لەم مەسەلەیەدا زۆر گرنگە، پێویستە مامۆستایان و قوتابیان ڕۆڵیان لەم بوارەدا هەبێت، دەبێت لەسەر پرەنسیپی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کار بکرێت بۆ بوونی هەموو جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان پێکهاتەی ئەکادیمی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، هاوکات پێویستە دامەزراوە ئەکادیمییەکان سەرچاوەی داراییان هەمەجۆر بکەن، تاکو جۆرە سەربەخۆییەکیان هەبێت، دیسان پێویستە دامەزراوە ئەکادیمییە تایبەتییەکانیش یاسای تایبەت بە خۆیان هەبێت.

لە دەرئەنجامدا نابێت بە هیچ شێوازێك ویسایەتی سیاسی لەسەر کۆمەڵگە ئەکادیمییەکان هەبێت، دەبێت دەسەڵاتەکانیش ڕێز لە سەربەخۆیی کۆمەڵگەی ئەکادیمی بگرن لە پێکهاتەی مامۆستا و قوتابی و کارمەندانی دیکە، هەروەها نابێت دەستتێوەردانی سیاسی لە کارو چالاکییەکانیان هەبێت، دیارە ئەم دامەزراوانەش موڵکی گەلن، بۆیە دەبێت هەموو چالاکییەکانیان لە خزمەتی گەلدا بن، لەلایەکی دیکەوە لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە ئەو دامەزراوانە ئیلتیزاماتی زانستی و ئەخلاقییان هەبێت لە ڕووی مرۆییەوە کە پێوەیان پەیوەست بن، هاوکات توێژینەوەکانی ئەم دامەزراوانە لە خزمەتی کۆمەڵگەکاندا بن، جگە لەمە دەبێت دەسەڵاتیش پێداویستییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری و ئەخلاقی و زۆر لە مەسەلەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ بۆ ئەم دامەزراوانە دابین بکات،

ئەمە وێڕای فەراهەمکردنی پاڵپشتیی دارایی و شەراکەتی ئابووری.

لە ساڵی ٢٠١٥ لە وڵاتی تونس کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی زانکۆکان لە قۆناغی گواستنەوە ئەنجام درا، کە چەندین دامەزراوە بەشدارییان تێدا کرد، وەك ڕێکخراوی ئازادیی ئەکادیمی و ڕێکخراوی سەرۆکایەتیی زانکۆکان و ڕێکخراوی سەنتەری عەممان بۆ مافی مرۆڤ، لەم کۆنگرەیەدا نزیکەی (١٥) توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر ئەم بابەتە پێشکەش کران، بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر شێرزاد نەجارِ توێژینەوەیەکی بە ناوی «دیاردەکانی

گۆڕانکارییەکی دیموکراسی و ئازادییەکانیان تێدایە، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٠ کە بە شۆڕشی بەهاری عەرەبی ناسێنرا، بۆیە ئەم بوارە بە تەواوی کاری لەسەر کراوە و پێداچوونەوە بە دامەزراوە ئەکادیمییەکانیش کرا، هەر چۆن بێت لە دەرئەنجامدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ماف و ئازادییە ئەکادیمییەکان کە خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە پێویستە لە چەمکی ئازادیی ئەکادیمی تێ بگەین، هاوکات دەبێت لەوەش تێ بگەین کە جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەمنی و سیاسی و دارایی لە کاروباری ئەم دامەزراوانەدا هەیە، بەڵام پێویستە پاراستنێکی

**پێویستە پاراستنێکی دەستووری هەبێت بۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە ناو دەستوورەکانیشدا باسی ئازادیی فێربوون و مافی ئازادیی توێژینەوەی زانستی و داهێنان و بەدەستهێنانی زانیاری و ئاڵوگۆڕی ئەم زانیاریانە و ئازادیی بڵاوکردنەوە و چاپکردن و ڕادەربڕین بکرێت**



سەربەخۆیی دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە زانکۆکانی عێراقدا» پێشکەش کرد، هەروەها بەندەش توێژینەوەیەکم پێشکەش کرد دەربارەی چوارچێوەی یاسایی و سەربەخۆیی و ئەکادیمی و کارگێری و دارایی زانکۆکانی کوردستانی عێراق.

کارکردن لە بواری ئازادی و مافەکانی کۆمەڵگەی ئەکادیمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە چەند دەوڵەتێکدا ئاسان نییە، چونکە دیارە زۆربەی ئەم دەوڵەتانە کێشەیان هەیە لە بواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی، بەڵام ئەو کۆمەڵگەیانە کە جۆرە

دەستووری هەبێت بۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە ناو دەستوورەکانیشدا باسی ئازادیی فێربوون و مافی ئازادیی توێژینەوەی زانستی و داهێنان و بەدەستهێنانی زانیاری و ئاڵوگۆڕی ئەم زانیاریانە و ئازادیی بڵاوکردنەوە و چاپکردن و ڕادەربڕین بکرێت، دیارە ئەوەی ئەم ئازادییانەش دەپارێزێت، بە دڵنیاییەوە بریتییە لە دەسەڵاتی دادوەری، چونکە بە پێشێلکردنی مافەکانی ئەم دامەزراوانە پەنا بۆ ئەم دەسەڵاتە دادوەرییە دەبرێت، بەڵام مەسەلەکە هێشتا لە سەرەتادایە، بۆیە پێویستی زۆری بە خوێندنەوە و بەدواداچوون هەیە.

**ئەوەی ئازادییەکانی دامەزراوەکان دەپارێزێت، بە دڵنیاییەوە بریتییە لە دەسەڵاتی دادوەری، چونکە بە پێشێلکردنی مافەکانی ئەم دامەزراوانە پەنا بۆ ئەم دەسەڵاتە دادوەرییە دەبرێت**

# مەلای کورد شوناس و پێگە و تایبەتمەندی و هەڵویست و خزمەت

**مەلای کوردستان وەک پێشەوای زانستی شەرعیی زۆربەی گەل و میللەتانی جیهانی ئیسلامی، کەسایەتییەکی زانستی و مەعریفییە کە هەمیشە تەواوی ژیانی لە ناو کۆڕ و چواردیواری زانست و مەعریفە و خوداپەرستیدا بەسەر دەبات**

مەلا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە بە کەسایەتیی زانستی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کەسێکی موجاز و دەرچووی مەدرەسەی زانستە شەرعییەکان دەگوترێت، کەسایەتییەکی دیاری ئایینی و کۆمەڵایەتیی ناو چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکە، کە لە ڕووی ئایینییەوە وەك پێشەواو مامۆستای ئەرك و مەناسیکە ئایینییەکان و، لە بواری کۆمەڵایەتیشدا وەك چاکساز و ڕێنیشاندەر و ڕیشسپی و دەمڕاستی ئەو خەڵکە دەناسرێت .

مەلا لە کوردەواریدا ناسناوێکی زانستی و پیشەییە و بە هەموو ئەو کەسانە دەدرێت کە علوومە شەرعییەکانی مەنهەجی دیاریکراوی (مەزهەبی شافعی) مەدرەسە شەرعییەکانی مزگەوتەکانی کوردستان کە بە حوجرە ناسراوە تەواو دەکات و ئیجازەی زانستی وەردەگرێت .

مەلای کوردستان وەك پێشەوای زانستی شەرعیی زۆربەی گەل و میللەتانی جیهانی ئیسلامی، کەسایەتییەکی زانستی و مەعریفییە کە هەمیشە تەواوی ژیانی لە ناو کۆڕ و چواردیواری زانست و مەعریفە و خوداپەرستیدا بەسەر دەبات، چونکە ئەم جۆرە لە پیشە، یان ناونیشانە بۆ مرۆڤی موسڵمان وابەستەبوونە بە مەشغەڵەتێکی دەوری، کە هەمیشە لە خزمەت زانستدا دەبێت، چ وەك فێربوون و وەرگرتن، یان وەك فێرکردن و بەخشین، بۆیە پلەکانی ژیانی زانستی و پیشەیی مەلایەتی لە سوختە و موستەعیدی فەقێیەتییەوە بگرە تا مەلایەتی و تەدریس بە تێکڕا، ئامادەبوونێکی زیهنی و ڕۆحییە لە خزمەت علووم و مەعریفەی سەماویدا .

بە درێژایی مێژووی حوجرە و مەدرەسەی زانستە شەرعییەکانی ئایینی ئیسلام لە کوردستان، ئەم چینە لە خوداناسان (مەلاکانی کورد) جگە لە ڕاگرتنی باڵانسی بەرژەوەندییە فەردی و جەماعییەکانی دنیا و قیامەتی میللەتی کورد، ئەرکی پێشەوایەتیکردنی بوارە جیاجیاکانی نەتەوەکەیان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ژیانی خەڵکیشیان لەسەرشان هەڵگرتووە، بۆیە زۆرترین و کاریگەرترین حوزوور لە کایە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەدا مەلای کورد هەیبووە و، هەر ئەویش بووە لە یەکلاکردنەوەی پرسە گرنگەکانی ژیانی ئادەمیزادی ئەم وڵاتەدا قسەو بڕیاری دیار و قبووڵکراوی لەلا بووە .

مەلای کورد بەراورد بە چین و توێژەکانی



**پ.د.عیرفان ڕەشید شەریف نەقشبەندی**
مامۆستای زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان و ئەندامی
مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دیکەی کۆمەڵگەکەی، سەرباری ئەو ئامادەییە دیار و هەمیشەیی و سەرتاسەرییەی ناو کایەکانی ژیانی خەڵکی وڵاتی کوردەواری، بە کەمی ڕێککەوتووە و ڕوویداوە لەبەر مەنفەعەتێکی دارایی و کۆمەڵایەتی دەستی لە پیشە و ئەرکە پیرۆزە خۆبەخشەکەی خۆی هەڵگرێ و شوێن بەرژەوەندیی دونیایی خۆی بکەوێت و عینوانی زانستییانەی خۆی بە عینوانێکی دونیایی دیکە بگۆڕێتەوە، کە قازانج و کەڵکی دونیاییانەی زۆرتری تێدابێت، واتە بە کەمی ڕووی داوە مەلای کورد جبە و مێزەر و حوجرە و تەدریس و ئیمامەتی بۆ وەزیفەیەکی دونیایی وەلا نابێت و، لەبری مەلایەتی کوێخایەتی و ئاغایەتی و ئەفەندیبوون و پۆست و پلەی دنیایی خستبێتە سەرووی ئەرك و کار و ناونیشانە پیرۆزەکەی خۆیەوە، مەگەر کەسانێکی دەگمەن و شاز کە ئەو ئاستەش کار لە شوناس و ناسنامەی مەلایەتی لە کوردستاندا ناکات .

ئێمە کاتێك باس لە شوناسی مەلای کورد دەکەین، دەتوانین لە کورتترین پێناسەدا بڵێین: مەلای کورد ئەو کەسایەتییە زانستی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە کە بزوێنەری ژیانی کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی بە هەموو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە، بە حوزوورێکی کاریگەری بەخش و هەمیشەییەوە لە یەکەم ڕۆژی هاتنە دونیای مرۆڤەکانەوە تا ئاخرین کات و ساتی لە دنیادەرچوون و سپاردن وماڵئاواییکردنی پێك هێناوە.

مەلای کورد هەمیشە پێگەیەکی بەرزی ئایینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت زۆر جار سیاسیشی لە ناو میللەتی خۆیدا هەبووە، لە ڕووی ئایینییەوە وەك مامۆستای عولوومە شەرعییەکان پێشەوای ئەرك و پەرستشە کۆمەڵییەکان و ڕاوێژکار و ڕابەری پەرستشە شەخسییەکانی موسڵمانان بووە و هەیە، لە هەموو مەسەلەیەکی شەرعیدا کە ئەو مەسەلانە وابەستەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکن، مەلای کورد ئامادەیی کاریگەری هەیە و لە حاڵی شارەزایی خەڵکیشدا لە مەسەلە شەرعییەکاندا دیسان ئەو خەڵکە بۆ یەکلاییکردنەوە و دڵنیابوونەوە لە حەقیانەتی بابەتێکی فیقهی، پرس و ڕاوێژ بە مەلا دەکەن، بەو پێیەی ئەم لە پێگەیەکی باڵای زانستی و ئایینی وادایە کە موجازی شەرعییە و فەتوا لەو وەردەگیرێت.

**بە کەمی ڕووی داوە مەلای کورد جبە و مێزەر و حوجرە و تەدریس و ئیمامەتی بۆ وەزیفەیەکی دونیایی وەلا نابێت و، لەبری مەلایەتی کوێخایەتی و ئاغایەتی و ئەفەندیبوون و پۆست و پلەی دنیایی خستبێتە سەرووی ئەرک و کار و ناونیشانە پیرۆزەکەی خۆیەوە**

**لە ڕووی فەرهەنگییشەوە مەلای کورد هەمیشە پێشەنگی کایە مەعریفی و ئەدەبییەکانی کورد بووە و، وەک خەرمانێک لە کولتوور و ڕۆشنبیریی کورد تاریف کراوە**

**لە ڕووی سیاسییشەوە پێگەی مەلای کورد لە تەواوی ڕووداو و مەسەلە و پێشهاتەکانی مێژووی کوردا لە ئاستی لوتکەدا بووە**

**مێژووی سیاسیی کورد لە شێخی نەهرییەوە تا شێخ سەعید و قازی و مەلا مستەفای بارزانی، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە مەلای کورد سەردێڕ و ناونیشانی بزافە نەتەوەییەکانی دوو سەدەی خەبات و بەرخۆدان بوون**

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە مەلای کورد هەمیشە وەك چاکساز و ڕێکخەرێکی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵك ناونیشانێکی دیارە و ڕووی سەرنج و بایەخ لەو دەکرێت و، لە چەندین بابەتی کۆمەڵایەتیی پەیوەست بە ژیانی تاك و دەستەجەمعیدا، ئەم حوزووری یەکلاکەرەوەی هەیە. ئەگەر تەماشای کۆڕ و کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك سوڵح و داخوازیی هاوسەرگیری و بۆنە گشتییەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین، دەبینین زۆر کەم ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە بێ ئامادەبوونی کاریگەریی مەلایەك بەڕێوە دەچێت، ئەمە ئەوە بە دیار دەخات کە پێگەی کۆمەڵایەتیی مەلای کورد لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە ئاستیکی بەرز و باڵادایە.

لە ڕووی فەرهەنگییشەوە مەلای کورد هەمیشە پێشەنگی کایە مەعریفی و ئەدەبییەکانی کورد بووە و، وەك خەرمانێك لە کولتوور و ڕۆشنبیریی کورد تاریف کراوە، پێگەی فەرهەنگیی مەلای کورد کە هیچی لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی کەمتر نەبووە و نییە، پێگەیەکە گەیشتووەتە ئاستێك مێژووی کولتوور و فەرهەنگی کورد بە هەوڵە مێژووییە مەعریفییەکانی ئەوەوە گرێ دراوە.

لە ڕووی سیاسییشەوە پێگەی مەلای کورد لە تەواوی ڕووداو و مەسەلە و پێشهاتەکانی مێژووی کوردا لە ئاستی لوتکەدا بووە، هەموو ئەو شۆڕشانەی کورد شانازییان پێوە دەکات و بووەتە مێژووی شوناسی میللی و نەتەوەیی گەلی کوردستان، لەسەر دەستی مەلا و بە بیر و هزر و بازووی مەلا هەڵگیرساون، مێژووی سیاسیی کورد لە شێخی نەهرییەوە تا شێخ سەعید و قازی و مەلا مستەفای بارزانی، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە مەلای کورد سەردێڕ و ناونیشانی بزافە نەتەوەییەکانی دوو سەدەی خەبات و بەرخۆدان بوون و هۆکاری مانەوەی نەتەوەیی کۆمەڵی کوردەوای بوون. ئێستاشی لەگەڵ بێت، پێگەی مەلای کورد لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیەکی موشاریکی بەهێزە و لە ئاستی باڵادا و لە تەواوی پێشهاتە سیاسییەکاندا پێگە و ڕۆڵی دیاری هەیە، چ وەك فەتوا و تەوجیهی گشتی، چ وەك کاریگەری لە بڕیار و مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلدا، کە ڕای گشتیی خەڵك و تا ڕادەیەك گۆڕەپانی سیاسیی هێز و لایەنەکانیش بە بایەخەوە لێی دەڕوانن .

تایبەتمەندیی مەلای کورد کە خاڵی جیاکەرەوەی زانایانی وڵاتی ئێمەیە لە زانایانی وڵات و ناوچەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەدیار دەکەوێت.

یەکەم: مەلای کورد جیا لە زانا و پێشەوایانی میللەتانی دەوروبەری خۆی، مەلایەتی ئەرك و وەزیفەیەکی گران بووە لەسەر شانی، نەك وەرگرتنی ئیمتیازاتی شەخسی و قایمکردنی پایەی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی، لە یەکەم ڕۆژی فەقێیەتییەوە ژیانێکی کولەمەرگیی پڕ زەحمەت لە پێناو کەسبی عیلم و مەغریفەتدا هەڵدەبژێرێ و، شار بە شار و دێ بە دێ بە دوای دۆزینەوەی مەدرەسە و مودەڕیسێکی بەتوانادا وێڵ دەبێ و، ژیانی هیجرەت و دەردەسەری ئیختیار دەکات، تا بڕێك زانست و مەعریفەی دەست بکەوێت، دواتریش مەلایەتی دەبێتە زنجیرێك و دەست و پێی لە مومارەسەی گەیشتن بە بارودۆخێکی دارایی باش دەبەستێت و شەو و ڕۆژی ژیانی بە خزمەتی خەڵکەوە دەبەسترێتەوە، بێ ئەوەی وەك زانا و مەلای وڵاتان و شوێنانی دیکە حیسابی ئەو مەشغەڵەت و گرێدانەی ژیانیانی بە ژیانی خەڵکەوە بۆ بکرێت و ئەو ماندووبوونەیان لەبەرچاو بگیردرێت، بۆیە تایبەتمەندیی مەلای کورد لە تایبەتمەندیی باوك دەچێت، کە هەمیشە چاوەڕوانی بەخششی لێ دەکرێت نەك وەرگرتن، هەر ئەمەشە وای کردووە وەك ڕەعیەت و ڕۆڵەی ئەو باوکە لە مەلای کورد بڕوانرێت و هەڵکشانی گلەوگازاندە لە بەرامبەر داکشانی مەدح و پێزانینی خەڵکدا زۆرتر بێت.

دووەم: مەلای کورد بە پێچەوانەی مەلای شوێنان و گەلانی دیکە، لە هەر شوێنێك خەڵك ئاوەدانی بنیات نابێت، لەوێ مزگەوت و مەدرەسەی ئاوەدان کردووەتەوە و فەقێ و قوتابیی ڕاگرتووە، بۆ ئەمەش نە منەت، نە شانازیی بە سەر کەسەوە نەکردووە و خۆی بە بەرپرسیاری دونیا و قیامەت زانیوە لەوەی کە کەمتەرخەمی لە ئەرکە پیرۆزەکەیدا بکات، بۆیە لە هەر

شوێنێك دوو ماڵ هەبووبێت، مەلا و مزگەوت و حوجرەیەكیش لەوێ هەبووە، بە پێچەوانەی گەلان و وڵاتانی جیهانی ئیسلام كە مەدرەسە و شوێنی زانایان لە شارە گەورە و بەناوبانگەكان و لە بەرزترین ئاستی بایەخی ئابووری و شارستانیدا بووە و، ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو جیاوازییە بە ئاشكرا هەستی پێ دەكرێت.

سێیەم: لە مەدرەسە و ناونیشانە زانستییەكانی دونیادا وا باو و جێگیرە كە مامۆستا قوتابی قبووڵ دەكات و لە بەرامبەریشدا مەڵبەند و شوێنە زانستییەكانی زانایان قوتابی قبووڵ دەكەن، بەڵام خاسییەتی مەلای كورد لەمەشدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بە درێژایی مێژووی هەبوونی ئەم چینە زانستییەی كورد قوتابی گەڕاوە و مەلای قبووڵ و ئیختیار كردووە و، لە هەر جێیەك مەیلی هەبووبێت و پێی باش بووبێت، خوێندوویەتی و مەلای مودەڕیسیش بە ڕەحابەتی سەدرەوە قوتابییەكەی وەك ڕۆڵە و شاگردی خۆی قبووڵ كردووە، مەگەر بێجێیی و دەسەبەرنەبوونی بارودۆخی ماڵی و دارایی ڕێگر بووبێت.

دەربارەی ئەو خزمەتەش كە مەلای كورد لە هەموو بوارە جیاجیاكانی ژیانی كۆمەڵگە و نەتەوەكەی خۆی و مرۆڤایەتیدا كردوویەتی، ئێمە لە ئاماژەیەكی خێرای ناو ئەم نووسینەدا تەنیا دەتوانین وەك سەرەقەڵەم باسیان بكەین، چونكە ئەگەر بمانەوێ حەقی تەواوی خۆی پێ بدەین، بە چەندین بەرگی كتێب بۆمان نانووسرێتەوە.

سەرەتا لە كایەی ئەدەبی و مەعریفیدا مەلای كورد ناوبانگێكی بە میللەتی كورد و ئوممەتی ئیسلام بەخشیوە، كە هیچ پیشە و ناونیشان و چین و توێژێك نەیتوانیوە مللانێی لەگەڵدا بكات، مەلای كورد لە ڕێی «مەلای جزیری و خانی»یەوە یەكەمین دەقی ئەدەبیی كرمانجیی نووسیوەتەوە و كوردیان كردووەتە خاوەنی ئەدەبی نووسراو، نالی یەكەمین كەسە شیعری بە كوردی نووسی، كە كورد دەكاتە خاوەنی شیعری خۆماڵی .

ئەو خەرمانە لە ئەدەبیات و مەعریفەی كوردی كە مەلا شاعیرەكانی كورد وەك مەولانا و نالی و مەولەوی و مەحوی و بێخود و سەدانی دیكە سەریەكیان ناوە، بەسە بۆ ئەوەی ڕاستی و درووستیی خزمەتی بێوێنەی مەلای كورد بسەلمێنێت.

لە بواری مەعریفەی ئایینیشدا لە ئیبن سەلاح و ئیبن خەلەكان و باقلانی و موسەنیف) ەوە بگرە تا مەولانا و بێتووشی و ئیبن حاج و عەللامەی نۆدشی و پێنجوێنی و مامۆستا باقر و مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و هەزارانی دی، مەلای كورد بە هەزاران توحفە و باخ و گوڵزاری زانست و مەعریفەی خستووەتە پاڵ باخ و باخاتی بیر و فیقە و علوومی ئوممەتی ئیسلام، كە تا دونیا دونیایە شانازی پێوە دەكرێت.

لە بواری ڕێنموونی ئایینی و ئەخلاقی و ڕێبەرایەتیی كۆمەڵایەتیشدا، مەلای كورد پارێزەرێكی سەرەكیی كەسایەتیی ئیسلامی و بنیاتنەری مەوسووعەی پەیڕەوی كۆمەڵگەیەكی شیرازە نەبچڕاو و ئابڕوومەندی مرۆییە، كە بێ هیچ تەكلیف و ئیمتیازێك خۆبەخشانە وەك ئەركێكی بەرپرسیارانەی دینی و ئەخلاقی و نیشتمانی و مرۆیی، خۆی پێوە پابەند كردووە.

ئەو خزمەت و هەڵوێستەش كە مەلای كورد لە پاڵ چەرمەسەری و تاڵی و شیرینیی قۆناغەكانی ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتیی میللەتەكەیدا كردوویەتی و نواندوویەتی، هیچی لە هەوڵە پیرۆزەكانی دیكەی پێناو ئایین و ژیانی دونیا و قیامەتی خەڵك كەمتر نییە و نەبووە.

مەلای كورد هەمیشە لە سەنگەری گەل و بەرخۆدانی میللەتەكەیدا قوربانیی بە ژیان و ماڵی خۆی داوە و، لەسەر بەردێك و بە نانە ڕەقێك توانیویەتی لە پاڵ خەڵكدا ئەركەكانی جێبەجێ بكات، كە وەك ئاشكرایە ئەركی مەلایەتی لە هەموو بوارەكانی ژیانی گەل و خەڵكەكەیدا ئەركی شەوانەڕۆژی و هەمە لایەنەی بێوچانە، بە شێوەیەك كە ئەگەر مەلای كورد لە شوێنێك، یان لە ڕووداو و كاتێكدا بە ناچاری و بێ ویستی خۆی ئامادەیی نەبووبێت، خەڵك وەك ئەو كاروانەیان لێ هاتووە كە لە بیابانێكی نادیار و چۆڵگەیەكی قاقڕدا دەلیل و شارەزاكەیان لێ بزر دەبێت.

**لە كایەی ئەدەبی و مەعریفیدا مەلای كورد ناوبانگێكی بە میللەتی كورد و ئوممەتی ئیسلام بەخشیوە، كە هیچ پیشە و ناونیشان و چین و توێژێك نەیتوانیوە مللانێی لەگەڵدا بكات**

**مەلای كورد لە ڕێی «مەلای جزیری و خانی»یەوە یەكەمین دەقی ئەدەبیی كرمانجیی نووسیوەتەوە و كوردیان كردووەتە خاوەنی ئەدەبی نووسراو**

**مەلای كورد هەمیشە لە سەنگەری گەل و بەرخۆدانی میللەتەكەیدا قوربانیی بە ژیان و ماڵی خۆی داوە و، لەسەر بەردێك و بە نانە ڕەقێك توانیویەتی لە پاڵ خەڵكدا ئەركەكانی جێبەجێ بكات**

# لە پێناو گونجانی یاسای باری کەسی لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم داوای هەموارکردنی یاساکە دەکرێت

**یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراوی یاسای باری کەسێتی بەندە بە ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە و لە پێناو گونجانی ئەم یاسایە لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم داوای هەموارکردنی دەکرێت. لەبەر ئەوەی بەشێکی بەرچاوی خانمان ڕایانوایە یاسای باری کەسی مافی تەواوی بۆ ئافرەتان دابین نەکردووە. تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان-یش ئەندامیەتی و لە ئێستادا سەرپەرشتیاریی تۆڕەکە دەکات، ساڵی پار یاداشتێکیان گەیاندە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە ئاماژەپێدان بۆ هەموارکردنەوەی چەند بڕگە و ماددەیەك لە یاسای باری کەسێتی، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان شرۆڤەی زیاتری بابەتەکە دەکەن.**

ناسك سەعید بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کاتێك یاسایەك لە ناوکۆمەڵگەیەك دێتەبوون، زەروورییەت و پێداویستیی ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە فاکتەرێك کە ئەو یاسایە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەتایبەت ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە ژیانی تاك بە تاکی کۆمەڵگە و دەبێتە پاکێجێك بۆ بەڕێوەچوونی سیستەمی ژیانی تاك». هاوکات هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە هەرێمی کوردستاندا یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراوی یاسای باری کەسێتیمان هەیە، کە پێویستی بە دووبارە هەموارکردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم بگونجێت و بتوانرێت باشتر ئەو بڕگە و ماددانە لەخۆ بگرێت کە تایبەتن بە باری کەسی».

گوتیشی: «لەم سۆنگەوە بوو، ئێمە وەك تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش تێیدا ئەندامە و لە ئێستادا سەرپەرشتیاریی تۆڕەکە دەکات، ساڵی پار یاداشتێکمان گەیاندە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە ئاماژەپێدان بۆ هەموارکردنەوەی چەند بڕگە و ماددەیەك لە یاسای باری کەسێتی، بۆ نموونە داوامان کردووە، لە ماددەی پێنجەم پێداچوونەوە بۆ ئەو



بڕگەیە بکرێت کە تایبەت بە تەمەنی هاوسەرگیری، ئەویش لەبەر هۆکاری بوونی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەتایبەتی کە ڕێژەی جیابوونەوە و کوشتن زیادی کردووە، لەبەر ئەوە پێشنیار کرا ئەم دوو خاڵەی بۆ زیاد بکرێت: لەبارەی جەستەیی و عەقڵییەوە پێویستی بە پێگەیشتن و تێگەیشتنی زیاتر هەیە، هەروەها نەبوونی هۆشیاری لە هاوسەرگیری.

لە ماددەی هەشتەم، کە باس لە نەفەقەی ئافرەت دەکات، پێویستە ئەم ماددەیە لە ڕووی جێبەجێکردنەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت بەتایبەت لەو خاڵانەی کە لە ڕاستیدا ئافرەت تێیدا زەرەرمەندە.

لە ماددەی هەشتەم: بڕگەی سێیەم، خاڵی یەکەم: پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی دەکەینەوە. ماددەی دەیەم: زیادکردنی خەملاندنی خەرجی بۆ ژنەکە لە چوارچێوەی داهاتی گشتی و تایبەتیی هاوسەرەکەی لە هەموو کەلوپەلێکی گواستراوە و نەگواستراوە و سندوقی چاودێریی کۆمەڵایەتی، نەفەقەی خەملێندراو خەرج بکرێت. هەروەها تیشکمان خستەسەر ئەوەی کە لە ماددەی سیانزەهەم لە دوای جیابوونەوە، ماڵ و موڵکی مەنقولە و غەیری مەنقولە لە ڕێکەوتی هاوسەرگیرییەوە خەملاندنی بۆ بکرێت و بە شێوەی یەکسان بەسەر هەردوولا دابەش بکرێت».

بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، جەختی لەوە کردەوە کە دەیانەوێت «لە کۆمەڵگە و خێزاندا یەکسانیی جێندەری پیادە بکرێت و کاری پێ بکرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بێتە بوون و بوونی یاسایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو دەتوانێت (ئەگەر هەمووشی نەبێت) بەشێکی زۆر لە کەموکوڕییەکان چارەسەر بکات و هەنگاوی جدی بنێت بۆ بەرجەستەکردنی کۆمەڵگەیەك کە بڕوای تەواوی بە مافی مرۆڤ هەبێت و هیچ کام لە هەر دوو ڕەگەز بە پلەی دووەم دانەنێت، بەتایبەت کۆمەڵگەیەك بێت باوەڕی بەوە هەبێت، مامەڵەکردنی لەگەڵ ئافرەت وەك مرۆڤ بێت، نەك ڕەگەزێکی بێدەسەڵات و کەمدەسەڵات».

یاساناس و مافپەرەر شاخەوان خالید، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە ساڵانی ڕابردوو کۆمەڵێك گۆڕانکاری و هەموارکردن لە یاسای باری کەسی کراوە، کە هەموو ئەو هەموارکردنانە لە بەرژەوەندیی ئافرەتاندا بووە و، زیاتر مافەکانیانی دەستەبەر کردووە لە چوارچێوەی خێزان و هەندێك لەم یاسایانە وای کرد، زیاتر شیرازەی خێزان پتەو بێت و لێ نەگەڕێت لێکترازان ڕووبدات، بەڵام هەموو ئەو هەموارکردنانەی یاساکە، بە شێوەیەکی گشتی نەبوونەتە هۆی ئەوەی مافەکانی ئافرەت بە تەواوی دەستەبەر و مسۆگەر بن، چ لە چوارچێوەی ماڵە باوان، یان لە چوارچێوەی خێزان و ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکات».

گوتیشی: «ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەستی پێ دەکرێت، کوشتنی ئافرەت لەسەر شەرەف و ناپاکیی هاوسەری زۆر زیادی کردووە و لە جیاتی پەنا بۆ یاسای باری کەسی ببردرێت بۆ جیابوونەوە و لێپێچینەوە لەو کەسانەی ناپاکی دەکەن، ئینجا بە جیابوونەوە بێت، یان تەڵاقدان، پەنا بۆ کوشتن و توندوتیژی دەبردرێت، هەروەها مەسەلەی فرەژنی لە هەموارەکانی پێشوو زۆر مەرجی خرایە سەر، بەڵام فرەژنی هەر هەیە، ئێستا لای هەندێ پیاو بووەتە مۆدێل و دەڵێت هەر بۆ پۆز با ژنێکی عەربیش بێنم، هەروەها هەندێك لە پیاوان دەچن لە مەخموور و مووسڵ و کەرکووك ژنی دووەم، یان سێیەم، یان زیاتر دەهێنن. ئەو یاسایەی ئێستای باری کەسیی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان ڕێگریی کەمی کردووە لە جیابوونەوە و تەڵاق، لە هەمان کاتدا بە هۆی پێشکەوتنەکان و سەردەمی نوێ پێویستە ناوە ناوە گۆڕانکاری و هەمواری یاساکان بکرێت، یاسای باری کەسییش بە هەمان شێوە پێویستە لەگەڵ ڕۆحی ئەم سەردەمەی ئێستامان بگونجێت.»

ئەو یاساناسە باسی ئەوەشی کرد کە «پێویستە لە یاسای نوێ ڕێگریی زیاتر لە فرەژنی بکرێت، تەنیا لە چەند دۆخێکی تایبەت نەبێت وەکو منداڵ نەبوون و نەخۆشیی درێژخایەن. هەروەها دەکرێ پەیمانگایەك لە یاسای نوێ ناوی بهێندرێت و دروست بکرێت، بۆ ئەو کوڕ و کچانەی هاوسەرگیری دەکەن، ماوەیەك لەوێ کۆمەڵێك بابەتیان پێشکەش بکرێت، تا لە هەموو لایەنەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری شارەزا بن، بەمەش دەتوانین زیاتر شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بە گشتی بپارێزین».

**پێویستە یاساکە هەنگاوی جددی بنێت بۆ بەرجەستەکردنی کۆمەڵگەیەک کە بڕوای تەواوی بە مافی مرۆڤ هەبێت و هیچ کام لە هەر دوو ڕەگەز بە پلەی دووەم دانەنێت**

**هەندێک لە پیاوان دەچن لە مەخموور و مووسڵ و کەرکووک ژنی دووەم، یان سێیەم، یان زیاتر دەهێنن**

بێلان عاسی چالاکی بواری مافی ئافرەتە و ڕایوایە: «یاسای باری کەسێتی بەندە بە ژیانی تاك بە تاکی کۆمەڵگەوە و هیچ تاکێکی کۆمەڵگە نییە بەدەربێت لەم یاسایە بە جۆرێك خۆی لە زۆربەی ماددە و بڕگەکانی نەبینێتەوە» . گوتیشی: «یاسای باری کەسێتی چەندە بەرز و داڕێژراو بێت، ئەوەندەش دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی تاك پارێزراوتر دەبێت، بەتایبەتی بۆ ئێمەی ئافرەتان کە لە زۆر ڕووەوە لە کۆمەڵگە مافەکانمان پێشێل دەکرێت و لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەوە مافەکانمان لێ دەسێندرێتەوە، بە جۆرێك ئێستاش لە هەندێ ناوچە ئافرەتان لە میراتی بێبەش دەکرێن».

**یاسای باری کەسیی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان ڕێگریی کەمی لە جیابوونەوە و تەڵاق کردووە**

بێلان عاسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «مەبەست لە هەمواری هەر یاسا و بڕگەیەکی یاسای باری کەسێتی، یان هەر یاسایەکی دی، پێویستە چاککردنی بێت بە جۆرێك کە لەگەڵ سەردەم و گۆڕانکارییەکاندا بگونجێت و زیاتر یەکسانی و دادوەریی نێو کۆمەڵگە و خێزان دابین بکات». گوتیشی: «دەکرێت هەموارکردنی یاساکە نامۆ نەبێت بە کەلتووری کۆمەڵایەتیی کورد و گونجاو بێت لە پەیڕەوکردنی و پێویستە لە هەمواری یاساکەدا زیاتر بایەخ بە مافی ئافرەت و منداڵان بدرێت، بۆیە وەك ئافرەتێك پشتگیری هەر هەموارێکی یاسایی دەکەم بۆ زیاتر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پارێزەریی مافی تاك و بەرجەستەکردنی ژیانێکی ئاسوودە و کامەران».

**لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەوە مافەکانمان لێ دەسێندرێتەوە، بە جۆرێک ئێستاش لە هەندێ ناوچە ئافرەتان لە میرات بێبەش دەکرێن**

## ناسکە ڕەسووڵ:

# هەر کەسێک بەهرەیەکی هەیە، پێویستە بە هەدەری نەدات و گەشەی پێ بدات




لــە ماوەی چەند ســاڵی ڕابردوودا بە هۆی کۆمەڵێــک قەیــران کــە بەرۆکــی هەرێمی کوردســتانی گرتــەوە، لــە ســەرووی هەموویانەوە بڕینی مووچە و قوتی خەڵکی لەلایــەن حکومەتــی عێــراق و هــاوکات ڕووبەڕووبوونــەوەی تیرۆریســتانی داعــش کە لە چەندین قۆڵەوە هێرشــی ناڕەوایان بۆ سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردســتان ئەنجامــدا، لــە ئاکامــدا هەلــی دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگــەکان تــا ئاســتێکی زۆر سســتی بە خۆوە بینی، بــەڵام بەم هۆیــەوە خانمــان لــە مەیدانی کار و دەســتەبەری ئابووریــی خۆیــان پاشەکشــەیان نەکــرد و، بوونــی خۆیان لــە مەیدانەکەدا ســەلماند. ناسـکە ڕەسـووڵ یەکێکە لەو خانمە دەسترەنگینانە و لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باســی چۆنیەتی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی







ناسکە ڕەسووڵ خانمێکی دەسترەنگینی تەمەن ٣٢ ساڵەی دانیشتووی قەڵادزێیە و وەك خۆی باسی دەکات، دەرچووی بەشی پەرستارییە و ماوەی دوو ساڵە لە ماڵەکەی خۆیدا کاری چنین دەکات. سەبارەت بە ژیانی خۆیشی بەمجۆرە هاتە ئاخافتن: «هاوسەرگیریم کردووە و دوو منداڵی جوانم هەیە. خوێندنم لە بەشی پەرستاری تەواو کردووە، بەڵام لە بەر ئەوەی زۆر هەوڵم دا و دانەمەزرام، بیرم لەوە کردەوە کە کارێك بکەم و کاتە بەتاڵەکانمی پێ پڕ بکەمەوە، سوپاس بۆ خوا، ئێستا کاری چنین و کاری دەستی دەکەم و پەیجم هەیە بە ناوی ((چنینی ناسك))، خۆیشم هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە حەزم لە کاری زەنگیانە بوو، بازنە و نووستیلەم بۆ خوم دروست دەکرد، واتە هەر لە منداڵییەوە خولیای کاری دەستی بووم، کارکردنیش بۆ ئافرەت نەك هیچ عەیبە نییە، بەڵکو ئەو پەڕی سەربەرزییە. من باوەڕم وایە هەر کەسێك هەر بەهرەیەکی هەیە، پێویستە بە هەدەری نەدات و گەشەی پێ بدات. بەداخەوە زۆر کەس کارکردنی ئافرەت بە عەیبە دەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا نەزانین عەیبەیە، نەك کارکردن و دەسترەنگینی. لەم ڕۆژگارەدا کار هەم بۆ ئافرەت و هەم بۆ پیاو جێی شانازییە، لەبەر ئەوەی هەردووکیان پێکەوە باشتر بژیویی ژیانی خێزانیان دابین دەکەن. ئافرەتیش پێویستە لە هەموو بوارێکدا شتێکی لێ بزانێت، شتی نوێیش فێر بێت. من خۆم وام، هەمیشە حەز دەکەم فێری شتی زیاتر بم».

ناسکە ڕەسووڵ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە سەرەتا کاتێك ویستت کار بکەیت، کێ هاندەر و پاڵپشتت بوو؟ دەڵێت: «هەمیشە هاوسەر و کەسە نزیکەکانم هاندەرم بوون بۆ کارکردن و لێرەوە دەستخۆشییان لێ دەکەم، بە تایبەت هاوسەرەکەم کە هەمیشە پاڵپشتم بووە.

ئەو خاتوونە دەسترەنگینە وەك خۆی باسی کرد، شوێنی تایبەتی بۆ کارکردن نییە و هەر لە ماڵەوە بە پێی داواکاریی کڕیاران کاردەکات. لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا کاتێك بەرهەمی کارەکانت دەست دەکەوێت، وەکو ئافرەتێك تا چەند دڵخۆش دەبیت؟ گوتی: «هەر بەرهەمێك بە ئارەقەی ناوچەوانی خۆت دەستت بکەوێت و، بەری ماندووبوون و هیلاکیی خۆت بێت، زۆر بەنرخە، ئەگەر داهاتەکەی کەمیش بێت، هەر دڵخۆشت دەکات».

سەبارەت بە چۆنیەتی بڕیاردانیشی بۆ کارکردن گوتی: «هەر کەسێك پێویستە لەسەر پێی خۆی بوەستێ، من لە کەرتی گشتی و حکوومی دانەمەزرام، ناشکرێت هەر چاوەڕێی ئەوە بم کەی دادەمەزرێم، بۆیە هەوڵم دا خۆم ببمە خاوەن کار و کارێکم هەبێت، کارەکەشم لە ماڵەوە بێت زۆر باشترە، لە بەر ئەوەی بە کاری ناوماڵ و پەروەردەی منداڵیش دەگەم، هەروەها کارکردنیش بۆ باری دەروونیی خۆیشم زۆر بەسوودە، زۆر باشە کارێکت هەبێت و هەم خزمەتی پێ بکەیت و هەم داهاتی هەبێت و هەم سەرقاڵت بکات.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا کارکردنت کاریگەریی نەرێنی لەسەر دایکایەتی و هاوسەرداری نەبووە؟ ناسکە ڕەسووڵ گوتی: «نەخێر، بە حوکمی ئەوەی لە ماڵەوە کار دەکەم، هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی نەبووە، کاری ماڵ تەواو دەکەم، دواتر دەست بە کاری چنین دەکەم. هەر ئەوەش کە شوێنێکی تایبەتم نییە و لە ماڵەوە کار دەکەم، بە هەردووکی ڕادەگەم».

ناسکە ڕەسووڵ لە دوا وتەیدا پەیامێکی بۆ ئافرەتان هەیە و دەڵێت: «پەیامم بۆ ئافرەتان ئەوەیە بوێر بن و هەر بەهرەیەکیان هەیە، بە هەدەری نەدەن. بە تایبەتی کە هەندێك کار هەیە، تایبەتە بە ئافرەت و ئافرەت زیاتر لە ئافرەت حەز و ئارەزووەکانی دەگات».

**خوێندنم لە بەشی پەرستاری تەواو کردووە، بەڵام لە بەر ئەوەی زۆر هەوڵم دا و دانەمەزرام، بیرم لەوە کردەوە کە کارێک بکەم و کاتە بەتاڵەکانمی پێ پڕ بکەمەوە**

**هەر لە منداڵییەوە خولیای کاری دەستی بووم، کارکردنیش بۆ ئافرەت نەک هیچ عەیبە نییە، بەڵکو ئەو پەڕی سەربەرزییە**

**بەداخەوە زۆر کەس کارکردنی ئافرەت بە عەیبە دەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا نەزانین عەیبەیە، نەک کارکردن و دەسترەنگینی**

**هەر بەرهەمێک بە ئارەقەی ناوچەوانی خۆت دەستت بکەوێت و، بەری ماندووبوون و هیلاکیی خۆت بێت، زۆر بەنرخە، ئەگەر داهاتەکەی کەمیش بێت، هەر دڵخۆشت دەکات**



# داوای ڕاگرتنی کارپێکردنی منداڵان لەلایەن باوانیان دەکرێت

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی دەرکرد و، زۆرینەی وڵاتانی ئەندام پەسەندیان کرد. دواتر ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٩ تایبەت بە مافەکانی منداڵان پەسەند کرا. هەر لە پەراوێزی ئەو یاسایەدا ڕۆژی ١٧/ ٦ وەك ڕۆژی جیهانیی کارپێنەکردنی منداڵان دیاری کرا، لە یاسای کاری عێراقیش کارکردن بە منداڵان سنووردار کراوە. بە هەمان شێوە لە یاساکەدا قەدەغە کراوە منداڵ بۆ کاری سواڵکردن بەکاربهێندرێت، بەڵام وێڕای هەبوونی ڕێککەوتننامەی پاراستنی مافەکانی منداڵ و چەندین مادده و بڕگەی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانی منداڵ، کەچی لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگە نەتوانراوە وەکو پێویست مافەکانی منداڵ دەستەبەر بکرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لە دیدی جیاوازەوە تاووتوێی باسەکە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

عوبێد خدر گۆمەشینی توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات: «منداڵ ئەمانەت و سپاردەیەکی بەنرخە لەلایەن خواوە دەدرێت بە دایك و باوکان، بۆیە هەموو منداڵێك مافی تایبەتی خۆیەتی ڕێز لە کەسایەتییەکەی بگیرێت و مافە سەرەکییەکانی بۆ دابین بکرێت، لە ماددەی ١٩ ی جاڕنامەی مافی منداڵان هاتووە، ڕێگە بە دایك و باوك و دایك نادرێت توندوتیژی و ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ بکەن، بۆیە بەخێوکردنی منداڵ بەرپرسیارییەتییەکی گەورەیە، هێنانە دونیای منداڵ تەنیا حەز و ئارەزووی کاتیی نێوان دووکەس نییە، بەڵکو



ئەرکێکی قورس و زەحمەتە». گوتیشی: «یەکێك لەو جۆرە توندوتیژییانە ئەوەیە کە باوان منداڵ و کارپێکردنیان بۆ مەرامی خۆیان بەکاربهێنن، چونکە منداڵان لە بەرامبەر دایك و باوکان بێهێز و بێدەسەڵاتن، ئەمەش وا دەکات هەر ئەرك و فەرمانێکیان لەسەر بکەن، ئەوا ڕازی بن و بڕیارەکانیان جێبەجێ بکەن». هۆکارەکانی کارپێکردنی منداڵانیشی لەم چەند خاڵەدا خستەڕوو:

١. هۆکاری ئابووری: زۆرجار خراپیی باری گوزەران دایك و باوك ناچار دەکات، کار بە منداڵەکەی بکات.

٢. لەدەستدانی یەکێك لە دایك و باوك.

٣ پەرتەوازەیی خێزان: هەندێ جار لێکجیابوونەوەی دایك و باوك، یان نەبوونی پەروەردەیەکی دروست منداڵ تووشی سەرلێشێوان و لەڕێلادان دەکات.

٤. چاولێکەری: زۆرجار چاولێکەریی منداڵ بۆ منداڵێکی دیکە دەبێتە هۆی هاندانی منداڵ کە هەمان کار دووبارە بکاتەوە.

٥. پیشەی باوك، یان بەخێوکەر: زۆرجار دایك و باوك منداڵ لەسەر هەمان پیشە ڕادەهێنن کە خۆیان دەیکەن، بەتایبەتی باوکان.

٦. بێومێدی لە داهاتوو: هەندێ جار دایك و باوك بە هۆی بێ ئومێدبوونیان لە داهاتووی خوێندن و دوارۆژێکی باشتر بۆ منداڵەکانیان، هەڵدەستن بە دەرهێنانی منداڵەکانیان لە قوتابخانە و کارپێکردنیان.

ئاری ئاغۆك مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە و ڕایوایە: «منداڵ نەوەی داهاتوو و سەروەت و سامانی نیشتمانە، بۆیە کە باس لە منداڵ دەکرێ، لە چەندین ڕەهەندەوە دەبێت شرۆڤەی بوون و کەسایەتییەکەی بکرێت».

هاوکات دەڵێت: «ئەوەی مەبەستە و بووەتە پرسیاری ئێوە دەربارەی کارپێکردنی منداڵ لە شوێنە گشتییەکان و بە تایبەت لە ترافیکەکان، بەداخەوە خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردە، بۆیە پێویستە هەموومان هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەش بەر لە هەموو شتێك دایك و باوك و باوان لێی بەرپرسن، کە بە چ ویژدان و بیرکردنەوەیەك منداڵەکانیان دەنێرنە ترافیك و شوێنە گشتییەکان، هەروەها خۆمان وەك هاووڵاتی و وەك خاوەن ئۆتۆمبێل و بینینیان لە ترافیکەکان کە بەداخەوە سۆز و بەزەیی بە سەرماندا زاڵە لە ڕێگەی سۆزی بینینەوە، بە کرینی شتێك، یان پێدانی پارەی زیادە بە منداڵە دەستگێڕەکان، ئەوا تووشی تەماح و بەردەوامییان لەو کارە دەکەین، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. منداڵ دەیەوێت وەك منداڵ چێژ لە ژیانی منداڵیی خۆی وەربگرێت، نەك تێکشکانی دەروونی و لاوازکردنی کەسایەتییەکەی کە لە داهاتوو کاریگەریی خراپی لەسەر هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی دەبێت . خراپترین کاریگەرییش بریتییە لەوەی کە زۆربەی زۆری ئەو منداڵانە، بەداخەوە دەبنە منداڵی شەقام و فێری جگەرە و نێرگەلە و ماددەی هۆشبەر و ...هتد دەبن».

ئاری ئاغۆك جەختی لەوەش کردەوە کە «لەگەڵ ئەوەی دیاردەی کارپێکردنی منداڵ کێشەیەکی جیهانییە و هەموو کۆمەڵگەیەك پێیەوە دەناڵێنێت، بەڵام خێزان بە گشتی و دایك و باوك بەتایبەتی بەرپرسیاری یەکەمی منداڵەکانیانن لە پەروەردە و دروستکردنی تاکێکی هۆشیار بۆ کۆمەڵگە».

تەنیا بەدرەدین پسپۆڕی دەروونزانییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بەپێی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ هەموو تاکێکی خوار تەمەن ١٨ساڵ بۆی نییە کار بکات، بەڵکو منداڵ پێویستی بەوەیە بەخێوکەرانی ژیانێکی شایستەی بۆ دابین بکەن و لە خوێندن بەردەوام بێت. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە جیهاندا بڵاودەکرێنەوە، بەشی زۆری ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) کار دەکەن، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگی گەورە دەبنەوە، بەتایبەت لە هەندێك وڵاتی تازە پێگەیشتوو، یان دواکەوتوو، لە هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا کۆمەڵێك منداڵ لەسەر شەقامەکان و ترافیکەکان کار دەکەن لە هەردوو ڕەگەز و لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵیدان». گوتیشی: «بەپێی ئەو کەیسانەی کە هەمان بووە، یان ئەو حاڵەتانەی کە ئاگاداری بووین، بەداخەوە کەسانی دەروون نەخۆش هەوڵدەدەن دەستدرێژی بکەنە سەر منداڵانی شەقام لە کچ و لە کوڕ، بە حوکمی ئەوەی منداڵ لەم تەمەنەدا لە ڕووی عەقڵییەوە تەواو پێنەگەیشتووە و هەموو ئامانجیشی لەو کاتەدا پارە پەیداکردنە، هەر بۆیە ڕەنگە ئاسانتر لە بەرامبەر پارە قەناعەتی پێ بهێندرێت. تەنانەت هەندێکجار ئەو منداڵانە بۆ دەستکەوتنی پارە پەنا دەبەنە بەر دزیکردن، هاوکات ئەو منداڵانە لەسەر شەقامەکان فێری زۆر خوو و ڕەوشتی نەشیاو و ناشیرین دەبن، ئەوانەی گوێبیستی دەبن دوورە لە دونیابینی منداڵیی خۆیان. لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە کە زۆرجار منداڵ بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوەی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێندرێت و دوور نییە بەو هۆیەوە خودی منداڵەکەش فێری کێشانی ماددەکە بێت. لە ڕووی دەروونییشەوە ئەو منداڵانە باری دەروونییان تێکدەچێت و ڕووبەڕووی سووکایەتیی جۆراوجۆر دەبنەوە و ئەگەری هەیە لە داهاتوودا تووشی خەمۆکی و قەیرانی گەورەی دەروونی بێت، وێڕای ئەوەی لەلایەنی جەستەییشەوە زەرەرمەند دەبێت و ڕووبەڕووی لێدان و ئەشکەنجە و سزادان دەبنەوە، یان لەگەڵ منداڵانی دیکە تووشی شەڕ و ئاژاوە دەبن، هەندێك جاریش تووشی ڕووداوی نەخوازراوی هاتوچۆ دەبن.

لە هەرێمی کوردستان زۆربەی ئەوانەی سواڵ دەکەن، بە ڕێژەیەکی زۆر کەم خەڵکی هەرێمی کوردستانن و زیاتر خەڵکی دەرەوەی هەرێمن و زۆربەشیان بۆ پارەپەیداکردن نییە، بەڵکو شتی دیکەی لە پشتە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە منداڵانی شەقام خەمسارد نەبێت و چاودێریی زیاتری ئەو منداڵانە بکرێت».

**هەموو منداڵێک مافی تایبەتی خۆیەتی ڕێز لە کەسایەتییەکەی بگیردرێت و مافە سەرەکییەکانی بۆ دابین بکرێت**

**بە کرینی شتێک، یان پێدانی پارەی زیادە بە منداڵە دەستگێڕەکان، ئەوا تووشی تەماح و بەردەوامییان لەو کارە دەکەین**


**هەندێ جار دایک و باوک بە هۆی بێ ئومێدبوونیان لە داهاتووی خوێندن و دواڕۆژێکی باشتر بۆ منداڵەکانیان، هەڵدەستن بە دەرهێنانی منداڵەکانیان لە قوتابخانە و کارپێکردنیان**

**لە هەمووی خراپتر و مەترسیدارتر ئەوەیە کە زۆرجار منداڵ بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوەی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنرێت و دوور نییە بەو هۆیەوە خودی منداڵەکەش فێری کێشانی ماددەکە بێت**

# دوارۆژە کانی بابلۆ
# تێکەڵەیەک لە تەکنیکە شانۆییەکان
## ڕەخنەی شانۆیی

١ـ٢





موحسین محەمەد

بۆ گوڵانی نووسیوە

بە ئاوڕدانەوەیەك لە ڕەوتی گواستنەوەی شانۆیی بۆ هەولێری پایتەخت، دەبینین چەندین جۆری شانۆیی هاتۆتە شارەکە، لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆریان شانۆی ئەکادیمی پیشەیی هونەری، یان شانۆی پیشەیی هونەری بوون، بە جیاوازی لە ئاستی داهێنانی هونەریی بەرهەمەکاندا. لە شێوازەکانی کۆمیدیادا، دڕندەی تۆرۆس ساڵی١٩٨٧ سلێمانی، کۆمارا دینا (شەرمۆڵە) ساڵی٢٠٠٧، خولاما دو خوەدی ٢٠١٣ باکوور. بە بەراورد لە نێوان بابلۆ و ئەو سی بەرهەمە، دەکرێت شانۆگەرییەکە وەکو کۆمیدیای بینەر دەوێت، وەها پێناسەی بکەین، بەڵام گاڵتەجاڕی (تهریج) نییە. میسرییەکان دەڵێن: (الجمهور عایز کیدا) ئەم ئیشە دەچێتە دواوەی ئەو سی بەرهەمە، بەو پێەی هەرسێ بەرهەمەکە ئەکادیمی پیشەیی هونەری بوون، یەکەم واقیعی دووەم تراجیکۆمێدی سێیەم کۆمێدیای دێلارتی بە ئاستی جیهانی. بەگشتی کۆمیدیای بینەر ئەوهای دەوێ، خۆی بەدوور دەگرێت لە بونیادی شانۆی ئەکادیمی، هەمیشە لەگەڵ چەند ستایلێك تێکەڵ دەکرێت، وەك ئەم بەرهەمە کە خۆی لەگەڵ مۆسیقا، شانۆی واقیعی، داستانی گێڕانەوە تێکەڵ کردووە، لە ناو دیکۆرێکی واقیعیدا دیواری چوارەم دروست دەبوو، دەڕوخا، ئەزموونی گەلان دەڵێت: ئەدەب و هونەر بەبێ بازاڕداری گەشەناکات و بەردەوام نابێت. لە ساڵی ١٩٩٨ وتارێکم لە بارەی گرنگیی بازاڕی ئەدەب و هونەر لە ڕۆژنامەی برایەتی بڵاو کردەوە، بەداخەوە بایەخ بە تێبینییەکانم نەدرا، شانۆ لە هەولێر بە تەواوی بوو بە خۆڕایی و بینەریش دابڕا، ئینجا بۆ ئەوەی بیسەلمێنین دواڕۆژەکانی بابلۆ ئەم جۆرە هونەرەیە بۆیە بەپلیت ئەو هەموو بینەرە زۆرەی هەبوو، دەبێ بگەڕێینەوە سەر بونیادی دەق و دەرهێنان، بە گشتی ئەم هونەرە لەسەر: دژەیەك (تناقض) زیادەڕۆیی (مبالغة) تێئاخنین (اقحام) دروستکاری (تصنع) بونیاد دەنرێت. لە شانۆگەرییەکەدا بینەر بەر لەوەی بچێتە هۆڵەکە دەزانێ چیرۆکی بیانی دەبینێت، بە پێی ئەو بونیادە دەکەوێتە ناو چیرۆکەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، کە جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە، زیادەڕۆیی سەرەکی ئەمەیە: بابلۆ لە کۆتایی ژیانیدا دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ئەو هەمیشە سەرکەوتووە، ئینجا کە دەچێتە ناو گرێیەکانی خێزانیی (دژەیەك، تێئاخنین، دروستکاری) خۆی بەسەر تەواوی نمایشەکەدا دەسەپێنێت، یەکێك لە گرێیەکانی چیرۆکەکە کچی بابلۆی دەوڵەمەندە کە دەیەوێت لە ماڵەکە بڕوات و شووبکات، باشە بۆ ناڕوات؟ ئەوە کێیە ڕێگریی دەکات؟ خۆ ئێستە لە ڕۆژئاوا ئەو کێشە نەماوە، گرێی دووەم، کچێك لەخۆڕا خۆی کردووە بە کچی بابلۆ، تەنیا بۆئەوەی شووبکات. گرێی سێیەم، ژمێریاری کۆمپانیاکە داوای کچی بابلۆ دەکات، بۆئەم مەبەستە سێ هەزار دۆلاری هێناوە وەکو مارەیی، پارەکەش دزاوی بابلۆیە لە فەرمانگەی باج، بەڵام ژمێریار بۆ دەریا هاتووە، نەك کچە ڕاستەقینەکەی، کە دایك و کچە دەزانن کەسێك هاتووە بۆ داخوازی، بۆ ڕازیکردنی باوکەکە دایکی کچە دەڵێ کچە خۆی پیاوەکەی خۆشدەوێت و سکی لە ئەو پڕە. بێگومان ئەمڕۆ ئەم بابەتە لە ڕۆژئاوا نابێتە کارەسات و باوکە بڕوخێت بە ڕادەیەك کە شێتێکی نائاسایی بکات، بینەری کورد بە چاوی ئەمڕۆ تەماشای چیرۆکەکانی ڕۆژئاوا دەکات نەك بە چاوی دوێنێ. بابەتی خۆدزینەوە لە باج و خیانەتی ژمێریارەکەی بابلۆ، گونجاوترین گرێیە لە شانۆگەرییەکەدا، بەو پێیە ئەو بابەتە لە ڕووی یاساییەوە لێرە و لەوێ هەمان شتە و گونجانێکی تەواوە، بەڵام بۆ مارەیی کچەکە گونجاو نییە، کە دواتر دەردەچێ کچە شەرعییەکە نییە، بەڵکو کچە ناشەرعییەکەیە.



# براد پیت:
# لە کۆتایی نزیک بوومەتەوە

براد پیت ئەستێرەی هۆلیوود هەوادارانی تووشی سەرسوڕمان کرد و ڕایگەیاند کە نەخۆشییەکی دەگمەنی هەیە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەبێت لە ناسینی کەسانی دەوروبەری.

براد پیت لە میانی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری GQ ئاشکرای کرد، کە تووشی نەخۆشییەك بووە کە بە (کوێربوونی دەموچاو) ناسراوە، بە جۆرێك کە نەیتوانیوە کەسەکان جیا بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر پەیوەندیی بە خێزانەکەشییەوە هەبێت.

براد پیت بەهۆی ئەم تێکچوونەوە ڕووبەڕووی تۆمەتی خۆبەزلزانین و لە خۆباییبوون بووەوە، بەوەی زۆر کەسی دەوروبەری پشتگوێ دەخات، بەتایبەتی لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا، لە کاتێکدا ئەو خۆی بە کەسێکی زۆر ئاسایی دەزانێت و هیچ کاتێك لە خۆبایی نەبووە بەرامبەر هیچ کەسێك، براد ئەوەشی ڕاگەیاندکە ئارەزوو دەکات چاوی بە کەسێك بکەوێت کە بەدەست هەمان نەخۆشییەوە دەناڵێنێت، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای ئەو بارە تەندروستییە بێت کە دووچاری هاتووە.

لەلایەکی دیکەوە براد پیتی خاوەن خەڵاتی ئۆسکار ئاماژەی بەوە کرد، کە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بەم زووانە واز لە هونەر بهێنێت، سەرەڕای ئەوەی دوو ساڵ لەمەوبەر خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێنا.

بەپێی ماڵپەڕی کۆمپلێکسی ئەمریکی، پیت رایگەیاندووە کە هەست

# نانی پیرۆز خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی لە مۆسکۆ بەدەست هێنا

فیلمی دیکۆمێنتاریی (نانی پیرۆز) لە دەرهێنانی ڕەوانشاد ڕەحیم زەبیحی و لە بەرهەمهێنانی (تووڕەج ئەسڵانی) خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی بەشی پێشبڕکێی دووهەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی مۆسکۆی لە وڵاتی ڕووسیای بەدەست هێنا.

فیلمی نانی پیرۆز (نان مقدس) Holy Bread دوایین بەرهەمی سینەماکاری کۆچکردووی کورد ڕەحیم زەبیحی، لە بەرهەمهێنانی سینەماکاری کورد تووڕەج ئەسڵانی و بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی ماد موڤی (MAAD Movie) دوای بەشداریی لە فێستیڤاڵە گرنگە جیهانییەکان و بەدەستهێنانی چەندین خەڵاتی بەنرخ، لە نوێترین و یازدەیەمین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا، لە بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلمە بڵندەکان، لە دووهەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی مۆسکۆ (MKFF) لە هۆڵی ناوەندی سینەمایی (ئۆکتیابر) Oktyabr و هەروەها لە سینەما KARO 11 Ohta لە شاری سەن پتێرزبۆرگ لە فیدراسیۆنی ڕووسیا نمایش کرا و، لە لایەن بینەرانی ئامادەبووەوە پێشوازیی لێ کرا و، توانی خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی بڵندی ئەم فێستیڤاڵە بەدەست بیهێنێت.

ئەندامانی لێژنەی دادوەرایی بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلمە بڵیندەکانی دووهەمین خولی فێستیڤاڵی



دەکات کاروانی هونەریی ئەو بەرەو کۆتایی دێت. ئاماژەی بەوەشکردووە، کە ئەو یەك هەنگاو لە هێڵی کۆتاییەوە دوورە، ئەمە دوا لاپەڕە یان کۆتا بەشی سێیەمی ژیانی هونەریی ئەوە، بەڵام تا ئێستا نازانێت پێش خانەنشینی ئەم ماوەیەی لە هونەر و نواندن ماوەتی چۆن بەسەر ی دەبات.

پیت لە ساڵی ٢٠٢٠ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێنا بەهۆی ڕۆڵی لە فیلمی Once Upon a Time in Hollywood، کە لە دەرهێنانی کوینتین تارانتینۆیە، هۆکارەکانی وازهێنانی رانەگەیاند، بەڵام چاودێران بە دووری نازانن پەیوەندیی بەو نەخۆشییەوە هەبێت.

فیلمی کوردیی مۆسکۆ بریتی بوون لە: (ئیبراهیم سەعیدی دیکۆمێنت ساز، مۆنتێر و دەرهێنەری بەرهەمە بڵیندە سینەماییەکان و سەرۆکی لیژنەی دادوەران لە شاری مەهاباد، ئەکرەم هەیدۆ (Ekrem Heydo) دەرهێنەری رۆژئاوای کوردستان و دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیا و دکتۆر ییلماز ئۆزدیل (Yılmaz Öz-dil) ڕخنەگری کورد و دەرهێنەری سینەما لە وڵاتی تورکیا.

بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی ئەم بەرهەمە دیکۆمێنتارییە، لە ئەستۆی کۆمپانیای تسویر گستر الهە پارسی، ئێلی ئیمەیج (Eli Image) بە بەرپرسیارییەتی خاتوو (ئیلاهە نەوبەخت)بوو.



# هەندرێن خۆشناو لە دوو دیداری نێودەوڵەتیی کاریکاتێردا بەشداری دەکات

لە ژێر چاودێری ئیناس عەبدلدائیم وەزیری رۆشنبیریی میسری، د. خالد سرور سەرۆکی کەرتی هونەرە شێوەکارییەکان، سەبری سەعید سەرۆکی پەیوەندییە رۆشنبیرییەکانی دەرەوە لە وەزارەتی رۆشنبیریی میسری، هونەرمەند مستەفا ئەلشێخ سەرۆکی کۆمەڵەی کاریکاتێری میسری، حەوتەمین دیداری نێودەوڵەتی بۆ کاریکاتێر لە رۆژانی ٢٠-٣٠ی تەمموز لە (کۆشکی هونەرەکان) ئەنجام درا.






ژمارەیەك باڵیۆزی وڵاتان لە کردنەوەی دیدارەکەدا ئامادە بوون، لەوانەش فرانسوا کۆرنێ باڵیۆزی بەلجیکا، ئێدوارد فراگۆسر باڵیۆزی مەکسیك و چەندینی دیکە، هەروا هونەرمەندانی ناسراوی بواری کاریکاتێر جۆرج بەهجوری، محەمەد عەبلە، و جەماوەرێکی زۆر لە هونەرمەندانی شێوەکار و کاریکاتێریست و رۆژنامەنووسان و راگەیاندنکاران و ئارەزوومەندان و هەوادارانی کاریکاتێر ئامادەبوون.


یەکێك لە بەشداربووانی ئەم دیدارە نێودەوڵەتییە هونەرمەندی کورد (هەندرێن خۆشناو) بوو، سەبارەت بەم چالاکییە وبەشداریکردنیان لە دیدارەکانی تایبەت بە کاریکاتێر، بە گوڵانی راگەیاند: «سالانێکی زۆرە لە پێشانگا هاوبەش و فێستیڤاڵ و دیدارە نێودەوڵەتییەکانی کاریکاتێر و کارتۆن لە دەرەوەی کوردستاندا بەشداری دەکەم، زیاتر لە سەد جار بەشداریم لەم بوارەدا کردووە، بە تایبەتی لە وڵاتی میسر کە ساڵانە چەندین بۆنەی لەم شێوەیەدا لەوێ رێك دەخرێت، سەبارەت بەم دیدارەش ئەمە حەوتەمین دیداری ساڵانەیە، کە بڕیاربوو ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجام بدرێت، بەڵام لەبەر کۆرۆنا دواخرا، و ئەمساڵ ئەنجام درا».

هونەرمەند (هەندرێن خۆشناو) تیشکی زیاتری خستە وردەکارییەکان دیدارەکە و گوتی: «لیژنەی دادوەر و بژاردەکردنی کارەکانیش لە پێنج هونەرمەندی میسری پێك هاتبوون، کە ئەحمەد عولوی، فاروق مورسی، محەمەد ئیبراهیم، سەمیر عەبدولغەنی و کۆمیسار فەوزی مورسی بوون، لە ئەنجامدا (٤٠٠) کاریکاتێر و تابلۆی کارتۆنی (٢٩٧) هونەرمەند لە (٦٢) وڵاتانی جیهان بژاردەکران و لە دیدارەکە نمایشکران، دیدارەکەش لە دوو تەوەر پێك هاتبوون، تەوەری کاریکاتێر، تەرخان کرابوو بۆ خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی عەرەبی (ئوم کەلسوم)، تەوەری دوومیش کارتۆن، کە تەرخان کرابوو بۆ موزیك، کە زمانێکی هاوبەشی گەلانی جیهانە.»


(هەندرێن خۆشناو) هەروەها گوتیشی: «من لە تەوەری کاریکاتێری ئوم کەلسومدا بەشداربووم، کە تەنیا (١٣٠) کاریکاتێری (١٢٦) هونەرمەند قبوڵ کران بۆ پێشانگاکە، هەروەها لە یەکەمین دیداری کاریکاتێری ئەلئەزهەر بەشدار بووم، کە لە رۆژانی ٢٤-٢٨ یۆلیۆ لە هۆڵی فوستات لە سەنتەری ئەلئەزهەر بۆ کۆنگرەکان، لە شاری نەسر لە قاهیرە کرایەوە، کە بە سەرپەرشتیی زانکۆی ئەلئەزهەر بوو، ئەمە یەکەمین دیدارە کە ئەم زانکۆ جیهانییە دەیکاتەوە، دیارە ئەوانیش هەستیان بە گرنگیی هونەری کاریکاتێر کردووە، لە بەیەکگەیشتن و نزیکبوونەوەی گەلان لە یەکتری، ناونیشانی دیدارەکەش بریتی بوو، لە ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلان و ئایینە ئاسمانییەکان».













تینا فارس

یاریزانی گۆرەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگە:

# ئەگەر گرنگی بەم یارییە بدرێت یاریزان و ئەستێرەی زیاتر دروست دەبێت

■

شاری سلێمانی هەمووکات لە یارییەکانی گۆڕەپان ومەیداندا، پێشەنگ بووە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە عێراقیش، یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەنی داوە، بۆ ئەوەی رکابەریی سەرجەم یانەکانی عێراق بکات، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (تینا فارس ئەحمەد)ـە، ماوەیەکە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، بەتایبەتی هاویشتنی رم و راکردن بەشدارە و، خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، تینا لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٤ی شاری سلێمانییە، قوتابی پەیمانگەی وەرزشیی سلێمانییە، لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***ماوەیەکە لە ناو یارییەکانی گۆڕەپانومەیدانیت، ئەم یارییە چی پێ بەخشیویت؟**
-ماوەیەکی زۆرە من یاریزانی گۆڕەپان ومەیدانی یانەی پێشمەرگەم، بەڕاستی وەرزش ژیانێکی دیکەت پێ دەبەخشێت و دەبیتە کەسێکی دی، هاوکات گۆڕەپان و مەیدان تایبەتمەندی خۆی هەیە.

***بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**
- ئەم یارییە باشترین یاری بوو بۆ من، زۆر شتی لێوە فێربووم، زۆر شتی تازە زۆر کەسی باشم ناسی، بۆیە گۆڕەپان و مەیدانم کرد بە گرنگترین یاری لە ژیانی خۆمدا.

***هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**
-هەموو یارییەکان بە گشتیی قورسن، بەڵام کە تێکەڵی وەرزش دەبیت لات خۆشەویست دەبێت و هەموو قورسییەکانت بیر دەباتەوە.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدان لەسەرئاستی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی ؟**
- بە شێوەیەکی گشتی زۆر باشە، هەرچەندە پاڵەوانێتی کەم دەکرێتەوە، بەڵام لەو بڕوایەدام لە داهاتوودا زیاتر بەرەو پێش دەچێت، ئەگەر گرنگی بەم یارییەش بدرێت یاریزان و ئەستێرەی زیاتر دروست دەبێت.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**
-پێویستە پاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە و مەشقی زیاتر بۆ یاریزانان هەبێت و راهێنەری باش و ماندووبوونی زۆر وا دەکات ئەم یارییە بگاتە ئاستێکی بەرز.

***خەونی وەرزشیت چییە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان؟**
-خەونی من ئەوەیە بگەمە بەرزترین ئاست لە عێراق و ئاسیاش.

***چۆن بوو یانەی پێشمەرگەت هەڵبژارد؟**
- یانەی پێشمەرگە باشترین یانەیە و زۆرترین یاریزانی باشی لەخۆ گرتووە، بۆیە ئەو یانەیەشم هەڵبژارد، بۆ ئەوەی ببمە یەکێك لە یاریزانە بەتواناکان.

*** باشترین ئەنجامەکانت چین وەکو یاریزانێك؟**
- بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتی عێراق لە یاریی راکردنی رەوت(مشی) سێ کیلۆمەتر.

*** جگە لە گۆڕەپان و مەیدان چ یارییەکی دیکەت ئەنجام داوە؟**
- پێشتر بۆ ماوەی یەك ساڵ یاریی تۆپی پێم ئەنجام داوە بۆ ماوەی یەك ساڵ، سوودی زۆریشم لێ بینی.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**
-ئاواتی من ئەوەیە لە یاریی گۆڕەپان ومەیدان ئاستم زیاتر بەرەوپێش بچێت و بگەمە لوتکەی ئەم یارییە.

*** هەر چەندە تەمەنت بچووکە، بەڵام دەگوترێت حەز بە راهێنەرایەتی دەکەیت بۆ داهاتوو؟**
- پشتیوان بەخوای گەورە حەزم بە راهێنەری لەشجوانییە، هەوڵ دەدەم لە ماوەیەکی کورتدا ببمە راهێنەری ئەم یارییە.

***هیچ گرێبەستێکت پێشکەش نەکراوە؟**
-بێگومان زۆر یانە هەبووە، بەڵام من چەند ساڵێکە گرێبەستم لەگەڵ پێشمەرگە هەیە و هەر لەگەڵ ئەوان بەردەوامم.

*** خێزانەکەت تا چەند هاوکارتن لە وەرزشدا؟**
-زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هەمیشە پاڵپشتیم دەکەن، سوپاسی راهێنەرەکەشم کە زۆر کە ماندووە لەگەڵ ئێمە، پشتگیری ئەو بۆ ئێمە گرنگە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**
-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتە بەردەوامەی لە بواری وەرزشی دەیکات، بەبێ جیاوازی.



# سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە قسەی خۆی دەربارەی میسی کرد

خوان لاپۆرتا، سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە هەواڵێکی خۆشی بۆ هاندەرانی یانەکەی راگەیاند و باس لە گەڕاندنەوەی لیۆنێل مێسی دەکات.
سەرۆکی بەرشلۆنە، لە ڕێوڕەسمی ناساندنی ژول کوندێ، بەرگریکاری نوێی یانەکەی گوتی: بەڕێژەی ٢٥٪ ستودیۆکانی بەرشلۆنە بەرامبەر ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ فرۆشران، کە ئەمە بەشی سێیەمی بۆژانەوەی ئابووری یانەکە دەبێت و هاوکارییان دەکات.
لاپۆرتا لەو ڕێوڕەسمەدا گوتی: ئێستا ئێمە بیر لە تۆمارکردنی ناوی یاریزانە نوێیەکان دەکەینەوە و کاردەکەین بۆ ئەوانەی لە یانەکە دەڕۆن، بزانین چی روودەدات، لە کۆتاییدا راهێنەر پێمان دەڵێت پێویستیی بە گرێبەستی دیکە هەیە یان نا، پێویستە تاوەکو ١٣ـی ئەم مانگە یاریزانەکان تۆمار بکەین.
خوان لاپۆرتا لەبارەی ئەو قسانەی بەرپرسانی بایرن میونیخ لە ماوەی رابردوودا لە بارەی بەرشلۆنە کردبوویان گوتی: هیچ کێشەیەکم لەگەڵ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری یانەکانی دیکە نییە، ئێمە کاری خۆمان دەکەین و هەمووان ئازادن لەوەی چی دەڵێن، ئێمە لەسەر پلانی خۆمان بەردەوامین و دەمانەوێت تیپێکی بەهێزو رکابەر دروستبکەین.
رۆژنامەنووسێک پرسیاری گەڕاندنەوەی مێسیی لە لاپۆرتا کرد، ئەو لە وەڵامدا گوتی: روونە کە مێسی لای ئێمە چییە، بەڵام ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ قسەکردن لەو بارەیەوە، لە ئەمریکا زۆر لە کەناڵە لاتینییەکان پرسیاریان لەو بارەیەوە لێکردین، بەئارامییەوە وەڵاممان دانەوە، ناتوانم هیچ شتێکی دیکە لەو بارەیەوە بڵێم، چونکە مێسی گرێبەستی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان هەیە.
قسەکانی سەرۆکی بەرشلۆنە لە کاتێکدایە، پێش چەند رۆژێک میدیای ئیسپانیا هەواڵی ئەگەری گەڕانەوەی مێسیی بڵاوکردەوە، کە گوایە چاڤی هێرناندێز داوای گەڕاندنەوەی یاریزانەکەی کردووە و خۆیشی گوتی: بەڵی بەدڵنیاییەوە دەمەوێت مێسی بگەڕێتەوە.





# ڕۆما یاریزانێکی دیکەی پاریس سانت جێرمان دەستبەسەرکرد

یانەی ڕۆمای لەگەڵ یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر گواستنەوەی جۆرجینیۆ ڤاینالڎۆمی یاریزانی هۆڵەندی بۆ ڕۆما.

گواستنەوەی ڤاینالڎۆم بۆ ڕۆما بەخواستن دەبێت، بەپێی میدیاکان ئەو یاریزانە بۆ ماوەی وەرزێک لە ریزەکانی ڕۆما یاری دەکات و ئەگەری مانەوەی بۆ وەرزێکی دیکەش دەبێت، بەڵام لە حاڵەتی گەیشتنی ڕۆما بە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، مەرجی کڕینەوەی ڤاینالڎۆمی دێتەسەر بە ١٠ ملیۆن یۆرۆ.

ئەم گواستنەوەیە کاتێکی زۆری پێچوو تاوەکو تەواوبوو، کێشەی ڕۆما و پاریس لەسەر ئەوەبوو، کە پاریس دەیویست ڕۆما ١٠٠٪ مووچەی یاریزانەکە بدات، بەڵام لە کۆتایی ڕۆما توانی یانە فەرەنسییەکە رازی بکات، کە لە ٢٥٪ ی مووچەی ئەو یاریزانە بدەن.

مووچەکەی ڤاینالڎۆم پاریس ٩ ملیۆن یۆرۆ بوو، ئامادەبوو کەمتریشی بکاتەوە لە پێناو پەیوەندیکردن بە ڕۆماوە، ئێستا زیاتر ٢ ملیۆن یۆرۆی لە لایەن یانەی پاریسەوە دەدرێت.

ڤاینالڎۆم وەرزی رابردوو بەخۆڕایی لە یانەی لیڤەرپوول پەیوەندی بە یانەی پاریس کرد، بەڵام ئاستی وەک پێویست نەبوو، نەیتوانی خۆی بسەلمێنێت، لەگەڵ پاریس ٣٨ یاری ئەنجامدا، ٣ گۆڵ و ٣ ئاسیستی هەبوو.



## یاریزانێک یانەی شاهانەی جێهێشت

بۆرخا مایۆرال، هێرشبەری یانەی ریال مەدرید یانەکەی بەجێهێشت و پەیوەندیی بە یانەی خیتافی کرد.

یانەی خیتافی ئیسپانی لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی گواستنەوەی ئەو یاریزانەی ڕاگەیاند و دەڵێت: دوای ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەر کرا جارێکی دیکە مایۆرال درێسی ئازۆلۆنا دەپۆشێتەوە.


بەپێی ڕاگەیێنراوەکەی خیتافی یاریزانەکە لە زستانی رابردوودا، لە تیپی کیکی سانچێز فلۆرێسدا یارییکردووە، لە ١٨ یارییدا لەگەڵ یانەکە ٦ گۆڵی تۆمارکردووە، گرێبەستە نوێیەکەی لەگەڵ یانەکە بۆ ٥ وەرز دەبێت.

خیتافی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ڕۆژی ٤ی ئەم مانگە لە ڕێوڕەسمێکدا لە یاریگەی ئەلفۆنسۆ پێرێز، یاریزانەکە دوای مەشقەکانی یانەکە بە میدیاکان دەناسێنرێن.

بۆرخا مایۆرالی ئیسپانی تەمەنی ٢٥ ساڵە، لە ٢٠٠٧ـەوە لە تیپە جیاوازەکانی ریال مەدرید، بەڵام بەخواستن بۆ یانەکانی فۆلڤسبۆرگ، لیڤانتی، ڕۆما و خیتافی یارییکردووە، لە ٢٢ یاریی تیپی یەکەمی ریال مەدرید بەشدار بووە و خاوەنی ٣ گۆڵە.

بەپێی هەواڵی میدیای ئیسپانیا، گرێبەستی نێوان هەردوو یانە لەسەر گواستنەوەی یاریزانەکە بەرامبەر ١٠ ملیۆن یۆرۆ مۆرکراوە.





## نەوزاد شێرزاد لە پێناو هەولێر هەمووانی ڕەت کردەوە

کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەم وەرزە دەیەوێت سەرجەم تیپەکانی تۆکمە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ئامانجی بەهێزکردنی ڕیزی تیپی باڵەی یانەکەی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە کۆمەڵێك یاریزانی ئەستێرەوە ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکات، نەوزاد شێرزاد یاریزانی پێشووی یانەکە ماوەی چەند وەرزێکە یاری بۆ یانەکانی شاری بەغداد دەکات، هەر چەندە گرێبەستی دیکەشی هەبووە، بەڵام هەولێری هەڵبژارد، لە بارەی گەڕانەوەی بۆ هەولێریش نەوزاد شێرزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من هەموو کات ئارەزووی گەڕانەوەم هەبوو بۆ یانەی هەولێر، ئەگەر دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر پێویستیان بە من بێت، منیش بە خۆشحاڵییەوە گەڕامەوە یانەی هەولێر، لە یانەکانی شورتە و جەیش و پێشمەرگەش گرێبەستم هەبوو، بۆیە هەولێریشم هەڵبژارد، چونکە دەمەوێت ئەو هاندەرانە بە هۆڵەکانی وەرزشی شاد بکەینەوە و ناوی هەولێریش لە یاریی تۆپی باڵە بەرز بکەینەوە و لە پێشەوەی یانەکانی عێراقی بین»، سەبارەت بە ئامانجی یانەکەش نەوزاد شێرزاد گوتی: «ساڵانی پێشوو یانەی هەولێر لەگەڵ یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولی نایابی عێراقی لە ڕکابەریی تونددا بووە، ئەم وەرزەش ئیدارەی یانەی هەولێر ئامانجی گەورەتر بووە، بۆ ئەوەی یانەکە بکەنەوە بە یەکەمی کوردستان و عێراق، بۆیە ئەم وەرزە چەندین گرێبەستیان لەگەڵ یاریزانانی بەتوانا مۆرکردوە».





## هاوڕێ جەلال خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە

هاوڕێ جەلال یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی هێڵی بەرگری لە خولەکانی کوردستان و خاوەن ئاستێکی بەرز بووە، وەرزی ڕابردووش لەگەڵ یانەی چوارقوڕنە توانییان یانەکە بگەیەننە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، بۆ وەرزی نوێی خولەکانی کوردستانیش، تاکو ئێستا ئەم یاریزانە خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە، لەم بارەشەوە هاوڕێ جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ وەرزی نوێی خولەکان لە هەردوو خولی عێراقی وکوردستان گرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام تاکو ئێستا بڕیاری ئەوەم نەداوە بۆ وەرزی داهاتوو لە کام یانە یاری دەکەم، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێك هۆکاری تایبەت بە خۆم هەیە وەکو یاریزان، جگە لەوەش من لە ماڵەوە تەنیا لەگەڵ دایکم دەژیم، بۆیە بڕیاردان بۆ من دەبێ لەگەڵ یانەیەکی گونجاو بێت»، هاوڕێ جەلال گوتیشی: «لەگەڵ چەند یانەیەکی کوردستان قسەمان کردووە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەم، بۆ خولی نایابی کوردستان ئەوە بۆمن گونجاوترە، کام یانەیە بۆمن باشترین بێت، من ئەو یانەیە هەڵدەبژێرم کە لەگەڵ بارودۆخم بگونجێت، گفتوگۆکانی من لەگەڵ یانەکان زیاتر نهێنی بووە، بۆیە جارێ نامەوێ ناوی هیچ یانەیەك ئاشکرا بکەم، هیوادارم بتوانم یانەیەکی گونجاو بۆ یاریکردنم هەڵبژێرم».

# کاوە ئیبراهیم
# جارێکی دیکە دەچێتەوە دهۆک

کاوە ئیبراهیم یەکێکە لە راهێنەرە پێشەگەرەکانی بواری گۆڵپارێزی و، چەندین گۆڵپارێز لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان و دەرەوەش لەسەر دەستی ئەو راهێنەرە پێگەیشتوون، یانەی دهۆك جارێکی دی پەنای بۆ ئەو راهێنەرە بردەوە کە خاوەنی بڕوانامەی لیڤل سێی راهێنەرییە، کە گەورەترین بڕوانامەیە لە سەر ئاستی کوردستان، بۆیە ئەیش دەیەوێت دهۆك جارێکی بگەڕێتەوە ئاستێکی بەرز، لە بارەی گەڕانەوەی بۆ ریزی یانەی دهۆکیش کاوە ئیبراهیم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ئەم وەرزە لەگەڵ یانەی دهۆك گرێبەستم کردووە، دەمەوێت ئەوەی لە توانام دابێت خزمەتی یانەی دهۆك بکەم، هەر چەندە یانەی دیکەش پێیان گوتووم بۆ ئەوەی مەشقەکانیان لە ئەستۆ بگرم، من لە ناو هەموو ئەو گرێبەستانە یانەی دهۆکم هەڵبژاردووە، هیوادارم ئەوەی لە توانام دابێت لە بواری راهێنەری گۆڵپارێزی، پێشکەشی ئەو یانەیەی بکەم، یانەی دهۆکیش یەکێکە لە یانە بەهێزەکانی کوردستان و خاوەن پێگەیەکی بەهێزە و، من پێشتریش لەگەڵ ئەو یانەیە کارم کردوە، هیوادارم ئەمجارە خزمەتێکی زیاتر بە یانەی دهۆك بکەین، ماوەی گرێبەستەکەشم بۆ یەك ساڵە و تەنیا بۆ خولی عێراقییە، پاپەندی گرێبەستەکەمم لەگەڵ دهۆك.





# پاش وازهێنان لە جگەرە چی لە لەشدا ڕوودەدات؟

پاش وازهێنان لە جگەرەکێشان زیانەکان بەرە بەرە لە هەموو بەشەکانی لەشدا کەم دەبنەوە، بۆنموونە پاش تەنیا ٢٠ خولەك لە جگەرەکێشان، پەستانی خوێن دادەبەزێت و لێدانەکانی دڵ کەم دەبنەوە، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلە گەرمی لە دەست و پێیەکاندا، پاش ٨ کاتژمێر لە وازهێنان، ئاستی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن دادەبەزێت و ئاستی ئۆکسجین بەرزدەبێتەوە لە خوێندا، پاش ٢٤ کاتژمێر، ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ کەم دەبێتەوە، پاش ٤٨ کاتژمێر، دەمارەکانی لەش خۆیان ڕادێننەوە لەسەر نەمانی نیکۆتین، هاوکات لەگەڵ گەڕانەوە، یان باشتربوونی هەستی بۆن و چێژ، پاش ٧٢ کاتژمێر، خاوبوونەوەی ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەناسە. پاش ١-٣ مانگ، باشتربوونی سووڕی خوێن لە هەموو بەشەکانی لەشدا و باشتربوونی توانای مەشقی وەرزشی، پاش ١-٩ مانگ، کەمبوونەوەی کۆکە و لووتگیران لەگەڵ کەمبوونەوەی زوو ماندووبوون و هەناسەتەنگی، بەرزبوونەوەی تێکڕای ئاستی وزەی لەش، باشتربوونی توانای ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەناسە بۆ پاککرنەوە و فڕێدانی دەردراوەکان، پاش ٥ ساڵ، کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشك، پاش ١٠ ساڵ لە وازهێنان، کەمبوونەوەی ئەگەری مردن بە شێرپەنجەی سییەکان تا ٥٠٪، هەروەها کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەکانی دەم، قوڕگ، سوورێنچك، میزڵدان، گورچیلە لەگەڵ شێرپەنجەی پەنکریاس.







# قەڵەوی هۆکارە بۆ نەزۆکی ئافرەت

کێشی زیاد، یان قەڵەوی کاریگەریی بەرچاو دەکاتە سەر تەندروستی بەگشتی و، هۆکارێکە بۆ ئەگەری نەزۆکی بەتایبەتی لە ئافرەتدا. ئەمە روونە کە هاوسەنگیی دروستی هۆرمۆنەکان ڕۆڵی سەرەکیی هەیە بۆ ڕێکخستنی سووڕی مانگانە، کە زۆر گرنگە بۆ دووگیانی. کێشی زیاد، یان قەڵەوی هاندەرە بۆ زیاتر بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی لیپتین Leptin لە چەورە شانەکاندا، ڕێژەی بەرزی ئەم هۆرمۆنە هاوسەنگیی هۆرمۆنەکانی دیکە تێك دەدات، بەمەش ئەگەری نەزۆکی زیاد دەبێت. چەندێتی و شێوەی دابەشبوونی چەوری لە لەشدا بە چەندین میکانیزمی هۆرمۆنی کاریگەری دەکاتە سەر ریتمی سووڕی مانگانە و ڕێگرتن لە جووڵەی هێلکۆکە لە هێلکەدانەوە بۆ ناو بۆڕیی فالوپ Fallopian tube، کە پیتاندن لەوێدا روو دەدات، هەر چەند کێشی لەش زیاتر بێت ئەوا ڕێژەی کۆبوونەوەی چەوریی سك زیاتر دەبێت، کە ڕۆڵی نەرێنیی بەهێزتری لە چەوریی بەشەکانی دیکەی لەشدا هەیە بۆ زیادبوونی ئەگەری نەزۆکی. لە لایەکی دیکەوە، ڕێژەی بەرزی چەوریی لەش، بەتایبەتی چەوریی سك پەیوەندی بە پەیدابوونی بەرگری بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسۆلین Insulin resistance هەیە، کە دەبێتە هۆی نارێکبوونی سووڕی مانگانە، هەروەها لە توێژینەوەکاندا هاتووە کە زیادبوونی کێش، یان قەڵەوی لە ئافرەتدا، هۆکارێکی زەقە لەپاڵ حاڵەتی فرەکیسیی هێلکەدان PCOS کە دەبێتە ئەگەری نەزۆکی لە ڕێگای تێکدانی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکانەوە.

# سوودە تەندروستییە سەلمێنراوەکانی شۆکۆلاتەی تاریک

شۆکۆلاتەی تاریک یان تۆخ Dark chocolate پڕە لە ماددەی سوودبەخش بۆ تەندروستی، بەتایبەتی ماددە دژەئۆکسانەکان لە جۆری پۆلیفینۆلەکان، فلاڤانۆلەکان لەگەڵ کاتێچینەکان Catechins. شوکولاتەی تاریک واتە ڕێژەی کاکاوی ٧٠-٨٥٪ بێت، ڕۆژانە ٣٠ گرام بۆ کەسانی پێگەیشتوو ڕێنمایی دەکرێت، تاکو هەموو سوودە تەندروستییەکان بپێکێت. جگە لە ماددە دژەئۆکسانەکان، شۆکۆلاتەی تاریک دەوڵەمەندە بە ریشاڵی تەواوە، ئاسن، مەگنسیۆم، مەنگەنیز، کۆپەر،پۆتاسیۆم، فۆسفۆر، زینک، سیلینیۆم، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەمی کافائین. سوودە تەندروستییەکانی شوکولاتەی تاریک: باشترکردنی هاتووچۆی خوێن لە ناو خوێنبەرەکاندا کە هاندەرە بۆ دابەزینی پەستانی خوێن، بەرزکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL و ڕێگرتن لە ئۆکسانی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL، کەمکردنەوەی ئاستی بەرگری بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسۆلین، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، باشترکردنی هاتووچۆی خوێن بۆ پێست و پاراستنی لە کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی خۆر، هاندانی تەندروستی و فرمانەکانی مێشک بەهۆی باشترکردنی لێشاوی خوێ بۆ شانەکان مێشک.



# نیشانەکانی کەمبوونەوەی شلەی لەش

کەمبوونەوەی شلەی لەش Dehydration یان کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاو لە لەشدا کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر هەموو فرمانی ئەندام و کۆئەندامەکان. لە حاڵەتی ئاساییدا هەموومان ڕۆژانە ڕێژەیەك ئاو ون دەکەین لە ڕێگای هەناسەدان، ئارەقەکردن، فرمێسك، لیکی دەم، هەروەها کۆئەندامی مێزەڕۆ و هەرس، بەڵام لە ڕێگەی خواردنەوەی ئاو و شلەمەنی، یان خۆراك قەرەبووی دەکەینەوە، هەر کاتێك ڕێژەی ونکردنی ئاو زیاتر بوو لە ڕێژەی ئاوی وەرگیراو، ئەوا لەش دوچاری کەمیی شلە دەبێتەوە. ئەو هۆکارانەی کە دەبنە ئەگەری زیاد ونکردنی شلەی لەش بریتین لە: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش(تا)، سکچوون، ڕشانەوە، زیاد ئارەقەکردن، نەخۆشیی شەکرە، هەروەها زیانی لابەلای هەندێك دەرمان. نیشانەکانی کەمبوونەوەی شلەی لەش: هەستکردن بە تینوویێتی، کەمبوونەوە و تاریکبوونی ڕەنگی میز بە زەردێکی تۆخ، هەستکردن بە سەرسووڕان، سەرئێشە، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، وشکبوونی پێست، وشکبوونی دەم و لێو و چاوەکان، ئازاری ماسوولکە. لە حاڵەتە سەختەکانیشدا نیشانەی دیکە لە لەشدا دەردەکەون، وەکو: خێرابوونی لێدانەکانی دڵ، خێرابوونی هەناسە، قووڵبوونی چاوەکان Sunken eyes، وشکبوونی سەختی پێست، بۆرژان، کەمیی وزە، ناڕەحەتی و شێوان، هەروەها لەهۆشچوون.





# بەهای خۆراکیی کازو

کازو Cashews بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، دەوڵەمەندە بە پرۆتین، ریشاڵ، لەگەڵ چەندین ڤیتامین و کانزا و مادده دژەئۆکسان، بۆنموونە: ڤیتامینەکانی C، B1، B2، B3، B5، B6، B9، E، هەروەها ڤیتامین K، لەگەڵ کانزاکانی کالسیۆم، ئاسن، مەگنسیۆم، فۆسفۆر، پۆتاسیۆم، زینك، کۆپەر، سۆدیۆم، سیلینیۆم. کازو لە هەندێك کەسدا دەبێتە ئەگەری هەستەوەری، هەروەها زیاد خواردنی کازو رێنمایی ناکرێت، چونکە رێژەیەکی بەرزی ئۆکزالەیتەکان Oxalates لەخۆدەگرێت، کە هاندەرە بۆ دروستبوونی بەردی گورچیلە. پێویستە کازو هەرگیز بە خاوی نەخورێت، واباشە کە بە باشی ببرژێنرێت. سوودە تەندروستییەکانی کازو بریتین لە: پاراستنی تەندروستیی دڵ لە رێگای کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن و ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، پاراستنی تەندروستیی ئێسك و ماسوولکەکان، پاراستنی تەندروستیی پێست و قژ، هاندانی کرداری بینین، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، پاراستنی تەندروستیی مێشك و دەمارەکان، هاندانی فرمانەکانی کۆئەندامی هەرس، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، رێکخستنی ئاستی شەکری خوێن و کەمکردنەوەی بەرگری بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین Insulin resistance، بۆیە خواردنی کازوی برژاو بە بڕی تەنیا یەك ئۆنسە (٢٨ گرام) گونجاوە بۆ نەخۆشانی شەکرە.



# بۆچی نووستنی شەو باشترە؟

بە رای پسپۆران، کوالێتی باشی خەوی شەوانە زۆر باشترە لە پچڕکردنی خەو، یان خەوی پاش نیوەڕۆ Napping کە ئەگەر بەردەوام بێت، ئەوا ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن تا رێژەی ١٢٪ زیاد دەکات، هەروەها ئەگەری روودانی جەڵتەی مێشك تا رێژەی ٢٤٪ بەرزدەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئەو کەسانەی کە خۆیان رانەهێناوە لەسەر خەوی پاش نیوەڕۆ، سەلامەتترن لەم دوو گرفتە. پسپۆران جەخت دەکەنەوە کە کوالێتیی خراپی خەو بۆ تەندروستی زیانبەشخە، ئەگەر خەوی پاش نیوەڕۆ زیانیشی نەبێت، بەڵام هۆکارە بۆ تێکدانی کوالێتیی خەوی شەو. بە مانایەکی دی، لەبەر خەوی رۆژانەی پاش نیوەڕۆ، لە خەوی دروست بێ بەش دەبیت لەوکاتەی کە پێویستیت بە خەو دەبێت، واتە لەکاتی شەودا، ئەمەش کاتژمێری بایۆلۆژی لەش تێك دەدات. سوودە تەندروستییەکانی کوالێتی باشی خەوی شەوانە: بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، پاراستنی تەندروستی و لیاقەی دڵ، باشترکردنی مەزاج، بەهێزکردنی تەرکیز و تواناکانی دیکەی مێشك، هەروەها بەهێزکردنی توانای بیرهاتنەوە.



# کۆمپیوتەرێک لە گیرفاندا



ئەگەر نەك بۆ زۆر دوور تەنیا بۆ سالآنی ٢٠٠٠ هەزار بگەڕێینەوە، دەماندی کۆمپیوتەرەکان ئەوەندە گەورە بوون بە کەسێك گواستنەوەیان نەدەکرا. بەڵام ئەمڕۆ کۆمپیوتەرەکان بە رادەیەك بچووك بوونە لە گیرفانیشدا جێیان دەبێتەوە. بۆ نموونە کۆمپیوتەری جۆری MeLE Mini PC Stick Celeron ئەو کۆمپیوتەرە بچووکە کە هەندێك لە فلاش میمۆرییەك گەورەترە، گشت تایبەتمەندییەکی کۆمپیوتەرە مەزنەکانی لەخۆ گرتووە. ویندۆز١٠ی لەسەرە و گشت ئەو پرۆگرامانەی لە ویندۆز١٠دا دەکرێنەوە لەو کۆمپیوتەرەش دا دەکرێنەوە. خێراییەکەی ٢,٧ گیگایە. ویندۆز١٠ لە جۆری ٦٤ بیتی لەسەر داندراوە. رامەکەی ٨ گیگابایتە و داتاگەکەی واتە هارد یا میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگایە. دەکرێت بەهۆی میمۆری کارتەوە تا یەك تیرابایتیش داتاگەکەی زیاد بکرێ. شوێنی دوو USB هەیە و بلوتوس ٤ی لەسەرە.



## شاشەیەکی بچووک ئاسـ

تەختەی دوگمەکان (کیبۆرد) ئامرازی گرنگی کۆمپیوتەرە و گشت فەرمان و پیت و کاراکتەرەکان لەسەر کیبۆردەکەن. لە کۆمپیوتەردا بەبێ کیبۆرد هیچ ئەرکێك ئەنجام نادرێ. هەندێك دوگمە لەسەر کیبۆرد هەن کە فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن وەك (ctrl,fn,alt,shift) ئەو دوگمانە لەگەڵ دوگمەیەکی دیکە ئەرکەکان ئەنجام دەدەن. ئامێرێکی دیکە بەرهەمهاتووە وەك پارچەیەك لە کیبۆرد دەخرێ و بەهۆی ئەوەوە گشت فەرمانێك ئەنجام دەدەی. وەك کردنەوەی پرۆگرامەکان، ماڵپەڕەکان،



لەگەڵ ئەوەیدا کۆمپانیای LG نەیتوانی لە بواری بەرهەمهێنانی مۆبایلدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ و زوو لە مەیدانەکە چوو دەرێ. بەڵام لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ناوماڵدا وەك تیڤی و ساردکەرەوە و بەفرگر و...تاد لەریزی پێشەنگەکان دێ.

لەم دواییە تەلەڤزیۆنێکی نوێی بەرهەمهێنا بەناوی LG Object TV کە جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ تەلەڤزیۆنەکانی دی، هەرکاتێك پێویستت پێی نەبوو ون دەبێ.

ئێل جی رایگەیاند کە بیرۆکەی دروستکردنی تەلەڤزیۆنەکەی لە تابلۆی وێنەکێشان وەرگرتووە. هەروەك دەبینن لەسەرەتادا هیچ شتێك لە چوارچێوەی تابلۆیەکەدا نابیندرێ. بەڵام پاش ماوەیەك شاکارێك دەردەکەوێ.

تەلەڤزیۆنەکە زیاتر وەك پەردەیەکی زیبرا دەچێ کاتێك کاری پێناکەی بەتەواوی کۆدەکرێتەوەو دەچێتە خوارەوە. بەڵام بەتەواوی ناچێتە خوار و بەڵکو بەشێکی دەمێنێ کە کاتژمێر و زانیاریی لەبارەی مۆزیك و وێنەی سروشتی نیشان دەدا.

## تەلەڤزیۆنێک لە کوژانەوەدا دیار نامێنێ



# باڵندەی ڕۆبۆت لەسەر داریش دەنیشێ

پسپۆرانی بواری بەهەرمهێنانی ڕۆبۆت و تەکنەلۆژیای نوێ، ڕۆبۆتێکیان بەرهەمهێناوە هاوشێوەی هەڵۆیە. ڕۆبۆتەکە دەتوانێ بفڕێت، بنیشێتەوە ، هەروەها بە چڕنوکەکانی لقی دارەکان بگرێت.

باڵندە ڕۆبۆتەکە لەلایەن گروپێکی زانکۆی Stanford بەرهەم هاتووە و ناوی SNAGی لەسەر داندراوە. ڕۆبۆتەکە شتێکی هاوشێوەی ئێسقانی بە پرێنتەری سێ دەوری بۆ دروستکراوە. بەهۆی درۆنێك کە بە ڕۆبۆتەکە پەیوەند کراوە دەفڕێت و کەلوپەل بۆ شوێنی مەبەست دەگوازێتەوە. «SNAG» کە کامێرا و هەستەوەری پێوەیە چاودێری گۆڕانکاری کەش و هەوا، ژیانی گیانداران و ئیکۆ سیستەمی سروشت دەکا. دەکرێت بەهۆیەوە پێشگری لە ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان و کرداری بە دواداگەڕان ئەنجام بدەی.



# ...انکارییەکی زۆر دەکا

یارییەکان و سەدان کرداری دیکە کە بەکارهێنەر دەتوانێ لێ زیاد بکا.

پەنێڵی لەمسی CORSAIR iCUE NEXUS ئەو ئامێرەیە وەك پارچەیەك لەسەرەوەی کیبۆرد دەخرێ، بەڵام بۆ هەموو کیبۆردێك ناگونجێت. شاشە لەمسیە بچووکەکە تەنیا بە داگرتنێك، ئەکشێنەکان و مایکرۆکان و یاری و پرۆگرامەکان دەکاتەوە. بە ئاسانی لە ڕێگای USBیە بە کیبۆردەوە پەیوەند دەدرێ بەهۆیەوە دەتوانێ زیاتر لە ٢٠٠ شاشە و هەزاران فەرمان دابنێی.



# چاویلکەی ئۆپۆ و تایبەتمەندییەکانی

چاویلکەی زیرەك هەرچەندە بەو جۆرەی پێویستە شوێنی خۆی نەکردۆتەوە و هێشتاش لەسەرەتادایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کۆمپانیا هەوڵی بەرهەمهێنانی دەدەن. Oppo لەم دواییەدا نوێترین چاویلکەی سمارتی خۆی خستەڕوو.

چاویلکەی Oppo Air Glass ئامێرێکە لەسەر چوارچێوەی چاویلکە دادەنرێ و مایکرۆپرۆژکتەرێکی پێوەیە بۆ نیشاندانی زانیارییەکان. بەهۆی ئەو مایکرۆپرۆژکتەرەوە چاویلکەیەکی ئاسایش دەبێتە چاویلکەی زیرەك.

چاویلەکەکە لەبەرکەوتن، دەنگ و جوڵەی دەست یا جوڵەی سەر پشتیوانی دەکا. بەڵام بۆ سوود وەرگرتن لە جوڵەی دەست پێویستە کاتژمێری Oppo Watch2ت لە دەست دابێ. بۆ کردنەوەی ئاگادارییەکان بەکارهێنەر پێویست دەکا سەری خۆی بجوڵێنێ. چاویلکەی ناوبراو دەتوانێ پرۆگرامەکانی کەش هەوا، ڕۆژژمێری، تەندروستی و... تاد نیشان بدا.

بەشێکی تایبەت بە وەرگێڕان هەیە بەهۆیەوە دەکرێت کاری وەرگێڕان بکەی.





# ئەڵقەیەک بۆ پێوانی ڕێژەی شەکرە

شەکرە ئەو نەخۆشییە درێژمەودایەیە کە ڕەنگە هەتا کۆتایی تەمەن لەگەڵ نەخۆشەکە بێت. هەرچەندە زانستی پزیشکی لەمبوارەوە هەنگاوی باشی ناوە، بەڵام هەتا ئێستا ڕێگا چارەیەك نییە بۆ بن بڕکردنی ئەم نەخۆشییە.

بۆ پێوانی شەکرە لەخوێندا جگە لە تاقیگاکانی پزیشکی، ئامێری بچووك هەیە و نەخۆش بۆخۆی بەکاری دەهێنێت. لەم دوو ساڵەدا کاتژمێر تایبەتیش بەپێوانی شەکرە بەرهەم هاتووە.

ئەلقەی زیرەکی Movano Ring هەم لێدانی دڵ دەپێوێ، هەم کالۆری و ئۆکسیژێنی خوێنیش دەپێوێ لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا بۆ پێوانی شەکرەش بەکار دێت.

ئەڵقە زیرەکەکە لە پلەی یەکەمدا بۆ ئافرەتان بەرهەم هاتووە. لەگەڵ ئاپێکی تایبەت کە لە مۆبایلدایە پەیوەند دەدرێ و داتاکانی تایبەت بە تەندروستی بەکارهێنەرەکەی کۆ دەکاتەوە. جگە لە پێوانی شەکرە، لە نەوەی داهاتووی ئەم ئەڵقەیەدا زەختی خوێنیشی پێوە زیاد دەکرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لە کاتی کوژانەوەی لاپتۆپدا جیاوازی چییە لە نێوان Shut down و Sleep و Hibernate؟**

خوێنەری بەڕێز وشەی shut down بەمانای کوژاندنەوە دێت، واتە لاپتۆکە بەتەواوی وزەی لەسەر لادەچێت و دەکوژێتەوە. بەڵام وشەی Sleep بە مانای خەونووچکە دێت، لاپتۆپەکە لەو کاتەدا وزەی بەتەواوی لەسەر لاناچێت، بەڵکو شاشەکە دەکوژێتەوە، ئەو پرۆگرامانەی کراونەتەوە وەك خۆیان دەمێننەوە. وشەی Hibernateیش بە مانای خەوی قووڵ دێت، لە کرداردا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ sleep بەڵام لە Hibernateدا پرۆگرامەکەکان لە هارددا خەزن دەکرێن و چۆن کراونەتەوە ئاوا دەمێننەوە و وزەی بەتەواوی لەسەر لادەچێت، لە Sleepدا لە رامدا خەزن دەبن و وزە کەم دەبێتەوە بەڵام بەتەواوی نا.



# مۆنیتۆرێکی زۆر تایبەت لە LGیەوە

کۆمپانیای LG یەکەم شاشەی ستوونی لە جیهاندا بەرهەم هێنا. شاشەیەکی زۆر تایبەت، دیزاینێکی ناوازەی هەیە. شاشەکە بەقەد دوو مۆنیتۆری ٢١ ئینجی دەبێت. مۆنیتۆری DualUp بە کوالیتی ٢٦٥٠ لە ٢٨٨٠ بۆ کاروباری دیزاین و گرافیك و فیلم و سینەما بەرهەم هاتووە.

شاشەی ناوبراو بۆ ئەو کەسانە بەرهەم هاتووە کە لە کار و ئەرکەکانیاندا لە چەند شاشەیەك سوود وەردەگرن. ڕەنگە بەکارهێنانی دوو شاشە لە پەنای یەکدا وسووڕاندنی هەرکامیان بۆ کاری مەبەست ببێتە هۆی ئازار لە بەشی پشت و ملدا.

شاشەکە ئۆرگۆنۆمیکە و شوێنێکی کەمتر دەگرێ بەهۆی ئەو ستاندەی هەیەتی دەکرێت لەسەر هەر جۆرە مێزێکی دابنێی.



## کامێرای ئەکشنی بچووک

بەهۆی پێشکەوتنی مۆبایلە زیرەکەکان، تا رادەیەکی زۆر پێویست بەکامێرا نەماوە، مۆبایلەکان هەمیشە لەگەڵ بەکارهێنەرەکانیان دان و هی وا هەیە باشترین کامێرای هەیە، بۆیە ئێستا کەمتر کامێرا بەکار دەهێنرێت. هەرچەندە ئێستا کامێراکانیش بچووک بوونەتەوە، کامیرای هەیە تۆزێك لە قوتووە شقارتەیەك گەورەترە، بۆ نموونە کامێرای cobe 360. کامێرای ناوبراو کامێرایەکی ئەکشنە. واتە بۆ فیلمی جوڵەدار دەگونجێت. بەئاسانی لە گیرفان دەخرێت. لەگەڵ بچووك بوونیشدا توانای کامێرایەکی مەزنی هەیە. بە کوالیتی ١٢٨٠ لە ١٠٢٤ و هەروەها ٢٨ فرێم لە چرکەیەکدا فیلم هەڵدەگرێتەوە. سیستەمی وای-فای هەیە و دەتوانی راستەوخۆ ڤیدیۆ و فیلمەکان هاوبەش بکەی و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی بکەیەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ زانینی جوگرافیای جیهان

گەلێك ماڵپەڕ و پرۆگرام هەن بۆ ئەوەی زانینی جوگرافیا لە جیهاندا، تەنانەت ماڵپەڕی وا هەیە گەشتی مەجازیت پێدەکا و چ وڵاتێك و شوێنێك هەبێت لە جیهاندا بۆ ئەو شوێنەت دەبات. ماڵپەڕی .geoguessr.com یەکێکە لەو ماڵپەڕانە. لەو ماڵپەڕەدا وەك شێوەی پرسیار وایە، زیاتر بۆ قوتابیان و خوێندکارانی بەشی جوگرافیایە، لەسەرەتادا دەبێت هەژمارێکی تایبەت بەخۆت بکەیەوە و دواتر بچیە ناو ماڵپەڕەکە. بە پرسیار دەست پێدەکا. بۆ نموونە یەکێك لە شوێنە گرنگەکانی جیهانت پێ ئاشنا دەکا و بۆ نموونە تاوەری ئیڤیلی پاریس و وێنەیەکت لەو تاوەرە نیشان دەدا، لێت دەپرسێ لەسەر نەخشەکە شوێنی ئەو بورجەم پێ بڵێ، شوێنێك دەست نیشان بکە، ئەگەر راست بوو، ئەوە باشە، ئەگینا دەڵێت چەند کیلۆمەترێك بە یەکێك لە ئاراستەکان لەو شوێنە دووری.

## پرۆگرامێکی گرنگی گوگڵ بۆ تەندروستی و چالاکی جەستە

گوگڵ گەورەترین کۆمپانیای جیهانییە لە بواری مۆبایل و پرۆگرامی وێبگەڕ و دەیان پرۆگرامی دیکەدا. سیستەمی ئەندرۆید واتە گوگڵ، بەبێ گوگڵ ئەم سیستەمە هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە. یەکێك لە پرۆگرامە گرنگەکانی گوگل لەبواری تەندروستی و چالاکی جەستەییە.



پرۆگرامی Google Fit دەکرێ بڵێین باشترین پرۆگرامی ئەندرۆیدە بۆ جموڵی وەرزشی و چاودێری لەشساغی مرۆڤ. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت رێژەی لێدانی دڵ و رێژەی ئۆکسیجینی ناو خوێن و بزاندرێ. هەروەها بەهۆی ئەوەوە دەزاندرێ چەندت وزە سووتاندوە، چەند هەنگاو رۆیشتووی و هەروەها وەرزشەکانی وەك مەلەکردن و پایسکیل لێخوڕین و راکردنی تێدایە تا بزاندرێ بەهۆی ئەو وەرزشانەوە چەندە رۆیشتووی و چەندت کالۆری سووتاندووە. هەروەها بەشی لێدانی دڵیشی تێدایە، بەڵام ئەو بەشە لە مۆبایلە کۆنەکاندا ئەکتیڤ نییە.



# چارەسەری جوانی و گرفتەکانی قژی خانمان

قژ هەڵوەرین کێشەی زۆر کەسە و ئافرەتان بێزار دەکات، هەندێکیان قژیان لاوازە و حەز بە بەهێز بوونی قژیان دەکەن، هەندێکی دیکەش لوول دەبێ و خواستیان لەسەر پرچی خاوە، یان تەنك دەبێت، ئەوانەش دەیانەوێت پرچیان پڕ بێت، بەڵام بۆ چارەی ئەو کێشە و گرفتانەی قژ، دەتوانیت لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوەوە چارەسەریان بکەیت. پێگەی (HEALTHY) ئاماژەی بەوە کردووە، پرچی لاواز: بۆ ئەوانەی هەست بە لاوازیی پرچیان دەکەن، پێویستیان بە پرۆتین و کۆلاجین هەیە، ئەوانەش زیاتر لە ڤیتامی Cدا هەن، وەك (پرتەقاڵ، بیبەر، گۆشت، ماسی، هێلکە، پەنیر). پرچی لوول گرژ: ئەگەرچی ئەو کێشەیە بە چەندین ڕێگە چارەسەر دەکرێت، بەڵام دەشتوانن لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوە کە ڤیتامین B12 و ئۆمێگا سێی تێدایە، وا لە پرچ دەکەن کە نەرم بێتەوە، وەك (ماسیی سەلەمۆن، کازۆ، باوی). پرچی تەنك و باریك: زۆرێك لە ئافرەتان لە دوای هاوسەرگیرییەوە پرچیان تەنك دەبێت و داوەکانیش باریك دەبن، ئەمەش بەهۆی کەمیی مەگنیسیۆم و ئۆمیگاسێ و زەنك، ئەو جۆرە پێکهاتانەش لە مۆز و چەرەز و ماسیدا هەن.






## خشڵی دەست و ڕەنگی نینۆک بە ڕێکی بڕازێنەرەوە

جوانیی دەست و مەچەك، هێندەی جوانی رووخسار کاریگەریی هەیە، کاتێك خاتوونێك دەستەکانی ناسك و نەرمونیانن، بە ڕەنگ و خشڵی جوانیش دەیانرازێنێتەوە، زیاتر سەرنجڕاکێشتر دەردەکەوێت، پێویستە خانمان بە وریاییەوە کاری لەسەر بکەن و مۆدێکی ناسکی بۆیەکان هەڵبژێرن، تا لەگەڵ ئەڵقە و ئەنگوستیلە و دەسبەند و بازنی دەستدا هاومۆد و شێوە بن، چونکە ڕەنگی بۆیەی مەناکیرەکان، شێوەی ئێکسسوارەکانیش جوانتر دەکەن، ئەگەر ئەڵقە و ئەنگوستیلەی دەست هەردووانیان لە ڕەنگ و مۆدێکی شایستە بن، بەهۆی ئەوەی لە نینۆکەکانەوە نزیکن، بێگومان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان دەبێت. گۆڤاری فۆگی جوانکاری باسی ئەو لایەنەی کردووە و دەڵێت: نابێت ڕەنگی ئێکسسوار و نینۆکەکان هەمان ڕەنگ بن، تەنیا لەو کاتەی جلێکی سادەت لەبەر کردووە دەتوانی ئەو شێوازە پەیڕەو بکەیت، بەڵام ئەگەر وانەبوو، با ڕەنگەکانیان جیاواز بن، واتە ئەگەر ڕەنگی نینۆکت سپی بوو، دەتوانی ئێکسسوارێکی سوور، یان سەوز لە پەنجە بکەیت. هەروەها پێویستە قەبارەیان پێچەوانە بێت، ئەگەر نینۆکەکانت درێژ بوون، پێویستە ئێکسسوارەکان ورد و تەنك بن، ئەگەر نینۆکت نەبوو، یان کورت بوو، ئێکسسوارە قەبارە گەورە لە دەست بکە.



## جلوبەرگی ئاسایی و مارەبڕین بە خشڵی بریسکەدار

جلوبەرگی هاوینە، سەرەڕای ئەوەی ناسك و تەنکن، هەروەها پێویستیان بە ڕازاندنەوە بە خشڵ و ئێکسسوارەکان هەیە، مۆدەکانی جلی ئاسایی و مارەبڕین بۆ ئەو وەرزە پێویستە بریقەدار و بریسکەی ڕووناکی بەسەریەوە دیار بێت، بەم چەشنە مۆدێکی نایاب و ناوازەی لێی دەردەچێت، بەهۆی ئەوەی لە هاویندا جلەکان کراوەن و لە قوماشی تەنك و باریکن، بۆیە پێویستیان بە خشڵ هەیە بۆ ڕازاندنەوەیانە. ڤاناس مۆدە لە کوردستان، بە دیزانەرە سەرنجڕاکێشەکانیان بەشی سینگ و سەر قۆڵەکانی کراسەکانی ماربڕینیان بە خشڵ و مووروو و کریستاڵی بریقەدار ڕازاندووەتەوە، تاوەکو ڕووناکی بەرکەوێت و بریقە بداتەوە، مارکەی ڤالنتینۆ Valentino لە تازەترین بەرهەمەکانیدا گرنگیی بە ڕازاوەکردنی جلی هاوینەدا داوە، کە وردە مووروو و خشڵی باغەی لە بەشی پێشەوەی جلەکان داناوە، مۆدەکانی کراسی (مەرام بورهان)ی دیزانەریش پابەندە بە خشڵی ڕەنگ شین کە لە بەشی شان و پێشەوەی کراس و جلەکانی هاوینەی داناوە.





# دەرچووانی زانکۆ شوێنی شیرنەمەنی دەکەنەوە

ژیلا تەیفور، کە دەرچووی بەشی تەکنیکیی کارگێریی میدیایە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دوای تەواوکردنی زانکۆ، کارێکی وایان دەست نەکەوتووە، هەلی دامەزراندنیش نەبووە، بۆیە لەگەڵ هەڵساون بە دامەزراندنی کارگەی شیرنەمەنی هانی، کە کاریان دروستکردنی شیرینی و هەویرکارییە، لە دیمانەیەکدا تایبەت بە پرۆژە بچووکەکەیان، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** بیرۆکەی ئەو پرۆژە بچووکەتان چۆن بۆ دروست بوو؟**

-ماوەیەك لای ئافرەتێك بە پارەیەکی زۆر کەم و ماندووبونێکی ئێکجار زۆر کاری شیرینیم دەکرد، کە ئەگەر زاڵ نەبوومایە بەسەر برسێتیدا و بەپێ هاتووچۆم نەکردایە، دەبوو هەموو ڕۆژانەکەم بە زیادەوە سەرف بکردایە، دوای ئەوە چەند هاوڕێیەکم وایان دەزانی لەماڵی خۆم کار دەکەم، داوای شیرنییان دەکرد، لەوێوە وردە وردە بڕیارم دا سەربەخۆ کار بکەم.

*** چەند کەس بەشدارن لەم کارەدا؟**

-ئێمە چوار کەسی سەرەکیین و دەرچوی زانکۆ و پەیمانگەین.

***چ جۆرە شیرنەمەنی و چەند جۆر دروست دەکەن؟**

-کاری سەرەکیی ئێمە کولیچەیە، جۆرەکانی کولیچە بە فستق، vip، گوێز، گوێزهند، خورما، لوقم، کولیچەی میوەکان، هەروەها پاقلاوە، کونافە، جۆرەکانی برمە، خش خش، تورتە، کاستەر و.. چەندانی دی، هەندێك جاریش کڕیارەکان داوای چێشت دەکەن، وەکو کوبە، بریانی، دۆڵمە، ئەو کارەش دەکەین.

*** پاڵپشتی هیچ کەس و لایەنێکتان هەیە؟**

-وەك پاڵپشیی دارایی، هیچ لایەنێك پاڵپشتی نەکردووین، پاڵپشتی مەعنەوی ڕاگری بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگە بە چالێنجێك پاڵپشتی کردین،

*** کێن ئەوانەی داوای بەرهەم و شیرینییەکانتان دەکەن؟**

-زیاتر فڕنەکان، چایخانە وقاوەخەکان، ماڵەکان، قوتابیانی بەشە ناوخۆییەکان.

*** پلانتان چییە بۆ داهاتوو، چیتان داناوە تاوەکو کارەکەتان زیاتر بەرهەمی هەبێت؟**

-هەرزانیی نرخ، خۆشیی تام، بەردەوام داهێنان و نوێکاری لە تام و دیزاین ونەخشی کولتوریی دەست، پاکی و فرێشیی کەرەستەکان، ئەمانە هۆکار بوون تا هەر کڕیارێك لای ئێمە کولیچەی تام کردبێت، میوانەکانیشی داوای کولیچەی هانییان کردووە.







# کراسەکانی بووکی شاهانە خاڵدارن

کاتێك بووکی شاهانەی بەریتانیا و دۆکی کەمبریج (کەیت میدڵتۆن) بەشداریی ڕێوڕەسم و بۆنەکان دەکات، هەمیشە کراسەکانی خاڵدارن، واتە ئەو جۆرە کراسەی کە لە نێو نەخشیدا خاڵی گەورە و بازنەیی تێدایە، بووکی شاهانە هەردەم کراسەکانی تا ژێر ئەژنۆ درێژن، بەمەش جلی کراوە و ڕووت کەم دەپۆشێت، ئەو ستایلەی بووکی شاهانە دەیپۆشێت هەر ئەوەیە کە لە ساڵانی حەفتاکانەوە باو بوو، دواجار لە یارییەکانی ویمبڵدۆن بینراوە کە بووکی شاهانە کراسێکی ڕەشی پۆشیوە کە بە خاڵی سپی ڕازێندراوەتەوە، دیزاینی جلەکەی بووکی شاهانە لەلایەن دیزاینەر (ئەلیساندرا ریچی) ئامادە کرابوو، بووکی شاهانە پێڵاوێکی ڕەشوسپی و بە قژی بەستراوەوە دەرکەوت، وەك هەمیشەش کراسە سەیرەکانی بووکی شاهانە بە قۆڵی درێژ و نیو کراوەوە بوو، بەمەش وەك ئەوەی ڕێنوێنی کرابێت کە نابێت جلی ڕووت و کراوە لەبەر بکات، یان خۆی حەزی بەو جلانەیە، ئەوەش نهێنییەکە ڕەنگە لە داهاتوودا ئاشکرا ببێت.



# ئۆتۆمبێلی داپۆشراو به قژی خانمان

ئەگەر ڕۆژێك ئۆتۆمبێلێکی داپۆشراو بە پرچی مرۆڤ کەوتە بەرچاوت، سەرسام مەبە، چونکە ئەوە کاری (ماریا لوسیا)ی تەمەن (٤٤) ساڵەیە، کە حەز بە پرچە، ئەو نەك پرچی خۆی جوان دەپارێزێت، تەنانەت ئۆتۆمبێلەکەشی بە پرچ داپۆشیوە. (ماریا) نزیکەی (١٥٠) کاتژمێر بە بەستن و دوورینی پرچەوە سەرقاڵ بووە، تا بۆ ئۆتۆمبێلەکەی ئامادەی بکات، جگە لەوەش چووەتە وڵاتی هیندستان و لەوێ بڕی (٢٥) کیلۆگرام پرچی هیندیی هێناوە، بە بڕوای خۆی پرچی کچانی هیندستان بەهێزتر و توندترە لە کچی ئەورووپی، بە بڕوای ئەو کچە پرچ خۆشەویستە، پرچ مانای هێمای سەربەستی و ئاشتی دەبەخشێت، بۆیە ئەویش ئۆتۆمبێلەکەی لە پرچی مرۆڤ داپۆشاندووە، جار جارەش بە شانەیەك پرچی ئۆتۆمبێلەکەی جوان دادەهێنێت.





## کاریکاتێر

باس لە ئافرەتێك دەكات، كاتێك لوولەی تانكەكان لە پەنجەرەی ماڵەكەی دێنە ژوورەوە، ئەویش بە تیرۆكەكەی دەیەوێت لوولەكە بشكێنێت.

## دۆڵفینی گاڵتەجار

ئەهەنگ و دۆڵفین، دوو گیانداری دەریایین كە هەمیشە دۆستی مرۆڤن، بە تایبەت كاتێك بەخێو دەكرێن، بەم چەشنە جوانترین یاری و جوولەی سەیر لەگەڵ مرۆڤ دەكەن، ئەهەنگ ترسناكترە لە دۆڵفین، بەڵام ئەو ئەهەنگە سپییە لە وڵاتی ژاپۆن گاڵتەچی ترین ئەهەنگە، ئەو ئەهەنگە لە (ئەكواریۆمی هاكیجیما)یە لە شاری تۆكیۆی ژاپۆنە، هەر كەسێك یاریی لەگەڵ بكات، ئەویش جوولە و گاڵتەجاڕیی خۆی دەكات، هەروەها ئەگەر بزانێت كەسێك گەرمایەتی، یان ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوە، ئاوی پێدا دادەكات تا ساردی بكاتەوە، بە یەكێك لە گاڵتەجارترین ئەهەنگەكان دادەنرێت و بووەتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران.



## میوزیك

**دەربارەی كاتی نەفرەتی - About Damn Time**

یەكێكە لە تراكە تازەكانی كچە گۆرانیبێژی ئەمریكی (میلیسا ڤیفانی جیفەرسۆن)ـە كە بە لیزۆ ناسراوە، لە دایكبووی ١٩٨٨ و لە ساڵی ٢٠١١ دەستی بە گۆرانیگوتن كردووە، تراكەكە لە ئەلبوومی (special)ـە، لە جۆری فەنك- پۆست دیسكۆ- پووپە.

## فیلم

### پیاوی خۆڵەمێشی - The Gray Man

فیلمێكی سەركێشی و ئەكشنە، باس لە كارمەندێكی سیخوڕی دەسگای هەواڵگریی ئەمریكا (CIA) دەكات، دوای ئەوەی وەك كەسێكی نەناسراو و لەلایەن دەزگایەكی هەواڵگری ئاشكرا دەبێت، دەزگایەكە لە دوای دەبن بە مەبەستی كوشتنی لەسەر كارەكانی پێشووی، فیلمەكە لە ئەمریكا وێنەی گیراوە و لە مانگی حەوت تەواو بووە، بودجەی فیلمەكە ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە، ماوەی فیلمەكە دوو كاتژمێر و دوو خولەكە، لە دەرهێنانی جۆی ڕۆسۆ و ئەنتۆنۆ ڕۆسۆ، لە نووسینی ستیڤین ئێف ویندەن، لە نواندنی: ڕەیان گۆسلینگ، داهاتوش، ئانا دی ئەرماس، كریس ئیڤانس، ریگی جیان پەیج، جولیا بۆڵترز.




### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە ئامانجەكەت روونە و دەزانیت بۆچی هەنگاو دەنێیت، لەروی سۆزدارییەوە چێژ لە كاتەكانت ببینە و خۆت بە شتی لاوەكییەوە سەرقاڵمەكە و، ڕێگە مەدە ئەو دڵخۆشیەت بە ئاسانی بڕوات، لە ئێستادا هەست بە باشی تەندروستیت دەكەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە كۆتاییدا دەگەیت بەو ئارامییەی كە دوای ماوەیەكی زۆر بەدوایدا دەگەڕایت، ئەمەش ئاسوودە و دڵخۆشت دەكات، ئەگەر كەوتویتە داوی خۆشەویستییەوە، مەترسە لەوەی دیوی ڕاستەقینەی خۆت نیشانی هاوسۆزەكەت بدەیت، متمانەی پێ بكە و ڕاستی مەشارەوە.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

رابردو لەبیر بكە و سەرنجت بخەرە سەر ئەو كەسانەی تازە دەیانناسیت و دەیانەوێت بێنە ژیانتەوە، هەروەها بە ڕێز و میهرەبانییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بكە، لە ڕووی سۆزدارییەوە ڕووبەڕووی كێشە دەبیتەوە، لە ئەنجامی كەمبایەخدان بە خۆشەویستەكەت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

پاڵپشتیی خێزانەكەت بكە و پەیوەندییەكانتان توندوتۆڵتر بكەرەوە، كاتی ئەوە نییە خێزانەكەتان پەرتەوازە ببێت، دەنا دەرئەنجامی خراپی لێ دەكەوێتەوە، لە ڕووی پیشەییەوە كارەكانت مەخەرە سبەینێ و یارمەتیی كەسانی دیكەش ڕەت مەكەرەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

خۆت ڕێك بخەرەوە و دووبارە دارِشتنەوە بۆ پلانەكانت بكەرەوە، لە ڕووی پیشەییەوە كەمتەرخەمیت، ئەمەش زیانت پێ دەگەیەنێت، لەروی سۆزدارییەوە كاریگەریت هەیە لەسەر ئارامكردنەوەی خۆشەویستەكەت، هەربۆیە هەوڵ بدە لە نیگەرانییەكانی كەم بكەیتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەم ماوەیە كاركردن بە گرووپ چانسی سەركەوتنت زیاتر دەكات، پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەكانت هاوڕێیانەیە، هەموان ستایشی توانا و لێهاتوییەكانت دەكەن، ئەم ماوەیە ماندویت، لەبیرت بێت زۆرجار هاتنە دەرەوە لەرێگایەك باشترە لەوەی بەرپرسیارێتی هەمو شتێك هەڵبگریت.

## بۆ زانیاریت

# بیبەری توون



کاپسایسین ئەو تێکەڵەیە کە لە بیبەری چیلیدا دۆزراوەتەوە، دەبێتە هۆی هەستکردن بە سووتان کە کاتێك شتێکی تیژ دەخۆیت هەستی پێ دەکەیت. لێرەدا سێ سوودی تەندروستی سەلمێنراوە بۆ خواردنە تیژەکان، کە واتلیدەکات دەست بکەیت بە زیادکردنیان لە ژەمەکانتدا:

**١- یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی کێشی لەشدا:**


أ. میتابۆلیك زیاد دەکات: (دابەزاندنی کێش کاتێك ڕوودەدات کە وزەی زیاتر دەسووتێیت بەراورد بەو خواردنەی خواردووتە، بۆیە زیادبوونی ڕێژەی میتابۆلیك ئەگەری دابەزاندنی کێش زیاتر دەکات.

ب. کەمبوونەوەی برسێتی: توێژەران پێیان وایە کە کاپسایسین لەوانەیە لەسەر هیپۆتالامۆس کار بکات، واتا ئەو بەشەی مێشك کە بەرپرسیارە لە ناردنی نیشانەکانی برسێتی و تێربوون.

ج. سووتاندنی چەوری: بەڵگە هەیە کە کاپسایسین دروستکردنی خانە چەورییە نوێکان کەم دەکاتەوە و، تێکشکانی خانە چەوریەکانی ئێستا زیاد دەکات، چەوری کەمتر خەزن دەکرێت لە لەشتدا کە یەکسانە بە دابەزینی کێشت بە گشتی.


**٢- پشتگیریی تەندروستیی گشتی دەکات:** کاپسایسین وەك دژە هەوکردن و دژە ئۆکسیدان لە لەشدا کار دەکات، توێژینەوە دەریخستووە ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك خواردنی تیژ دەخۆن، کەمتر تووشی نەخۆشی درێژخایەن دەبن، وەك نەخۆشیی دڵ و شەکرەی جۆری دوو و شێرپەنجە.

**٣- پشتگیریی دۆخت mood دەکات:** ئەو هەستە سووتانەی بەهۆی خواردنی تیژەوە دروست دەبێت،لە سیستەمی دەماریدا دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی ئازار و مێشك، بۆیە بەرپەرچی ئەو ئازارە دەداتەوە، ئەمەش هەستێکی باشت پێ دەبەخشێت.



## پەند و وتە

پاوڵۆ کۆیلۆ دی ساوزە، ڕۆماننووس و نووسەری بەرازیلی، لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری ریۆدی جانێرۆ لە بەرازیل لە دایکبووە و، تا ئێستا لە ژیاندا ماوە، دەربارەی ئەوەی چۆن بە سەرکەوتوویی و دڵخۆشی بژین دەڵێت: «ئەگەر دەتەوێت لە ژیاندا سەرکەوتوو بیت و بە دڵخۆشی بژیت، پێویستە ڕێز لە بنچینەیەك بگریت، کە ئەویش ئەوەیە درۆ لەگەڵ خۆت مەکە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا پیاوێکی بەتەمەن دەردەکەوێت، هەروەها کەسی دیکەش هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەکدا بیاندۆزیتەوە.

# یاسا



سزای فرە ژنی، هاوسەرگیری زیاتر (تعدد) لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا.

- ئەمریکا سێ ساڵ و پێبژاردن.
- بەریتانیا حەوت ساڵ و پێبژاردن.
- فەرەنسا ساڵێك زیندانی و پێبژاردن.
- ئەڵمانیا سێ ساڵ زیندانی و پێبژاردن.
- کەنەدا حەوت ساڵ زیندان و پێبژاردن و، بۆ جاری دووەم ١٤ ساڵ و پێبژاردن.
- سوید ساڵێك زیندان و پێبژاردن.

هەرێمی کوردستان شەش مانگ بەندکردن و ده ملیۆن پێبژاردن.

لە وڵاتانی تریش وەکو هیندستان و چین و ڤێتنام و یابان و کۆریا و ...هتد هەر هەمان شتە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەڕوی پیشەییەوە ڕووبەڕووی دۆخێکی کەمێك سەخت دەبیتەوە، وا باشترە بیرت فراوان بکەیت و لە چوارچێوەیەکی بچوکدا بیر نەکەیتەوە، لە دوورەوە بە دوای چارەسەرەکاندا بگەڕێ، لە ئێستادا بەرچاوت بە تەواوی ڕوونە و دەتوانیت بڕیار لەسەر بابەتە چارەنووسسازەکان بدەیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ڕووی پیشەییەوە کارەکانت بە باشی دەڕۆن بەڕێوە، ئەو گرفتانەی جارانت چارەسەر دەبن، زیاتر ئاسوودە دەبیت لەگەڵ پیشەکەت، لەڕوی سۆزدارییەوە پێویستت بە گۆڕانکارییە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانتدا، بەم شێوەیە دەتوانیت پارێزگاری لە پەیوەندیی سۆزداریت بکەیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕێگە مەدە وشە نەرێنییەکانی هاوپیشەکانت کاریگەریی نەرێنی لەسەر کارەکەت دروست بکات، ئەم ماوەیە بە شێوەیەك بیر دەکەیتەوە کە هەست دەکەیت کەسانی دیکە لێت تێناگەن، باشترە لەبری ئەوەی بەو شێوەیە بیر دەکەیتەوە، هەوڵ بدەیت خۆت لە خۆت تێبگەیت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

خەونەکانت دەبنە ڕاستی، ئەگەر دەستبەرداریان نەبیت، ئەم ڕۆژانە بە تەواوی ماندویت و پێویستت بە پشویەکی درێژ هەیە، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر لە بەرپرسیارێتی دوور بکەویتەوە بۆ پشو وەرگرتن، بەهۆی لێهاتوییتەوە ئاسان چارەسەری گرفتەکان دەکەیت.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لە ڕووی پیشەییەوە هەمو شتێك بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا دەڕوات، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەورە دراویت بە کۆمەڵێك لە کەسانی میهرەبان و دڵسۆز، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر دەرونت هەیە، ئەو پەیوەندیینە بپارێزە و گرنگیی زیاتر بە کەسە دڵسۆزەکان بدە.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

گرفتی زۆرت بۆ دوست دەبێت، هەروەها چارەسەرەکان ئاسان نابن، وریابە لەوەی هێندە لۆمەی هاوڕێ، یان خۆشەویستەکەت مەکە و لایەنی پیشەییت تێکەڵ بە ژیانی تایبەتیت مەکە، ئێستا کاتێکی باشە بۆئەوەی چاوێك بە ژیانتدا بخشێنیتەوە و بیر لە کەسە گرنگەکانی ژیانت بکەیتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan August 8, 2022 Issue,No.1327


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT,
Croporation Computerizing and Implementation of
Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626